# گوڵان

ساڵی سییەم (١٣٦٤)- (١٥)ی ئایاری ٢٠٢٣

## فیکر و باوەڕی بارزان چەترێك بۆ كۆكردنەوەی هەمووان

بارزان لە سەرووی حزبایەتیی تەسك و ئایدیۆلۆژیایەكی موعەیەنە






# سەردانی دهۆک

# گوێگرتن لە کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیان

٦٥

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٨-دا گازندە و گلەییەکی زۆرم لەسەر بارودۆخی دهۆک بۆ دەهات. بە مەبەستی ئاگاداربوون لە بارودۆخی دهۆک و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ جەماوەر و هەڤاڵان و چین و توێژە جیا جیاکان بڕیارمدا سەردانی دهۆک بکەم. لە ماوەی ٢٣ی کانوونی دووەم هەتا ٧ی شوبات ١٩٩٩ لە شاری دهۆک مامەوە. لەو ماوەیەدا چاوم لە بەهەموو چین و توێژ و بەرپرس و نوێنەری دامودەزگا حیزبی و سەربازی و حکوومی و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و سەندیکا و کەسایەتی و هۆزەکان و کاسبکارانی بازاڕ و خاوەنپیشەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکان کەوت. دوای گوێگرتن لە ڕا و سەرنجی جەماوەر و هەڤاڵان و چین و توێژەکان بەڕوونی بۆم دەرکەوت کە بەڵێ ڕاستە، کێشە و گیروگرفت لە دهۆک هەیە، بەڵام سەرباری هەموو ئەو کێشە و گیرگرفتانەش، جەماوەر ئامادە نین پارتی بەخەڵکی تر بگۆڕنەوە. دوای سەردانەکەمان بۆ دهۆک، بە مەبەستی گوێگرتن لە هەڤاڵان و جەماوەرەکەمان لە هەولێر هەمان جۆرە کۆبوونەوە و سەردان و چاوپێکەوتن لە هەولێریش بەڕێوە چوو. ڕا و بۆچوون و کێشەکان نزیک بوون لە هەمان کێشەکانی دهۆک و بۆچوونی جەماوەریش بە گشتی لەسەر هەمان گیروگرفتەکان بوون. دوای وەرگرتنی بۆچوونی جەماوەر و چین و توێژەکان و هەڤاڵان و پێکهاتە جیا جیاکان بە بەرژەوەندم زانی کە چارەسەری بنەڕەتی و دروستی کێشەکان لە کۆنگرەدا بکرێت، نەک پینەوپەڕۆیان بۆ بکرێت. بۆیە ڕۆژی ١٤ی ئازاری ١٩٩٩ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بڕیارمان‌دا کە بەر لە کۆتایی ساڵ کۆنگرە ببەسترێت.




کۆباسەکانی یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە ناونیشانی کتێبێکدا بە ناوی (پرسی ئینتیما و گرفتەکانی نیشتمانسازی لە هەرێمی کوردستان)دا کۆکراونەتەوە، ئەم کتێبە کە لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدینە، لە دووتوێی (٦٦٠) لاپەرەی قەبارە گەورەدا، (پ.د. قادر محەمەد حەسەن، پ.ی. م.هەردەوان مەحموود کاکە شێخ، م. هاوکار کەریم حەمە شەریف) ئامادەیان کردووە.


ئینتیما هەستێکی خودیی ڕەسەنە لە تاکدا، پەیبردن بەم هەستە و نەشونماکردنی پەیوەستە بە تێکەڵبوون و کارلێککردنی تاک بە گرووپ و کۆمەڵگەوە، کە بەهۆیەوە بۆی دەردەکەوێت ئەو بەشێکە لەو نیشتمانەی تێیدا لە دایکبووە، لەم بوارەشدا چەندین ئامرازی وەك: زمان و مێژوو خوو و نەریت و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، وابەستەی خاك و خەڵك و جڤاکی دەکەن. گەلی کوردستانیش وەك زۆر لە گەلانی ناوچەکە، چەندین گوشار و کێشەی فرە ڕەهەندیان لە ئالی ئینتیما و نیشتمانسازی هەیە، کە جێی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەر کردنە، لەسەر ئەکادیمییانی پێویست کردووە کە بە شێوەیەکی زانستیانە بەدواداچوون، بۆ دۆخی ڕاستەقینەی ئینتیما و هەستی هاووڵاتیبوون بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و چارەسەرکردنی ئەو ئالنگارییانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ڕووی هەستی هاووڵاتیبوون و ئینتیمای ڕاستەقینە، بکەن.

ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە لە یادی پەنجا ساڵەی (یۆبیلی زێڕین)ی دامەزراندنی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدیندا، لە یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی خۆیدا، شانازی بەوە کردووە کە پرسی ئینتیما و نیشتمانسازی و گرفتەکانی دڵسۆزی و هاووڵاتیبوون بکاتە مژاری لێکۆڵینەوەی زانستی. ئامانجەکانی سەرەکیی ئەو کۆنفرانسەش بریتی بوون لە لێکۆڵینەوە لە دۆخی ڕاستەقینەی هەستی ئینتیمای تاکی کوردستانی و ئاستی هەستی هاووڵاتیبوون و نیشتمانپەروەری، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو ئاستەنگانەی کە ڕێگرن لە گەشەکردنی ئەم هەستە، ئەمە وێڕای گەڕان بەدوای چارەسەری گونجاو بۆ لاوازیی ئینتیماویستی و نیشتمانسازی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

دەستخۆشی لەم کۆمەڵە مامۆستا و توێژەرانە دەکەین کە لە ئامادەکردن و نووسینی بابەتەکانی ئەم کۆنفرانسەدا ماندووبوون و جێ پەنجەیان دیارە.. بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ





لەم ماوەیەدا دوو کتێبی نووسەر(هاشم جەباری) چاپکران و کەوتنە بەر دیدی خوێنەرانەوە. کتێبی یەکەم بە ناوی (وتارەکانم) لە دووتوێی (٣٦٦) لاپەڕەی قەبارە گەورەیە کە ئەم بەرهەمە کۆکراوەی دەیان وتارو بابەتی هەمەجۆرن کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، نووسەر سەرەتا لەساڵی ١٩٦٧ بە شیعر یان چیرۆك یان پەخشان دەستی بە نووسین کردووە و بڵاوی کردوونەتەوە، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکانەوە تا ئەم دواییەش، جگە لە شیعر، بابەتی وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریشی بڵاوکردووەتەوە، ئەم کۆبەرهەمە لە(٦١) بابەتی هەڵبژێردراوی نێو ئەو وتارو کورتە چیرۆکانە پێکهاتووە.

کتێبی دووەمی نووسەر(هاشم جەباری) کتێبێکی قەبارە گەورەی(٣٣٤)لاپەڕەیە، بەناوی(دیدارو یاداشت) ئەم کتێبەش کۆکراوەی ئەرشیفەکانی نووسین وێنەکانییەتی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وەك خۆیان بێ دەستکاری، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هەرچەندە بابەتگەلێك لەناو هەمان بازنەدا دەخولێنەوە بەتایبەتیش دیدارە ڕۆژنامەگەرییەکانی کە هەمان پرسیار دەربارەی ژیان و بەرهەم و کاری تەلەفزیۆنیی ئەو لەخۆ دەگرن، پتر لە (٣٠) لاپەڕەی بۆ سوپاسنامەو ڕێزلێنانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەکان بە کوردی و عەرەبی تەرخان کردووە. دوای ئەوە تا کۆتایی کتێبەکە دەیان وێنەی هەمەجۆری سەردەمی لاوێتی و کاری ڕاگەیاندنی بڵاوکردووەتەوە.

هاشم جەباری ڕاگەیاندکارێکی دێرین و ناسراوە، لە پێشەنگانی بێژەر ومیدیاکاری تەلەفزیۆنی کوردییە، شوێن پەنجەی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا دیار و بەرچاوە، ئەم دوو کتێبە هاوکارمان(لوقمان ڕەشیدی) کاری گرافیك و دیزاینی لە ئەستۆ گرتووە، دانەیەك لەم دوو کتێبانە پێشکەش بە (گوڵان) کراوە، سوپاسی دەکەین و بە هیوای بەرهەم و سەرکەوتنی بەردەوام.




چاپی یەکەمی کتێبی هۆنراوەی (کوردستانی ماد کورد خاوەنی دۆزی مادە) لە نووسینی شاعیر (غالب حەساری) بە (١٧٤) لاپەڕە کەوتە بەردەستی شاعیر و نووسەرو خوێنەرانەوە.

هەروەك نووسەر ئاماژەی پێ دەکات، ئەم بەرهەمە ناونیشانێکی پڕ لە خەمی قووڵ و بڕوایەکی بەرزە، کە ڕاگوزارێکی خێرا بە پەڕەکانی مێژووی بەردنووس و شوێنەواری دێرینی نەتەوەی کورددا دەکەین، هەر زۆر زوو دەگەینە ئەو ئەنجامە پیرۆزەی دیرۆکی نەتەوەکەمان لە سەردەمی ئیمپراتۆری ماد، چ شانازی و پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە دیبوو، چ شارستانییەتێکی بەرزی بونیاتنابوو لە جوگرافیای بەرفراوان بۆ سەدان ساڵ پێشڕەوایەتیی مرۆڤایەتی و، بگرە گەردوونیشی کردووەتە خەمی قووڵ بۆ پیرۆزیی دایکە نیشتمانی پارچەپارچەکراو، ئەوەیە لەژێر پێ وشمشێری داگیرکەردا جەستەی شەقارشەقاری خوێنی لێ دەچۆڕێت، دەبێ ڕۆڵە ئەمەکدار و وەفادارەکانی گەلی کورد خەمی گێڕانەوەی شکۆمەندی و سەروەرییان بێت بۆ دایکە نیشتمانی پیرۆز.

شاعیر غالب حەساری لە کۆپلەیەکی شیعر تایبەت بە کوردستانی ماددا بەم شێوەیە هەستی خۆی بۆ کوردستان و مێژووی ماد بۆ خوێنەران دەخاتە ڕوو:

**کوردستان هەڵدەستێتەوە وەك مێژووی ئیمپراتۆری ماد**
**مێژووی نەورۆزی پرشنگدار ناسڕێتەوە ناچێ لە یاد**
**وەك دیرۆکی(لۆلۆ و گۆتی)بەرزو شەکاوە بێ ئاڵا**
**(دەوڵەتی کوردستانی ماد) دادەمەزرێ و دەنرێ بونیاد**
**پێگەی ئابووری بەهێزکەین بچەسپێنین لە ناوخۆو جیهان**
**بە هاوپەیمانیی دۆستانمان لەسەر زۆر دەبین بە ئوستاد**

دەستخۆشی لە شاعیری بەرگری و بەرەنگاری غالب حەساری دەکەین، بۆ ئەم بەرهەمە جوانە، هیوای سەکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دخوازین.

سەفین دزەیی :



پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندیی هەرێمێکی فیدراڵی فراوانترە

ڕێبوار تاڵەبانی :



ئەو بڕە پارەیەی بۆ ماددەی ١٤٠ دانراوە جگە لەوەی زۆر کەمە، ئەو پرۆسە گەورەیەی پێ جێبەجێ ناکرێت

دکتۆر هەڤاڵ سدیق ئیسماعیل :



بەم نزیکانە ناوی ئەو کەسانە ڕادەگەیەندرێت کە سوودمەند نەبوون و یەکەکانی نیشتەجێبوونی کرێچی و کەمدەرامەت دەیانگرێتەوە

عیسا فەیلی :



کوردانی فەیلی نەتەوەی خۆیان خۆش دەوێت و ڕێگە نادەن مۆرک و ناسنامەی کوردبوونیان کاڵ بکرێتەوە





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

مەحما خەلیل :

**جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال زەمانەتی گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و ئاساییبوونەوەی دۆخەکەیە**



ئاڤان ئاوات :

**کۆمەڵێک ئافرەتی بەتوانا و لێهاتوو لەسەر دەستی من تێکەڵ بە بازاڕی کار بوون**



**هەوکردنی پەردەکانی مێشک**




**درۆنێکی تایبەت بە بواری بەرهەمهێنانی فیلم**



شاناز جەمال :

**ئامانجی من زیندوو هێشتنەوەی کەلتووری کوردییە**



مەروە ساجد :

**بە کچان دەڵێم باوەڕتان بەخۆتان هەبێت و بەهێز بن و وەرزش بکەن**





# فیکر و باوەڕی بارزان

## چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەمووان



«ئەم حزوورە گەورەیە دەلیلی ئەوەیە کە بارزان لە سەرووی حزبایەتیی تەسك و ئایدیۆلۆژیایەکی موعەیەنە، من ئەمە بە دەرفەت دەزانم، لێرەوە بانگەوازێکی دڵسۆزانە ئاراستەی هەموو لایەنەکانی هەرێمی کوردستان بکەم، هەموو حزب و لایەنەکان، کە لاپەڕەیەکی نوێ بکەنەوە، داواکارم هەرچی زووتر، کۆبوونەوەیەکی فراوان بکرێت، پێش ١٨ی ئەم مانگە، بۆ ئەوەی دڵسۆزانە و بەرپرسیارانە و کوردستانییانە، باسی هەموو گیروگرفتەکان بکرێ و چارەسەریان بکەن. پێشی ئەو کۆبوونەوەیە، داوا دەکەم، بە تایبەتی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی دانیشن، ئەو تەمومژە نەهێڵن و زەمینەسازی بکەن بۆ ئەو کۆبوونەوە بەرفراوانە.

نابێ چیتر خەریکی یەکترشکاندن بن، دەرفەتێکی باش هاتووەتە پێش، بە دژایەتیی یەکتری کەس هیچی دەست ناکەوێت، دەبوایە عیبرەت لە ڕاپەڕین وەربگرین، حەفتا ساڵ، ئەو هەموو خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان و خوێنە، نەمانتوانی ئەوەی بە حەفت ڕۆژ ئەنجام درا، کاتێك کە هەموو میللەتەکە بوو بە یەك، موعجیزەئاسا دروست بوو.»

سەرۆك بارزانی - ١١ی ئایاری ٢٠٢٣

**سەرۆک بارزانی مەبەستی بوو ئەوە بە ئامادەبووان ڕابگەیەنێت، کە فیکر و باوەڕی «بارزان» چوارچێوەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو زوڵم و زۆرداریيەک و دووبارە پێناسەکردنەوەی کەرامەتی مرۆڤە بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە**

ڕۆژی ١١ی ئایاری ٢٠٢٣ لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی «مۆزەخانەی نیشتمانیی بارزانی»دا، سەرۆك مسعود بارزانی وتارێکی مێژوویی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و، ئاماژەی بەوە کرد کە «فیکر و باوەڕی بارزان» مانای ئەوە نییە هەر کەسێك لە ناوچەی بارزان بێت، لەسەر ئەم ڕێبازەیە، بەڵکو ئەم ڕێبازە فراوانتر و گەورەترە لەوە و هەر کەسێك بڕوای بەم بنەمایانە هەبێت، دەتوانین بڵێین پەیڕەوی ڕێبازی بارزانە، ئەوانیش بریتین لە:

- خودا پەرستی و خواداناسی.
- مرۆڤدۆستی.
- دین ڕەوشتە.
- لە مرۆڤایەتیدا هەموومان برای یەکترین.

کۆمەڵگەیەکە کە ڕێز لە هەموو بەهاکانی ئەو خاکە بگیرێت، بە پاراستنی ژینگە و مافی ئەو گیانەوەرانەشی کە لەناو ئەو ژینگەیە دەژین، ئەمەش مانای ئەوەیە فیکر و باوەڕی بارزان تەنیا تایبەت نییە بەو خەڵکانەی لە ناوچەی بارزان دەژین، یان بۆ نموونە سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراون وەك «کورد»، بەڵکو فیکر و باوەڕی بارزان، ڕێبازێکە بۆ برایەتی و ڕێزگرتن لە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان و، پیادەکردنی ئەم فیکر و باوەڕەش، خۆڕاگری و ئیرادەی خێر بەرهەم دەهێنێت، هەروەك چۆن شیخ ئەحمەدی بارزانی ماوەی ١٢ ساڵ لە زیندان قەید و زنجیری لە دەست بوو و، داوایان لێ کرد، کە



**فیکر و باوەڕی بارزان، ڕێبازێکە بۆ برایەتی و ڕێزگرتن لە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان**

- دین و نیشتمان لە یەکتری جیا ناکرێنەوە.
- تێکۆشان لە دژی زۆرداران فەرزە.
- ژینگەپارێزی پێویستە.
- مافی ئافرەتان دەبێ پارێزراو بێت و قەدەغەی کرد بەشوودانی کچان بە زۆر و ژن بە ژنێ، یان بەشوودانی بە نەخت.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە بە سەدان کەسایەتی و سیاسەتمەداری کوردستانی و عێراقی و بیانی ئامادە بوون و، وتارەکە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی وەردەگێڕدرا، سەرۆك بارزانی مەبەستی بوو ئەوە بە ئامادەبووان ڕابگەیەنێت، کە فیکر و باوەڕی «بارزان» چوارچێوەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو زوڵم و زۆرداریيەك و دووبارە پێناسەکردنەوەی کەرامەتی مرۆڤە بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە، هەروەها بونیادنانی

نامەیەك بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق، یان پادشای عێراق بنووسێت، بەڵام شێخ ئەحمەد ئەم داوایەی ڕەت کردەوە و پێی گوتبوون: «من هیچم نەکردووە و ئێوە غەدرتان لە ئێمە کردووە، بۆیە من داوای لێخۆشبوون لە ئێوە ناکەم، بەڵکو داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم و لە ئێوەی ناکەم».

ئەم باکگراوەندە کورتەی سەرۆك بارزانی لە وتارەکەیدا پێشکەشی ئامادەبووانی کرد، مەبەستی ئەوە بوو کە بە هەموو ئامادەبووان ڕابگەیەنێت کە مستەفا بارزانی وەك شێخ عەبدولسەلامی بارزانیی یەکەم و دووەم و هەروەها وەك شێخ ئەحمەد بارزانی، پەروەردەی ئەو فیکر و باوەڕیە و، لە پیادەکردنی ئەو فیکر و باوەڕەوە پەروەردگار هیدایەتی داوە و، خۆڕاگری و ئیرادەی خێری پێ بەخشیوە، ئەم خۆڕاگری و ئیرادەی خێرەش لەو ڕێڕەوە مێژووییەی

مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی بەرجەستە بووە، کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان توانییان زیاتر لە ٧٠٠ کیلۆمەتر بە پێی ببڕن و بگەنە خاکی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان. هەروەها لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا کە بارزانی مستەفا بە هەمان فیکر و باوەڕەوە سەرکردایەتیی شۆڕشەکەی کرد، توانی گیانی تەبایی و برایەتی لە نێوان تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان پتەو بکات و، لە ناو سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولدا جێگەیان بکاتەوە، لەمەش زیاتر هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی خۆڕاگری و مقاوەمەتی گەلی کوردستان دژی ڕژێمە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراق نەبێت بە شەڕی نێوان «کورد و عەرەب» و تەنانەت ئامۆژگاری بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەو جۆرە بوو، کە بۆ بەرگری لە خۆکردن نەبێت، هێرش نەکەنە سەر سەربازانی عێراق و ئەوانیشی وەك کوڕی خۆی سەیر دەکرد.

لە ناو ئەم پەیڤانەی سەرۆك بارزانی لە کردنەوەی «مۆزەخانەی نیشتمانیی بارزانی»دا پێشکەشی کرد، ئەوەی پێ گوتین: «ئەم مۆزەخانەیە تەنیا بۆ بەرزڕاگرتنی خەبات و تێکۆشانی کەسێك نییە کە ناوی «مستەفا بارزانی»یە، بەڵکو بۆ بە زیندووڕاگرتنی ئەو فیکر و باوەڕەیە کە ناوی «فیکر و باوەڕی بارزانە»، ئەمەش مانای ئەوە نییە، هەر کەسێك خەڵکی ناوچەی بارزان بێت، دەتوانێت هەڵگری ئەو فیکر و باوەڕە بێت، بە پێچەوانەوە فیکر و باوەڕی بارزان، بەهاکانی مرۆڤایەتین و هەر کەسێك ئەوجا سەر بە هەر ئایین و نەتەوەیەکیش بێت، ئەگەر بڕوای بە بەهەا مرۆڤایەتییەکانی ئەم فیکر و باوەڕە هەبێت، دەتوانین بڵێین پەیڕەوکاری فیکر و ڕێبازی بارزانە.

## ● ئاشتی و تەبایی و یەکڕیزی وەك پرانسیپێکی نەگۆڕی فیکر و باوەڕی بارزان

مستەفا بارزانی فیکر و باوەڕی بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە هەموو کوردستان پیادە کرد و لەسەر ئاستی پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەبیش ڕایگەیاند کە شەڕی ئێمە لەگەڵ عەرەب نییە و شەڕی ئێمە لەگەڵ ڕژێمێکی زاڵمە، ئەوجا ئەو ڕژێمە عەرەبی بێت یان کورد، ئەمەش بەو مانایەی شۆڕشی کوردستان تا ئەو کاتە پەنای بۆ چەك و مقاوەمەت بردووە، کە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق نکوڵییان لە مافەکانی گەلی کوردستان کردووە و، هەر کاتێك نییەتێکی باش هەبووبێت، بۆ ئەوەی کێشەکانی گەلی کوردستان بە دانوستاندن و دیالۆگ چارەسەر بکرێت، ئەوا مستەفا بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانە بوون، هەر لەم چوارچێوەیەشدا ڕێککەوتنی مێژوویی ئادار لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتی عێراق واژۆ کرا.

لەم چوارچێوەیەدا سەرۆك بارزانی دەستخۆشی لە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی عێراق کرد، کە زۆر جوامێرانە پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەی کە هاوپەیمانی بەرێوەبردنی دەوڵەت لە کۆتایی پار لەسەری ڕێککەوتن و ئیمزایان لەسەر کردووە، ئاماژەشی بەوە کرد، ئێستا دۆخێکی باش لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە و ئەوە سەلمێندرا ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێز هەبێت و نییەتی پاك هەبێت، هیچ گرفتێك نییە قابیلی چارەسەر نەبێت.

سەبارەت بە ڕەوشی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش، سەرۆك بارزانی پەیامێکی مێژوویی گرنگی ڕاگەیاند و، داوای لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد، پێش ١٨ی ئایاری ٢٠٢٣ کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام بدەن، هەروەها داوای لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کرد، پێش ئەو بەرواره کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و زەمینە بۆ ئەو کۆبوونەوە فراوانە فەراهەم بکەن.

ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی کە دووبارە پیادەکردنەوەی فیکر و باوەڕی بارزانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و، هەروەها بۆ دووبارە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان و دووبارە ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردستان و دروستکردنی یەکڕیزی و تەبایی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، ئەوەی بۆ سەلماندین کە فیکر و باوەڕی بارزان لە سەرووی هەموو ئایدیۆلۆژیەتێك و بیرکردنەوەیەکی تەسکی حزبایەتیەوەیە و، پرانسیپێکە بۆ ئاشتی و تەبایی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان هەموو نەتەوە و ئایین و بیر و بۆچوونە جیاوازەکاندا.

پێشوازیی گەرمی سەرجەم هاووڵاتیان و تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پەیامە گرنگ و مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی گەشبینییەکی گەورەی بۆ تەبایی و یەکڕیزی و ئایندەی گەشی هەرێمی کوردستان لای هەر هاونیشتمانییەك دروست کردووە.

**مستەفا بارزانی وەک شێخ عەبدولسەلامی بارزانیی یەکەم و دووەم و هەروەها وەک شێخ ئەحمەد بارزانی، پەروەردەی ئەو فیکر و باوەڕەیە و، لە پیادەکردنی ئەو فیکر و باوەڕەوە پەروەردگار هیدایەتی داوە و، خۆڕاگری و ئیرادەی خێری پێ بەخشیوە**

**مستەفا بارزانی فیکر و باوەڕی بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە هەموو کوردستان پیادە کرد و لەسەر ئاستی پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەبیش ڕایگەیاند کە شەڕی ئێمە لەگەڵ عەرەب نییە**

**شۆڕشی کوردستان تا ئەو کاتە پەنای بۆ چەک و مقاوەمەت بردووە، کە حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق نکوڵییان لە مافەکانی گەلی کوردستان کردووە**

**پێشوازیی گەرمی سەرجەم هاووڵاتیان و تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پەیامە گرنگ و مێژووییەکەی سەرۆک بارزانی گەشبینییەکی گەورەی بۆ تەبایی و یەکڕیزی و ئایندەی گەشی هەرێمی کوردستان لای هەر هاونیشتمانییەک دروست کردووە**

# یادێک لە پەیوەندییەکانی مەلا مستەفای بارزانی و مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس - گەڵاڵە..

## لەگەڵ سەرنجێک لە ئاستی بایەخدان و ڕێزی مەلا مستەفا بارزانی بۆ زانایانی ئایینی

مەلا مستەفای بارزانی، وەك مەلایەکی وڵاتدۆست و پەروەردەی ماڵباتێکی ئایینی، هەرگیز چەرخە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژگار ئەو کاریگەرییەی لەسەر دروست نەکردووە، بیر لە گۆڕینی هزر و پەروەردەی ڕەسەنی ئایینی ونیشتمانیی بنەماڵەی خۆی بکاتەوە، تەنانەت کاتێکیش دەگاتە یەکێتی سۆڤیێتی جاران — لە کاتێکدا ئەودەم هەژموونی بیری کۆمۆنیستی سەراپای جیهانی ڕۆژهەڵاتی گرتبوویەوە-، بەڵام ئەمە کەمترین کاریگەری لەسەر فکری ڕێبەرێکی کارێزمای وەك مەلا مستەفا دروست ناکات، کاتێکیش دەگەڕێتەوە کوردستان بە هەمان نەفەسی ڕەسەنی ئایینیی کوردەواری و نەتەوەپەروەریی خۆی دەست بە تێکۆشان دەکاتەوە، لە شۆڕشەکەشیدا شکۆی زانایانی ئایینی خۆمانە دەخاتە سەرووی هەموو متمانە و ڕێز و بایەخێکەوە، لەم بەرکوڵە کورت و پوختەدا، باسێك لە پەیوەندییەکانی (مەلا مستەفای بارزانی) و زانای ناسراوی ئەو کاتەی کوردستان (مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس - گەڵاڵە) دەکەین، لەگەڵ ئاستی بایەخدان و ڕێزی مەلا مستەفا بۆ زانایانی ئایینی.

مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس، ساڵی (١٩٠٣ ز) لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە، ساڵی (١٩٢٨ ز) لە خزمەت مامۆستا شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی لە شاری سلێمانی، ئیجازەی عیلمی - مەلایەتی وەرگرتووە، پاشان نزیکەی پەنجا ساڵ مەلا و مودەڕیسی ئاوایی (گەڵاڵە) بووە لە ناوچەی شینکایەتیلە باشووری کوردستان، مامۆستا نووسراو و پەڕتووکی زۆری هەن، لەوانە وەرگێڕان و تەفسیری هەموو قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی، و چەندین بەرهەمی دی.

مامۆستای ڕەئیس لە ماوەی ژیانیدا زیاتر لە هەشتا فەقێ لە خزمەتیدا ئیجازەی عیلمی — مەلایەتییان وەرگرتووە، لەوانە: د. مستەفا زەڵمی، مەلا سەعیدی زمناکۆیی، مامۆستا عەلائەدین سەجادی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە — سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دواجار مامۆستای گەڵاڵە ساڵی (١٩٧٩ ز) ژیانئاوایی کردووە.

(مەلا مەحموودی گەڵاڵەیی) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە سەرەتای شەستەکاندا بوو، تازە

**بارزانی ڕووی کردە پیاوماقووڵانی گەڵاڵە وخەڵکی مەجلیس و گوتی: شانازییە بۆ ئێوە کە زاتێکی ئاوا پیرۆز (مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس - گەڵاڵە) مەلاتانە و ڕابەرایەتیتان دەکات**



د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا

بۆ گوڵان نووسیویەتی


شۆڕشی ئەیلوول هەڵایسابوو، هەواڵ هات مەلا مستەفای بارزانی، (گۆڕی پڕ نوور بێت) بە خۆی و ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەوە بەڕێوەیە بۆ سەردانی (گەلاڵە) و لەوانەیە بۆ شەو بگاتە جێ. جا بەم بۆنەیەوە (حاجی ماموستا مەلا محەمەدی ڕەئیس - گەلاڵە) پێی فەرمووم: بچۆرە فلان شوێن (سیلەڕێ). کە (مەلا مستەفا) دەرکەوت، خێرا وەرەوە پێمان بڵێ: بۆ ئەوەی خۆم و ژمارەیەك لە پیاوماقووڵانی گەلاڵە ئامادە بین بۆ پێشوازیکردنی، منیش چووم و وەك پێم گوترابوو، چاودێری ڕێگاکەم کرد، لەو کاتەشدا چەند پێشمەرگەی بارزانی پێشتر هاتبوونە ناو دێ و چاوەڕێی گەیشتنی کاروانەکەیان دەکرد، کە ئەو دەمەیش گەڕان زۆربەی بە پیادە بوو. لە جیاتی ئۆتۆمبێل، تا کات گەیشتە دوای عەسرێکی درەنگ. لە دوورەوە بینیم، دیمەنی کاروانی بارزانی و پێشمەرگەکانی دەرکەوت. هاتمەوە و هەواڵم بە (حاجی مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس) دا، ئیدی مامۆستا خۆی و پیاوانی ماقووڵی ئاوایی تەشریفیان هێنا لە دەرەوەی گوند بۆ پێشوازی لە بارزانی و هاوەڵانی وەستان، دوای بەخێرهێنان، میوانەکان بەرەو ماڵ و دیوەخانی (حاجی حەمە ئاغای گەلاڵە) بەڕێ کەوتن، مامۆستا و فەقێکانیش هاتنەوە بۆ مزگەوت.

بانگی مەغریب درا. دوای نوێژ و نانی ئێوارە مامۆستا و دەستەیەك لە پیاوماقووڵان و فەقێکان چوون بۆ سەردانی (مەلا مستەفا) لە شوێنی حەوانەوەی. لە مەجلیسەکەدا (مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس) زۆر زانایانە کەوتە قسە ء باس لە هەموو زانستەکان بە مێژوو و جوگرافیاشەوە، تا ئامۆژگاری و شێوەی سیاسەت و ئیدارە و دەوڵەتداری. زیاتر لە نیو کاتژمێر لەم بارەیەوە بێ وەستان قسەی کرد، مەلا مستەفا بە وردی گوێی بۆ ڕاگرتبوو. زۆر تەماشای ڕوخساری نوورانیی مامۆستای دەکرد! زۆری پێ موعجیب بوو، تا دوای کۆتاییهاتنی قسەکانی. مەلا مستەفا پێی وت: ناوی جەنابت؟ فەرمووی: مەلا محەمەد.

مەلا مستەفا لێی پرسی: لەکوێ ئیجازەی عیلمیت وەرگرتووە؟ فەرمووی: لە خزمەت زانای فەرزانە مامۆستا شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی لە سلێمانی.

**نووسەری پەڕتووکی (ژیاننامەی مەلای گەلاڵە) نووسیویەتی و دەڵێت: ئەگەر هەموو پەڕتووکەکانی زانستەکانی شەریعەت لەناو بچوونایە. ئەوا مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس سەرلەنوێ و وەک خۆی دەینووسینەوە**

چەند ساڵە لەم ئاواییە مەلا ومودەڕیسی؟
فەرمووی: زیاتر لە چل ساڵە!
ئەمە یەکەم دیداری (مەلا مستەفای بارزانی) و (مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس - گەڵاڵە) بوو. ئینجا مەلا مستەفا ڕووی کردە مامۆستا و گوتی: سوپاس بۆ خوا کە ئێستا لە کوردستان مەلای ئاوامان هەیە، ئینجا بارزانی ڕووی کردە پیاوماقوولانی گەڵاڵە وخەڵکی مەجلیس و گوتی: شانازییە بۆ ئێوە کە زاتێکی ئاوا پیرۆز (مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس - گەڵاڵە) مەلاتانە و ڕابەرایەتیتان دەکات، دووبارە سوپاسی خوا دەکەم کە بە خزمەت ئەم زاتە گەیشتم و



مەلا محەمەدی ڕەئیس

سوودم لە ئامۆژگارییەکانی وەرگرت، دیسانەوە زۆریش خۆشحاڵم کە بینیم هێشتا لە کوردستان مەلای ئاوا مەزن و زانا و واقیعی هەیە.
ئینجا لەمەش گرنگتر ئەوەیە لە هەمان مەجلیسدا و وەك ڕێزلێنانێك بۆ گەورەیی (مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس) لە کەسێك خۆش دەبێت کە پوختەی چیرۆکەکەی ئەمەیە: لەو ناوچەیە (مەلا عەبدوڵڵا) ناوێك دەبێت، بە هۆی کێشەکانی ئەو کاتەی باڵی ترازاوی مەکتەبی سیاسییەوە. دەگەڵیان دەکەوێ، و تووشی هەڵەیەکی سیاسی دەبێت، و شۆڕش بڕیاری لەناوبردنی دەدات، بەڵام هانا بۆ (مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس) دەهێنێت، لە هەمان مەجلیسدا مامۆستا بە بارزانی دەڵێت: ئەوە فلان کەسە، و من پێم وتووە نەچێت بەرەو هیچ جێگایەك و بێت، من لای بارزانی داوای بەخشینی دەکەم. دەڵێ: مەلا مستەفا دوای سەرکۆنەکردنی لەسەر ئەو کردەوە ناپاکانە و خراپەی. ئامۆژگارییەکی زۆری دەکات، و بە خاتری مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس دەیبەخشێت. ئەو مەلا عەبدوڵڵایەش لەوەودوا بڕیار دەدات واز لە سیاسەت بهێنێت و لە گوندێك دەست بکاتەوە بە مەلایەتی. کە دەمێك بوو وازی لێ هێنابوو. جا بۆ جارێکی دی کە (مەلا مستەفای بارزانی) ڕێی دەکەوێتەوە (گەڵاڵە) و باسی مەلا عەبدوڵڵا دێتەوە بە ناودا و دەڵێن: ئێستا مەلای یەکێك لەم گوندانەی دەوروبەرە. ڕاستەوخۆ مەلا مستەفا دەڵێت: دەسا وەڵا پێم خۆشە بچم سەردانێکی بکەم و ئاشتیشی بکەمەوە، مادام کەوتووەتەوە سەر ڕێگای ڕاست و خزمەت بە ئایین و نیشتیان، جا ئەوانەی لەوێ دەبن، دەڵێن: قوربان! گوندەکەی مەلا عەبدوڵڵا، (وڵاغلوو) لێرەوە زۆر دوورە، بە لایەنی کەمەوە بە پیادە چوار – پێنج سەعات دەبێ! (جا چوار – پێنج سەعات بۆ کەسێکی مەلادۆستی وەك بارزانی چییە!)، بۆیە لە وەڵامیاندا دەڵێت: هیچ دوور نییە و هەواڵی پێ بدەن بارزانی دێت بۆ دیدارت! بۆیە بۆ ڕۆژی دواتر دەچێتە سەردانی مەلا عەبدوڵڵا و زۆر ستایشی دەکات لە پای ئەوەی ئێستا وەك مەلایەکی نەتەوەپەروەر سەرقاڵی خزمەتی ئایین و نیشتمانەکەیەتی و بە هیچ جۆرێ حیساباتی ڕۆژانی ڕابردووی لەگەڵ باس ناکاتەوە!
نموونەیەکی دیکە کە هەم زانایەتی (مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس) دەردەخات، و هەم مەلادۆستیی (مەلا مستەفای بارزانی):
نووسەری پەڕتووکی (ژیاننامەی مەلای گەڵاڵە) نووسیویەتی و دەڵێت: ئەگەر هەمـوو پەڕتووکەکانی زانستەکانی شەریعەت لەناو بچوونایە. ئەوا مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس سەرلەنوێ و وەك خۆی دەینووسینەوە! و دواتر دەڵێت: لەو سەردەمەدا فەقێیەك – کە دوا وانەکانی مەلایەتی دەخوێند- ناوبانگی زیرەکییەکەی کوردستانی ئێران و عێراقی

گرتبووەوە، ئەو ناوی (مەلا ئەحمەدی حاجی عەدە) بوو، لە زیرەکیدا پێیان دەگوت: شافیعی سەردەم! لە گوندی (بالك)ـی، نزیك شاری مەریوان لای زانای گەورە (ماموٚستا مەلا باقری بالك) خوێندبووی، دواتر هاتبووە (بیارە) بۆ لای (ماموٚستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) و دواتر چووبووە خورماڵ بۆ خزمەت زانای کەم وێنە (ماموٚستا سەیید عارفی چۆڕی)، لە هەموو ئەم زانا مەزنانە ئەوەی ویستبووی لە زانست وەریگرتبوو. تا دواجار دەگاتە (گەلاڵە) و خزمەتی ماموٚستا مەلا محەمەدی ڕەئیس. نووسەر دەڵێت: (مەلا ئەحمەدی حاجی عەدە) تەنیا سێشەممان وانەی دەخوێند، کە لەو ڕۆژەشدا وانەی حوجرە پشووە. بۆیە وانەخوێندنی مەلا ئەحمەد زیاتر موناقەشاتی زانستی بوو، بەڵام لە ئاستی باڵادا.

(مەلا مەحموودی گەلاڵەیی) دەڵێت: لە بیرمە سێ شەممەیەکیان کاتی وانەخوێندن هات، کە هەموو جارێ کاتژمێر هەشتی بەیانی بۆ دوانزەی نیوەڕۆی دەخایاند. جا دوای ئەو تاووتوێ زانستییە قووڵ ء فراوانە (مەلا ئەحمەدی حاجی عەدە) کاتی بانگی نیوەڕۆ هاتە دەرەوە و گوتی: هەموو هەفتەیێ من خۆم پڕچەکی زانست دەکەم بۆ سێشەممان. تا ئەم حەمەیە ڕاگرم! مەبەستی (حاجی ماموٚستا مەلا محەمەدی ڕەئیس) بوو! دەی سوێند بە خوا ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ئەوم دەکردن، ئەگەر ئاراستەی دانەری خودی زانستەکان کە عەللامە (مەلا سەعدی تەفتازانی) یە. بمکردایە، ڕام دەگرت! بەڵام بە ڕاستی سەرسامم و نازانم ئەم فەرزانەیە. ئەم هەمووە زانست و زانینەی لە کوێ هەڵهێنجاوە!

جا مەبەستی دووەمی من لەم گێڕانەوەیە، مەلادۆستیی (مەلا مستەفای بارزانی)یە، بۆ باش مەلایانی هەم خاوەن زانست و هەم وڵاتپەروەر، بۆیە کاتێك هەواڵی زانایەتی (مەلا ئەحمەدی حاجی عەدە) دەگات بە بارزانی و مەلاکان داوای لێ دەکەن قوتابخانەیەکی ئایینی گەورەی لەسەر خەرجیی خۆی بۆ بکاتەوە، تا فەقێیان و شەیدایانی زانست لە هەموو کوردستانەوە بێن و لە خزمەتیدا سودمەند ببن و بخوێنن، مەلا مستەفا زۆر بە پەرۆشەوە بەو داوایە ڕازی دەبێت، و بڕیارەکە دەردەکات. بەڵام بەداخەوە دواتر بارودۆخی شەڕ ڕێگە بەم ئامانجە مەزنە دەگرێت و سەرناگرێت، تا دواجار مەلا ئەحمەد پەیوەندی بە هێزە شۆڕشگێڕە کوردییەکانی ئەو کاتی دژبەری حکومەتی ئێران و بە دیاریکراوی تەڤلی کاروانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکات و لەوێ وەك سەرنووسەری ڕۆژنامەی حزب لە بەغدا درێژە بە خزمەت بە نیشتمانەکەی دەدات، تا لە نەوەدەکاندا دەگەڕێتەوە ئێران و خۆی ڕادەست دەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لێی نابوورن، و دەکرێتە زیندانەوە و هەر لە زینداندا— بە تەمەنێکی زۆرەوە- دڵە پڕ لە زانست و شەیداکەی بۆ نیشتمان ونەتەوەکەی. بۆ هەمیشە لە لێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

نووسەر دەڵێت: (مەلا ئەحمەدی حاجی عەدە) تەنیا سێشەممان وانەی دەخوێند، کە لەو ڕۆژەشدا وانەی حوجرە پشووە. بۆیە وانەخوێندنی مەلا ئەحمەد زیاتر موناقەشاتی زانستی بوو، بەڵام لە ئاستی باڵادا

کاتێک هەواڵی زانایەتی (مەلا ئەحمەدی حاجی عەدە) دەگات بە بارزانی و مەلاکان داوای لێ دەکەن قوتابخانەیەکی ئایینی گەورەی لەسەر خەرجی خۆی بۆ بکاتەوە، مەلا مستەفا زۆر بە پەرۆشەوە بەو داوایە ڕازی دەبێت، بەڵام بەداخەوە دواتر بارودۆخی شەڕ ڕێگە بەم ئامانجە مەزنە دەگرێت

ژێدەرەکان:

(١). عُلَماءُنا فِي خِدمَةِ العِلْمِ وَ الدين، دانانی: ماموٚستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل٥٣٧ - ٥٣٨، چاپی یەکەم، (بەغدا - ١٩٨٣).

(٢). مێژووی زانایانی کورد، نووسینی: ماموٚستا مەلا تاهیری بەحرکەیی، چاپی دووەم- ٢٠١٦، بەرگی سێیەم، لاپەڕە (١٧٩ - ١٨١).

(٣). کورتەیەك لە ژیانی مەلای گەلاڵە - حاجی مەلا محەمەدی ڕەئیس، نووسینی: مەلا مەحموودی گەلاڵەیی، ل٦٦ — ٧٢، هەروەها ل١٠٠،چاپی یەکەم- ٢٠١٩

(٤). جُهوُد العُلَماء الكُرد فِي التَّفسير فِي العَصر الحديث، د.أحمد قاسم عبدالرَّحمن، ل٢٢٤-٢٢٦، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی: مکتبە دارالفَجر، دیمەشق — نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٦

د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا

لەدایکبووی (١٩٨٢)، ئەحمەدئاوا، هەورامان — باشووری کوردستان.

ماستەر لە قورئانناسی — زانکۆی سلێمانی، و ماستەرنامەکەی توێژینەوەی ئەندێشە میانەڕەوانەکانی (دکتۆر مستەفا زەڵمی)یە.

دکتۆرا لە قورئانناسی — زانکۆی سلێمانی، و تێزی دکتۆراکەی توێژینەوەی بیروڕا و ئەندێشە ئایینییە کوردەوارییەکانی (دکتۆر مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیانی مەهابادی)یە.

خاوەنی (٣٥) بەرهەمی چاپکراوە لە پسۆڕییەکەی خۆیدا.



سەفین دزەیی
بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم:

# پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندیی هەرێمێکی فیدراڵی فراوانترە

**پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێت و، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەرنامەی بەو جۆرەیە کە چەندین نوێنەرایەتیی تازە لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و دەوڵەتانی ئاسیا بکاتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دیدارەمان لەگەڵ سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی ڕێکخستن و بەرفرانکردنی پەیوەندییەکانی حکومەتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئایا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە چ ئاستێکدایە؟**

- پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە :

**قۆناغی یەکەم : ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣**

لە ساڵی ١٩٩١ دوای سەرهەڵدان و کۆڕەوە مێژووییەکەی گەلی کوردستان قۆناغێکی جیاواز بۆ پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەی دژەفڕین و نەوای ئارام بۆ کوردستان دەرچوو، ئەوە بووە سەرەتای بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەرژەوەندیی گەلی کوردستان، دوای ئەم بڕیارەش کە ڕژێمی پێشووی بەعس دامەزراوەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان کێشایەوە، ئەوە بوو لەسەر داوای سەرۆك بارزانی بەرەی کوردستانی بڕیاری هەڵبژاردنی دا و، لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دامەزران، ئیدی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد و وەزارەتێکیش بە ناوی (وەزارەتی هاریکاریی مرۆڤایەتی) دامەزرا، هەورەها دوای دەرچوونی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە ناسراو بوو بە بڕیاری (نەوت بەرانبەر خۆراك) ئەمەش وەرچەرخانێکی دیکە بوو، بەتایبەتی کە لەم بڕیارەدا نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا پشکی ١٣٪ی بودجە لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت.

لایەنێکی دیکە کە کاریگەریی هەبوو لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لۆژیکی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بوو کە ڕۆڵێکی کاریگەری لەناو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا هەبوو، هەروەها دووربینیی سەرۆك بارزانی کە پێداگری دەکرد لەوەی دەبێت عێراقی دوای ڕژێمی بەعس دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی بێت، ئەمەش بووە هۆکارێك کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پتەوتر بکەن.

**قۆناغی دووەم: دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و پەسەندکردنی دەستوور**

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەعس و نووسینەوەی دەستووری دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا چەسپێندرا، ئەمەش وای کرد کە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووری بە خۆیەوە ببینێت، بۆیە هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ -٢٠٠٧ ـەوە چەندین دەوڵەتی گرنگ نوێنەرایەتی، یان کونسوڵخانەیان لە کوردستان کردەوە و ساڵ لە دوای ساڵیش کردنەوەی کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیی دەوڵەتان لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە.

هەر بۆ نموونە ئێستا نزیکەی ٤٠ کونسوڵخانە و کونسوڵخانەی گشتی و کونسوڵخانەی فەخری، کە لە ناویاندا هەر پێنج دەوڵەتەکەی

**لایەنێکی دیکە کە کاریگەریی هەبوو لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لۆژیکی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بوو کە ڕۆڵێکی کاریگەری لەناو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا هەبوو**

**دووربینیی سەرۆک بارزانی کە پێداگری دەکرد لەوەی دەبێت عێراقی دوای ڕژێمی بەعس دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی بێت، ئەمەش بووە هۆکارێک کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پتەوتر بکەن**

**ئێستا نزیکەی ٤٠ کونسوڵخانە و کونسوڵخانەی گشتی و کونسوڵخانەی فەخری، کە لە ناویاندا هەر پێنج دەوڵەتەکەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاساییشی نێودەوڵەتی هەن، لە هەرێمی کوردستان کونسوڵخانەیان هەیە**

ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاساییشی نێودەوڵەتی هەن، لە هەرێمی کوردستان کونسوڵخانەیان هەیە، زیاتر لە ١٠ ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتییان هەیە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا بەراوردی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی، ئەوا هیچ هەرێمێك هێندەی هەرێمی کوردستان نێردەی دیپلۆماتی و کونسوڵخانەی تیدا نییە، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکیش کونسوڵخانە لە هەرێمێك بکاتەوە، تەنیا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتکردنی ئەو هاووڵاتیانەی خۆیەتی کە لەو هەرێمە وەك ڕەوەند هەن، بەڵام ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئاستی نوێنەرایەتییەکان گەیشتووەتە ئاستی (کونسوڵخانەی گشتی) ئەمەش مانای ئەوەیە کاری ئەو کونسوڵخانەیە دەگاتە ئاستی کاری (سیاسی و ئابووری و کەلتووری)، ئەمانەش هەمووی ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

*** بەرنامەتان بۆ زیاتر بەهێزکردن و باشترکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چییە؟**

- بێگومان هەوڵەکانمان بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی پەیوەندییەکان بەردەوامە، بەتایبەتی کە ئێستا دەرفەت هەیە، نوێنەرایەتیی حکومەت لە چەند دەوڵەتی عەرەبی بکەینەوە، ئێستا شەش دەوڵەتی عەرەبی نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە و بڕیارە بەم نزیکانە دەوڵەتی قەتەریش کونسوڵخانەی خۆی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بەڵام ئێمە هیچ نوێنەرایەتییەکمان لە دەوڵەتانی عەرەبی نییە، هەر بۆ ئەم مەبەستە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەیەکی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا چەند نوێنەرایەتیی حکومەت لە (وڵاتانی عەرەبی، تورکیا و چەند دەوڵەتی ئاسیا) بکەینەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە پێویستی بە دابینکردنی بودجەیەك هەیە و ئومێدەوارین لە ئایندەیەکی نزیکدا کاری جددی لەسەر بکەین، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەر بۆ نموونە کە شاندی پایە بڵندی دەوڵەتان لەسەر ئاستی سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی بەرگری و دەرەوە و نوێنەرانی پەرلەمانەکانی جیهان سەردانی عێراق دەکەن، لە هەمان کاتدا سەردانی هەرێمی کوردستانیش دەکەن، بە هەمان شێوە کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەردانی دەوڵەتان دەکەن، لەسەر ئاستی بەرز و پڕۆتوکۆڵی پێشوازییان لێ دەکرێت و لە هەمان ئاستدا بانگهێشتی کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان دەکرێن.

*** لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەرنامەتان بۆ دووبارە دارشتنەوەی هەیکەلییەتی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە چۆن بووە بۆ ئەوەی پڕۆژەیەك بۆ ئایندە ئامادە بکەن؟**

- کاتێك فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، بە فەرمانگەیەکی بچووك دەستی پێ کرد، دواتر توانییان گەشەی پێ بدەن و بیگەیەننە ئەمەی کە ئێستا هەیە، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی نێردە دیپلۆماتییەکان و کونسوڵخانەکان و، هەروەها بۆ ئەوەی ئێمەش نوێنەرایەتیی زیاتر لە دەوڵەتان بکەینەوە، پڕۆژەیەکمان ئامادە کرد بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە هەیکەلییەتی فەرمانگەدا بکەین، ئەم پڕۆژەیەش لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کراوە و ئێستا سەرقاڵی ئەوەین ئەم هەیکەلییەتە تازەیە ئەکتیڤ بکەین و، هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە هەم بتوانین نوینەرایەتییەکانی هەرێم لە دەوڵەتان زیاد بکەین، هەمیش ئاستی بەڕێوەبەرێتییەکانی فەرمانگەش بەسەر دەوڵەتاندا دابەش بکەین، پێشتر بەڕێوەبەرایەتییەك هەبوو بە ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی نێودەوڵەتی) کە هەموو وڵاتانی دەگرتەوە، بەڵام ئێستا دابەش دەکرێن و هەر دەوڵەتێك دیسکێکی تایبەت بە خۆی دەبێت، واتە هاوشێوەی کارەکانی وەزارەتی دەرەوە، بۆیە هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە کاریگەرییەکان زیاتر بکەین وەك وەزارەتێکی دەرەوەی بچووك، هەروەها هەوڵمان داوە کەسانی خاوەن ئەزموون و لێهاتوو لەم فەرمانگەیەدا جێگە بکەینەوە.

**ئێستا شەش دەوڵەتی عەرەبی نوێنەرایەتییان لە هەرێمی کوردستان هەیە و بڕیارە بەم نزیکانە دەوڵەتی قەتەریش کونسوڵخانەی خۆی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە**

**فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەیەکی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا چەند نوێنەرایەتیی حکومەت لە (وڵاتانی عەرەبی، تورکیا و چەند دەوڵەتی ئاسیا) بکەینەوە**

**هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە هەم بتوانین نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لە دەوڵەتان زیاد بکەین، هەمیش ئاستی بەڕێوەبەرێتییەکانی فەرمانگەش بەسەر دەوڵەتاندا دابەش بکەین**

**هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە کاریگەرییەکان زیاتر بکەین وەك وەزارەتێکی دەرەوەی بچووك، هەروەها هەوڵمان داوە کەسانی خاوەن ئەزموون و لێهاتوو لەم فەرمانگەیەدا جێگە بکەینەوە**

*** ئایا فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، فەرمانگەیەکی سەربەخۆیە وەك هەر وەزارەتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

- لەگەڵ ئەوەی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پلەی وەزیرە و بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، بەڵام لە ڕووی کارگێڕییەوە فەرمانگەکە سەر بە دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆ ئەمەش دیوانی ئەنجومەنی وەزیران زۆر هاریکار و هەماهەنگ بووە لەگەڵمان و هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی ڕوخساری دیپلۆماتیی هەرێمی کوردستان زیاتر گەشە پێ بدەین.

*** هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و تەنیا هەرێمێکە لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، بەڵام کاتێك شاندە فەرمییەکان سەردانی عێراق دەکەن، بە هەمان ئاست سەردانی هەرێمی کوردستانیش دەکەن، ئایا ئەم بایەخدانە لەسەرووی هەرێمێکی فیدراڵییەوە نییە؟**

- پرسیارەکەت ئەو واتەیەی هەیە، ئایا هەموو هەرێمێکی فیدراڵی لە دەوڵەتە فیدراڵییەکانی جیهاندا بە هەمان ئاستی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟ لە وەڵامدا دەڵێم نەخێر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان هەر ئەوەندە نییە کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا وەك هەرێمێك ناسراوە، بەڵکو پێگەی هەرێمی کوردستان جێگەی گرنگ و بایەخدانی نێودەوڵەتییە، هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ کە دامەزرا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو ئامانجە دایمەزراند کە ببێتە نەوایەك بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان ئاوارە نەبێت و تێیدا بحەوێتەوە، بەڵام ئێستا هەرێمی کوردستان بووەتە نەوای ئارام بۆ سەدان هەزار خەڵکی دیکەی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، ئەمەش پێگەی هەرێمی کوردستانی لە ڕووی ئاشتی و پێکەوەژیان بەهێز کردووە، هەروەها هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی (ئابووری، وزە، ئاسایش) جێگەی بایەخی نێودەوڵەتییە، کاتێك پێکهێنانی حکومەتی عێراق ئاستەنگی دێتەبەر و پێك نایەت، هەموو ڕوویان لە سەرۆك بارزانی دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگە لا بەرێت، هەتا ئێستاش ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییە بەردەوامە، بینیمان سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئیتاڵیا لەسەر ئاستی دەوڵەتی ئیتاڵیا و فاتیکان چۆن پێشوازیی لێ کرا، هەروەها بینیمان سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە پاریس لە چ ئاستێکدا پێشوازی لێ کرا، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە شانازی بە پێگەی هەرێمی کوردستانەوە بکەین و هەوڵ بدەین زیاتر بەهێزی بکەین، چونکە لە بەرانبەردا هەوڵێکیش هەیە بۆ ئەوەی ئەو پێگەیە لاواز بکات.

***ئایا پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، بەتایبەتی ئێستا کە ترسی تیرۆر کۆتایی نەهاتووە و کوردستانیش لە ژێر هەڕەشەدایە؟**

- تیرۆر یەکێکە لەو هەڕەشە و بابەتانەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دەستییەوە دەناڵێنێت، لە ساڵی ٢٠١٤ بینیمان کاتێك تیرۆریستانی داعش مووسڵیان داگیر کرد، سێ یەکی خاکی عێراقیان کەوتە بەردەست و ئاراستەی هێرشەکانیان بۆ ئەوە بوو بەغداش بگرن، بەڵام لە پڕ ئاراستەی هێرشەکەیان گۆڕی و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، کاتێکیش سەرۆك بارزانی چووە بەرەکانی شەڕ و هێرشی تیرۆریستانی داعشیان ڕاگرت، لە شەڕی داعش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەموویان پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگەیان کرد، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ڕاستە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام ئەگەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان تێك بچێت، کاریگەری لەسەر هەموو ناوچەکە دەبێت، بۆیە بە پلەی یەکەم قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگە و هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پلەی دووەم، بووە هۆکاری ئەوەی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ بکرێتەوە، ئەم هاوکارییە نێودەوڵەتییە هەتا ئێستاش لەسەر ئاستی لۆجیستی و ڕاهێنان بەردەوامە و ئەو ڕیفۆرمەی ئێستا لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێت و بەردەوامە، بەشێکە لەو هاوکارییەی هاوپەیمانان پێشکەشی دەکەن، ئامانج لەم هاوکاری و ڕیفۆرمە ئەوەیە کە هێزێکی تۆکمە و سەردەمییانە بونیاد بنرێت، کە توانای ئەوەی هەبێت هەرێمی کوردستان بپارێزێت و پێویستی بە هێزی دەرەکی نەبێت.

**لەگەڵ ئەوەی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پلەی وەزیرە و بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، بەڵام لە ڕووی کارگێڕییەوە فەرمانگەکە سەر بە دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانە**

**کاتێک پێکهێنانی حکومەتی عێراق ئاستەنگی دێتەبەر و پێک نایەت، هەموو ڕوویان لە سەرۆک بارزانی دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگە لا بەرێت، هەتا ئێستاش ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییە بەردەوامە**

**زۆر گرنگە ئێمە شانازی بە پێگەی هەرێمی کوردستانەوە بکەین و هەوڵ بدەین زیاتر بەهێزی بکەین، چونکە لە بەرانبەردا هەوڵێکیش هەیە بۆ ئەوەی ئەو پێگەیە لاواز بکات**

**لە شەڕی داعش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەموویان پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگەیان کرد، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ڕاستە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام ئەگەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان تێک بچێت، کاریگەری لەسەر هەموو ناوچەکە دەبێت**



عیسا فەیلی بۆ گوڵان:

# کوردانی فەیلی نەتەوەی خۆیان خۆش دەوێت و ڕێگە نادەن مۆرک و ناسنامەی کوردبوونیان کاڵ بکرێتەوە

**ڕژێمی بەعس بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە بەغدا کوردانی فەیلی جینۆسایدکرد**

**مێژووی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بۆ پێش سەردەمی بەعس دەگەڕێتەوە، ڕەنگە لە سەردەمی بەعسدا جینۆسایدەکە گەیشتبێتە لووتکە و، بە دڕندەترین و قێزەونترین شێواز ماڵ و حاڵیان داگیر کرا و ناسنامەیان لێ سەندرایەوە و بە زۆرەملێ ڕاگوازرانەوە بۆ ئێران و چەندین گەنجیان لە سێدارە دران. سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی جینۆسایدی کوردانی فەیلی جەختی لەسەر ئەو زوڵم و جینۆسایدە کردەوە و، داوای کرد، کوردانی فەیلی ناوەندێکیان بۆ بەدواداچوونی پرسی جینۆساید و کاروبارەکانیان بۆ دابمەزرێت و، تەواوی مافەکانیان لە عێراقدا بۆ بگەڕێتەوە، ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لەلای کوردانی فەیلی ئەو سەردەمەی بەبیرهێنانەوە کە مەلا مستەفا بارزانی دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ کوردانی فەیلی هەبوو. بۆ قسەکردن لەسەر جینۆسایدی کوردانی فەیلی، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ عیسا فەیلی کەسایەتیی دیار و چالاکی دۆزی کوردی فەیلی سازدا، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** سەرەتادا با بەو پرسیارە دەست پێ بکەین کە پاساو و بیانووی ڕژێمی بەعس بۆ پاکتاوکردنی کوردانی فەیلی چی بوو، تا بەو شێوە دڕندانەیە بە زۆرەملێ ڕابگوازرێنەوە و گەنجەکانتان ڕاپێچی زیندانەکان بکرێن و ماڵ و حاڵتان دەستی بەسەردا بگیرێت؟**

- سەرەتای دەستپێکردنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی مێژوویەکی کۆنی هەیە و بۆ پێش هاتنی بەعس دەگەڕێتەوە، ڕەنگە لە هاتنی بەعس شاڵاوەکە بە شێوەیەك بوو، ئیتر هەموو پێوەرێکی ئەخلاقی و یاسایی و ئاسمانیی تێپەڕاند و چووە قۆناغی بەکارهێنانی جینۆسایدێکی سەرتاسەرییەوە، ئێمە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دانانی ناسنامەدا گرفتیان بۆ دروست کردین، چونکە ڕێژەیەکی زۆری کوردی فەیلی نیشتەجێی بەغدا بوون و تۆپۆگرافیای ئەو پایتەختە زۆرینەی کوردی فەیلی بوون و توانای دارایی و بازرگانییەکی زۆرمان هەبوو، تا وای لێهات کوردانی فەیلی لە بەغدا دەستی هاوکاریی داراییان گەیاندە مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەی، سەرۆك بارزانی لە زۆربەی بۆنەکاندا کاتێك باسی پرسی کورد دەکات، باسی کوردانی فەیلی دەکات و دەڵێت: «ڕۆڵ و پێگەی کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوول دیار و لەبەرچاو بووە»، لە کۆنفرانسی جینۆسایدی کوردی فەیلی کە لە هەولێر بەسترا، سەرۆك بارزانی پێشنیازی دامەزراندنی ناوەندێکی بۆ بەدواداچوونی پرسی جینۆسیادی کوردی فەیلی کرد و بە خۆشحاڵییەوە ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت هەر زوو بە دەنگ داواکارییەکەوە هات و بڕیاری دامەزراندنی ئەو ناوەندەی دا، بە هۆی ئەم هاوکاری و پەیوەندییە بەهێزەی کوردانی فەیلییەوە بوو ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس دەستی بە جینۆسایدی کوردانی فەیلی کرد، چونکە کوردانی فەیلی لە ڕووی پێگە و دەسەڵاتەوە لە ناو بازاڕ و مامەڵە بازرگانییەکاندا زۆر چالاك بوون و، زۆر لە حزبەکان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا لە ماڵی کوردێکی فەیلی (دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم) دروست بووە، بۆیە لە دوای هاتنی ڕژێمی بەعس بۆ سەر دەسەڵات، کوردە فەیلییەکان ڕووبەڕووی شاڵاوێکی دڕندانەی ڕاگواستن و لەناوبردن بوونەوە، ئەمەش هەمووی لە ژێر پاساو و بیانووی ئەوەی ڕەچەڵەکیان ئێرانییە، ئامانجی سەرەکیی ئەم کارەش بۆ دابڕانیان بوو لە گەلی کورد، ئەوە بوو مافی هاووڵاتیبوون و ناسنامەیان لێ سەندرایەوە و هەرچی ماڵ و حاڵیان هەبوو دەستی بەسەردا گیرا و پیاو و منداڵەکانیان دەکوشتن، بە ڕادەیەك ناوچەکانیشیان ڕووبەڕووی تەعریب بووەوە، دوای ڕاگواستنیشیان لە هەر خێزانێك گەنجێکیان لە بەندیخانەکاندا بەند کرا، ئەم تاوانانە بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٧٠ بە ئاشکرایی هەڵمەتی جینۆساید و ڕاپێچیکردنی زۆرەملێ لە دژی کوردەکانی فەیلی دەستی پێ کرد، هەندێك سەرچاوە باس لە ڕاپێچکردنی ٧٢

**لە هاتنی بەعس شاڵاوەکە بە شێوەیەک بوو، ئیتر هەموو پێوەرێکی ئەخلاقی و یاسایی و ئاسمانیی تێپەڕاند و چووە قۆناغی بەکارهێنانی جینۆسایدێکی سەرتاسەرییەوە**

**سەرۆک بارزانی پێشنیازی دامەزراندنی ناوەندێکی بۆ بەدواداچوونی پرسی جینۆسیادی کوردی فەیلی کرد و بە خۆشحاڵییەوە ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت هەر زوو بە دەنگ داواکارییەکەوە هات و بڕیاری دامەزراندنی ئەو ناوەندەی دا**

**هەندێک سەرچاوە باس لە ڕاپێچکردنی ٧٢ هەزار فەیلی دەکەن کە ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندرایەوە و ڕەوانەی ئێرانیان کردن**

**هۆکاری شاراوەی ئەم جینۆسایدە لەبەر ئەوە بوو کە فەیلییەکان پێکهاتەیەکی گەورە و بەهێزی کورد بوون لەناو بەغدای پایتەختدا، بە ڕاددەیەک ئەو سەردەمە ئابووریی بەغدایان بەدەست بوو**

**مەلا مستەفا بارزانی دەیزانی هەر لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە کوردانی فەیلی ڕووبەڕووی پاکتاوکردن و جینۆساید بوونەتەوە و دەیویست ئەو زوڵمەیان لەسەر لا ببات و جارێکی دیکە جینۆساید نەکرێنەوە**

هەزار فەیلی دەکەن کە ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ سەندرایەوە و ڕەوانەی ئێرانیان کردن، دواتر لە ساڵی ١٩٧١ و ١٩٧٤ کۆمەڵێك کوردی فەیلی دیکەیان دەرکرد، لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ هەرچی مۆڵەتی هێنانی کاڵا و شمەك هەبوو لە عێراق لە کوردانی فەیلییان سەندەوە و تەسلیمی عەرەبەکانیان کرد، لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٩١ ئەم جینۆسایدە گەیشتە لووتکە، بەتایبەتی کاتێك لە ساڵی ١٩٨٠ هێرش کرایە سەر زانکۆی موستەنسرییە لە بەغدا، ئەمە بووە پاساو و بیانوویەك بە دەستی سەدام حوسێنەوە کە دەمێك بوو چاوەڕوانی ئەو بیانووە بوو، بەوەی (کوردی فەیلی بیانین و با بە یەکجاری ڕاپێچی ئێرانیان بکەین و ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەردا بگرین..)، ئەوە بوو بڕیاری ٦٦٦ ی مەجلسی قیادەی سەورەیان لەسەر دەرکردین و بە فەرمی مافی هاووڵاتیبوونیان لێ سەندینەوە، هۆکاری شاراوەی ئەم جینۆسایدە لەبەر ئەوە بوو کە فەیلییەکان پێکهاتەیەکی گەورە و بەهێزی کورد بوون لە ناو بەغدای پایتەختدا، بە ڕاددەیەك ئەو سەردەمە ئابووریی بەغدایان بەدەست بوو، بازرگان و کاسبکار و پیشەوەرە بەناوبانگەکان کوردانی فەیلی بوون، من ئەو سەردەمە لە بیرمە باسی کۆبوونەوەیەکی مەجلسی قیادەی سەورە (سەدام حوسێن)یان دەکرد، بەوەی پرسیاری کردووە لە عێراقدا کام شاری کورد گەورەیە؟ لە وەڵامدا هەریەکە و شارێکی وەکو سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکووکیان پێ وتووە، ئەو زۆر باش کاری لەسەر ئەم کەیسە کردبوو، بۆیە پێی وتن ئێوە نازانن زۆرترین کورد لە بەغدایە و گەورەترین شارێك کە کوردی تێدایە بەغدایە، ئەمە مەترسییە گەورەکەیە، بۆیە با خۆمان لە کوردانی فەیلی ڕزگار بکەین و پێگەی بەهێزی کورد لە بەغدا کۆتایی پێ بهێنین، ئەوە بوو دوای جێبەجێکردنی پیلانەکە و ئەنجامدانی ئەو هەموو کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و بەتاڵانبردنی ماڵ و حاڵەی کوردانی فەیلی و سڕینەوەی ناسنامەکەیان، سەدام حوسێن توانی تۆپۆگرافیای شاری بەغدا بگۆڕێت و بە ڕێژەیەکی بەرچاو کوردی تێدا کەم بووەوە.

*** مەلا مستەفا بارزانی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کوردانی فەیلی هەبوو، هەمیشە داکۆکیکاریان بووە و دژی ئەو جینۆسایدە ڕاوەستایەوە، ئاماژەت بەو دۆستایەتییە کرد، دەکرێت باسێکی ئەم پەیوەندییەمان بۆ بکەیت؟**

- مەلا مستەفا بارزانی پەیوەندیی لەگەڵ کوردە فەیلییەکان زۆر بەهێز بوو، ئەو باش دەیزانی لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و هاتنە سەر حوکمی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکان بە هۆی کوردبوونیانەوە جینۆساید دەکران، من ناچمە ناو بابەتی پرسی نەتەوەیی و ڕۆڵی کوردانی فەیلی لە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کورد، لێرەدا باسی هەندێك بابەتی زۆر تایبەتمەند دەکەم، کە لای ئێمەی کوردی فەیلی گرنگە، بۆ نموونە زۆربەی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کوردی فەیلی بوون، وەکو حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و عادل موراد لە یەکێتیی قوتابیان و زەکییە ئیسماعیل حەقی بەرپرسی ئافرەتان، یەدوڵڵا کەریم بەرپرسی لاوان و بە دەیان بەرپرسی دیکەمان هەبوو، لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری مێژووییدا وا دانرابوو، جێگری سەرۆك کۆماری عێراق کورد بێت، ئەوە بوو مەلا مستەفا بارزانی ڕابەر و سەرکردەی گەورەی کورد پێشنیاری مامۆستا (حەبیب محمەد کەریم)ی کرد، کاتێکیش حکومەتی عێراق، بەتایبەتی سەدام حوسێن قبووڵیان نەکرد، گوتیان کەسی دیکەتان نییە، لە وەڵامدا مەلا مستەفا بارزانی داواکەی ڕەت کردنەوە، چونکە مەلا مستەفا بارزانی دەیزانی هەر لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە کوردانی فەیلی ڕووبەڕووی پاکتاوکردن و جینۆساید بوونەتەوە و دەیویست ئەو زوڵمەیان لەسەر لا ببات و جارێکی دیکە جینۆساید نەکرێنەوە.

*** وێڕای ئەم کارەساتە تراژیدیایی و جینۆسایدە گەورەیە ئەی بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کەیسی تاوانەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی و سەرکوتکردنی ئەم پێکهاتە گرنگەی کورد خەمسارد بوون و ئەم جینۆسایدە بە نێودەوڵەتی نەکراوە؟**

- من لە ساڵی ١٩٨٠ خۆم و خێزانەکەم لەگەڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆری خێزانی کوردی فەیلی لە بەغدا دەرکراین و ماڵ و حاڵ و دووکان و سامانەکانمان دەستی بەسەردا گیرا و، بە زۆرەملێ لە ناو ئۆتۆمبێلی زیلی سەربازی ڕاپێچی ئێرانیان کردین، لەسەر سنوور پێیان گوتین هەر کەسێك جارێکی دیکە بگەڕێتەوە دەیکوژین و لە هەر خێزانێکیش کوڕێك، یان کچێکیان هێشتەوە و ڕاپێچی زیندانەکانی ئەبوغریب و نوگرە سەلمان

و چەندین زیندانی دیکەیان کردن، لە ماوەی ٤٣ ساڵی تەمەنمدا لەسەر کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی زۆر کارم کردووە و لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا ئەم پرسەم ورووژاندووە، لە چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی فەیلی لە دەرەوەی وڵات کارم کردووە، هەر لەم ڕوانگەیەوە لەگەڵ حکومەت و حزبەکانی سوید کاری زۆرم کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی پێشتری سوید لە جینۆسایدی کورد بەگشتی و کوردی فەیلی بەتایبەتی، بەڵێ منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام کە ئەم پرسە مافی تەواوەتی خۆی پێ نەدراوە، کاتێك باسی ئەم تاوانە گەورەیە دەکەین، بە سەرسوڕمانەوە دەڵێن چۆن تاوانێکی وا گەورە ئەنجام دراوە و کەس پشتگیریی بە جینۆسایدناسینی نەکردووە، ڕەنگە ئەمە بۆ باروودۆخی ئەو کاتی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی بەرانبەر ئێران بگەڕێتەوە، کە زۆربەی وڵاتان پشتگیریی عێراقیان دەکرد لە شەڕی هەشت ساڵەی عێراق - ئێران، هەر چۆنێك بێت، لە کاتێکدا هەموو بەڵگەنامەکان بۆ چەسپاندنی جینۆسایدی کوردی فەیلی دیار و ئاشکران، سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی کوردانی فەیلی ئاماژەی بە هەموو ئەو زوڵم و کۆمەڵکوژییە کرد، تەنانەت باسی ئەوەی کرد کە چۆن ڕژێمی بەعس لە عەکاشات ٣٥٠ کوردی فەیلی لەگەڵ ١٥٠ بارزانی تاقیکردنەوەی کیمیاوییان لەسەر کردن و شەهید بوون .

*** پێشنیاری ئێوەی کوردانی فەیلی بۆ بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی و گەڕانەوەی ناسنامە کوردییەکەتان گرنگە، پێشنیارت لەم ڕووەوە چییە؟**

- سوپاس بۆ خودا کە کورد سەرۆك بارزانی هەیە و بە یەك چاو داکۆکی لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان دەکات، ئەوەتا لە ناو گەرمەی ئەو هەموو کێشە و ململانێ سیاسییەی کە بۆ داکۆکیکردن لە مافی دەستووری و شەرعیی خەڵکی کوردستان ئەنجامی دەدات، ئێمەی لەبیرە و داوای هەڵگرتنی ئەو زوڵمە دەکات کە کوردی فەیلی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، هەر لە قڕکردن و جینۆساید و بەتاڵانبردنی ماڵ و حاڵیان تاوەکو گەڕانەوە و قەرەبووکردنەوەی مافەکانیان، کوردی فەیلی خەڵکانێکی نەتەوەیین و ڕێگە نادەن بە هۆی مەزهەبەوە مۆرك و ناسنامەی کوردبوونیان کاڵ بکرێتەوە، تەنانەت هەموو ئەو کوردە فەیلییانەی کە زۆر پابەندن بە مەزهەبەکەیانەوە بە هیچ شێوەیەك پرسی نەتەوەییان ڕەت ناکەنەوە، ئەوان زۆر هۆگری حزبە ئیسلامییەکان نین و لە ئێستادا زۆر نین ئەوانەی لەگەڵ حزبە شیعەکانن، لە یەکەمین هەڵبژاردنەدا چ لە بەغدا، یان لە ناو جەرگەی ئێراندا لەلایەن کوردە فەیلییەکانەوە گەورەترین دەنگ بۆ لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بوو.

*** بۆ گەڕانەوەی مافی کوردانی فەیلی و لەباوەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ کوردانی فەیلی پێویستە چی بکرێت؟**

- سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەع و ڕابەر و خەمخۆری هەموو کورد لە هەرچوار پارچەدا، مادام دڵسۆز و خەمخۆری ئێمەیە و ستراتیژیەتێکی بۆ هەڵگرتنی ئەو زوڵمەی بۆ کوردانی فەیلی داناوە و داوای دامەزراندنی ناوەندێکی بەدواداچوونی پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی کرد، ئەمە ڕاستکردنەوەی ئەو دابڕانەیە کە ڕووی داوە، چونکە مەلا مستەفا بارزانیی باوك لەسەر ئەم بۆچوونە بەرانبەر ئێمەی کوردانی فەیلی ڕۆیشتووە، بۆیە ئەم دامەزراوەیە گرنگە بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی بەڵگەنامەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، تاوەکو لە داهاتوودا قەرەبوو بکرێنەوە و جارێکی دیکە جینۆسایدی وایان دەرهەق نەکرێت، دەبێت لەمەودوا هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا لەگەڵ عێراقدا نزیك دەبێتەوە، گرنگیی زیاتر بدات بە کوردانی فەیلی لە ناو بەغدا و لە شوێنەکانی نیشتەجێبوونیان، کە لە مەندەلییەوە تاوەکو باشووری بەسرا درێژ دەبێتەوە و ٢٠ هەزار کوردی فەیلی لە ناو شاری بەسران، پێویستە کەسانی پسپۆڕ و خزمەتگوزاری کوردانی فەیلی لە ناو ئەو سەنتەرە دابمەزرێن، واتا خۆیان بە خزمەتکاری کوردانی فەیلی بزانن و لە بواری پراکتیکییەوە کارا بن، ئەو مافانەی کە لایەنە سیاسییەکانی شیعە نەیداون، دەبێ کورد ئەو مافە بگەڕێنێتەوە بۆ کوردانی فەیلی، دەبێت کورد کار بکات بۆ گەڕانەوەی چەندین خێزانی کوردی فەیلی، ئەوەتا ٣٠٠ خێزانی کوردی فەیلی تا ئێستا لە ئۆردوگاکانی ئێرانن، خۆ ئەگەر لە هەرێمی کوردستان قەرەبوو بکرێنەوە و لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە ناسنامەیان بۆ بگەڕێننەوە، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ کورد و پێگەی گەلی کورد لە ناو عێراقی فیدراڵدا.

**سەرۆک بارزانی لە کۆنفرانسی کوردانی فەیلی ئاماژەی بە هەموو ئەو زوڵم و کۆمەڵکوژییە کرد، تەنانەت باسی ئەوەی کرد کە چۆن ڕژێمی بەعس لە عەکاشات ٣٥٠ کوردی فەیلی لەگەڵ ١٥٠ بارزانی تاقیکردنەوەی کیمیاوییان لەسەر کردن و شەهید بوون**

**سوپاس بۆ خودا کە کورد سەرۆک بارزانی هەیە و بە یەک چاو داکۆکی لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان دەکات**

**هەموو ئەو کوردە فەیلییانەی کە زۆر پابەندن بە مەزهەبەکەیانەوە بە هیچ شێوەیەک پرسی نەتەوەییان ڕەت ناکەنەوە**



**دکتۆر هەڤاڵ سدیق ئیسماعیل**

بەڕێوەبەری گشتیی هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:

# بەم نزیکانە ناوی ئەو کەسانە ڕادەگەیەندرێت کە سوودمەند نەبوون و یەکەکانی نیشتەجێبوونی کرێچی و کەمدەرامەت دەیانگرێتەوە

# دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە سەرمایەی نزیکەی ١٩ ملیار دۆلار توانیویەتی ٢٠٠ مۆڵەتی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بدات

**یەکێك لە دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشینان بوو، بۆ بەدواداچوون لەسەر دوایین پرۆسەی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون و شێوازی ڕاگەیاندن و دابەشکردنەکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر هەڤاڵ سدیق ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتیی هەڵسەنگاندن و مۆڵەتدان لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان ئەنجام دا.**

*** سەرەتا پێش ئەوەی پرسیاری پرۆسەی یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ کرێنشینان بکەین، دەمانەوێت بپرسین بەو پێیەی دەستەکەتان گرنگییەکی زۆری بە فرەچەشنکردنی ئابووری داوە، ئایا ئەمە کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون هەبووە؟**

- بەپێی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پلان و بەرنامەی دەستەی وەبەرهێنان، گرنگییەکی زۆرمان داوە بە وەبەرهێنان لە سێکتەرەکانی (پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری...)، لەمەشدا دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان سەرکەوتوو بووە، بەوەی فرەچەشنکردنی ئابووری لە وەبەرهێناندا دروست بکەین و بە سەدان پڕۆژە و هەلی وەبەرهێنان لەم سێکتەرانەدا بەدەست هاتوون، لەگەڵ ئەمەشدا پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونیش کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی خەڵك و بەدەستهێنانی هەلی کار و هەڵسووڕاندنی چەندین پیشەسازی و پیشەوەرەوە هەیە، هێشتا لە ڕیزبەندی پێشەوەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە هاتووە کەوا پڕۆژەکانی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون پرۆسەیەکی گرنگی وەبەرهێنانە لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە و سەدان هەلی کاریشی بەگەڕ خستووە، بۆ زۆر لە کاری پیشەوەران و تەنانەت ساخکردنەوەی بەرهەمی کارگەکانیش پێویستە، دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان توانیویەتی ٢٠٠ مۆڵەتی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بە سەرمایەی نزیکەی ١٩ ملیار دۆلار بدات، کە پارێزگای هەولێر ٩٨ یەکە و پارێزگای سلێمانی ٤٦ و پارێزگای دهۆك ٣٥ و پارێزگای هەڵەبجە و یەکە ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و سۆران و ڕاپەرین و زاخۆش چەندین یەکەی نیشتەجێبوونیان لێ دروست کراون. لە ئێستادا بە شێوەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە ستراتیژیەتی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون مۆڵەتدانمان ڕاگرتووە.

*** مەبەستتان لە پێداچوونەوە بە ستراتیژییەتی یەکەکانی نیشتەجێبوون چییە؟ ئایا دەستەی وەبەرهێنان مەرج و ڕێنمایی نوێی بۆ پێدانی مۆڵەت بە یەکەکانی نیشتەجێبوون دەرکردووە؟**

**پڕۆژەکانی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون پرۆسەیەکی گرنگی وەبەرهێنانە لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە و سەدان هەلی کاریشی بەگەڕ خستووە**

**لە ئێستادا بە شێوەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە ستراتیژیەتی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون مۆڵەتدانمان ڕاگرتووە**

- لە ئێستادا لە گفتوگۆ و دیراسەتکردنین بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و دانانی ستراتیژیەتێك بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە، واتا لە ڕووی کوالێتی و دیراسەی کەڵکی ئابووری و نرخەوە سەرقاڵی پێداچوونەوەین، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان دەکەین کە ئەم پرۆژانە بەپێی پلاندانان بێت و ڕەچاوی ژمارەی دانیشتووان و پێشبینیی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و چەندین فاکتەری دیکە دەکەین، دواتر ڕێنمایی نوێ دەردەچێت و پێداچوونەوە بە کۆدی بیناسازیدا دەکەین و کوالێتیی بینا بەرزەکان بەهێزتر دەکرێت، ئێمە ناڵێین ئەو بینایانەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کە دروست کراون لە ڕووی کوالێتی و باشییەوە کەموکورتی هەیە، سوپاس بۆ خودا تاکو ئێستا لەم ڕووەوە هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام هەموو ئەگەرەکان لە ڕووی کوالێتیی ئەندازیاری و بەهێزیی خۆڕاگریی بینا بەرزەکانەوە ڕەچاو دەکەین، هاوکات لە ئێستادا لەگەڵ زۆر لەو پرۆژانەی نیشتەجێبوون کە دروست دەکرێن لە گفتوگۆداین کە بە مۆدێرنتر و دیزاینی پێشکەوتوو دروست بکرێن و هەموو سەلامەتییەکی بۆ ئاگرکەوتنەوە و بوومەلەرزەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی بێت، بۆ بەرهەمهێنانی کارەباش پرۆژەی وزەی خۆر بەکاربهێنن و ڕاکێشانی گازەکەش لە ڕێگەی کۆمپانیای بەناوبانگ و باوەڕپێکراوەوە بێت و زەمانەتی کارەکە لەئەستۆ بگرێت.

*** دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین بڕیارێکی گرنگ بوو، ئایا ئەم پرۆسە گرنگە بە کوێ گەیشتووە؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروستکردنی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەسەر بڕیاری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشینان بوو، ئەمەش بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشینان گرنگە بەو پێیەی ئەم پرۆژەیە قیستەکانی درێژخایەنە و کاریگەریی و بارگرانی لەسەر کرێنشینان و خەڵکی کەمدەرامەت نابێت و، وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتیش پاڵپشتییەکی باشی ئەم پرۆژەیە دەکەن و خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام و قوتابخانەی بۆ دابین دەکەن.

لە ئێستادا دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان دەسەڵاتەکانمان داوە بە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، ئەوان بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان و شارەوانییەکان بۆ دابینکردنی زەویی گونجاو لە شوێنێکی زۆر باش کە خزمەتگوزاریی تەواوی لێ بێت، کاری لەسەر دەکەن، هەروەها گفتوگۆ و دانوستاندن دەکەن لەگەڵ وەبەرهێنەکان بۆ ئەوەی بە کوالێتیی باش و نرخێکی هەرزان دروستی بکەن، هەر مەترێك لە نێوان ٣٠٠ دۆلار تاکو ٣٥٠ دۆلار دەبێت، ئێستا لەگەڵ بانکەکان دانوستاندن بەردەوامە تاوەکو بانك هاوکاریی هاووڵاتی بکات و بە قیستێکی کەم و درێژخایەن بتوانێت ئەو قەرزە بدات. لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ بەردی بناغەی پرۆژەی نیشتەجێبوونی کرێنشینان و کەمدەرامەت دانراوە و لە هەندێك قەزا و ناحیە زەوی دابین کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دووریی شارە ئێمە ڕازی نەبووین، چونکە خەڵکی کەمدەرامەت بە هۆی دووریی زەوییەکەوە ڕەنگە سوودی لێ وەرنەگرێت، ئێمە هەموو هەوڵمان بۆ ئەوەیە زەوییەکان نزیکی سەنتەری شار و قەزاکان بێت، لەمەشدا دەتوانین بارگرانی کەم بکەینەوە لەسەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و ڕاکێشانی کارەبا و ئاوی خواردنەوە، لە ئێستادا کارەکان سەرپەرشتییەکی مەرکەزی دەکرێت و هەرچی ڕۆتین و ئاستەنگ هەیە لە بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکە، بە خێرایی هەڵدەگیرێت.

*** پێت وانییە دەستپێکردنی پرۆژەکان زۆری خایاندووە؟ ئایا هیچ کێشە و گرفتێك هاتووەتە بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەی دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون؟**

- ڕەنگە بە هۆی پێداگریمان بەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوون بکەونە نزیك سەنتەری شار و قەزاکان و بۆ دیاریکردنی زەوییش کەمێك دواکەوتووین، بەڵام هەمووان دڵنیا دەکەینەوە کە پرۆژەکە زوو دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، سەبارەت بە ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون،

**لەگەڵ زۆر لەو پرۆژانەی نیشتەجێبوون کە دروست دەکرێن لە گفتوگۆداین کە بە مۆدێرنتر و دیزاینی پێشکەوتوو دروست بکرێن و هەموو سەلامەتییەکی بۆ ئاگرکەوتنەوە و بوومەلەرزەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی بێت**

**دەسەڵاتەکانمان داوە بە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان**

**ئێستا لەگەڵ بانکەکان دانوستاندن بەردەوامە تاوەکو بانك هاوکاریی هاووڵاتی بکات و بە قیستێکی کەم و درێژخایەن بتوانێت ئەو قەرزە بدات**

ئەوا بەپێی چڕی و زۆرترین ڕێژەی دانیشتووانی ئەو پارێزگا و یەکە ئیدارییە سەربەخۆ و قەزایە دەبێت، بەڵام پارێزگای هەولێریش قەزای هەیە و یەکەکانی نیشتەجێبوون بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکان بەسەر ئەو یەکە ئیدارییی و قەزایانەدا دابەش دەکرێن.

*** ئایا پرۆسەی پڕکردنەوەی فۆرم بە ئۆنلاین و بەدواداچوونی ناوەکان و بڵاوکردنەوەی تەواو بووە؟**

- سەرەتا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەمەوە، کە نابێت ئەو کەسەی فۆرمەکەی پڕ کردووەتەوە، سوودمەند بووبێت لە زەوی، خانوو، شوقە و قەرزی یەکەکانی نیشتەجێبوون و، نابێت هیچ موڵکێکی بە ناوەوە بێت، مەبەستمان لە خانوویەك ئەوەیە کە خانووەکە مینحەی حکومەتی تێدا نەبێت، لە هەر پارێزگایەك بێت، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ چاودێری و بەدواداچوونی بۆ دەکات، بۆیە ڕێگە نادرێت سوودمەند ئەم یەکانە وەربگرێت و تەنانەت ئەگەر خوانەخواستە حاڵەتێکی وا هەبێت، لە دوای ڕاگەیاندنی ناوەکەشی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و لێی وەردەگیرێتەوە، هەر کەسێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سوودمەند حیساب بکرێت لە زەوی و پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون و شوقەیەکدا، یان موڵکێکی بەناوەوە بێت، ڕێگە نادەین سوودمەند بێت لەم پرۆژەیە و، یەکە ئیدارییەکان زۆر جددیین لەسەر دیاریکردنی ناوەکان و بوار بە فرت و فێڵکردن نادەن، بەتایبەتی کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر تەئکیدی لەوە کردووەتەوە کە نابێت کەسی سوودمەند جارێکی دیکەش سوودمەند بێت، بە میکانیزمێکی ورد و چاودێرییەکی توند پێداچوونەوە بە ناوی ئەو کەسانەدا دەکرێت، کە فۆرمەکانیان پڕ کردووەتەوە.

پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ڕێنمایی توندیان لەم ڕووەوە جێبەجێ کردووە و لە فەرمانگەکانی تاپۆ و شارەوانی بەدواداچوونیان بۆ سەرجەم ناوەکان دەست پێ کردووە، تاوەکو کەسێك سوودمەند بووبێت، تەنانەت لە قەرزی عەقاریش ڕێگەی پێ نادرێت ناوەکەی بە واسیتە تێپەڕێنرێت، ئەم دواکەوتنەی ڕاگەیاندنەش بۆ ئەو پێداچوونەوە وردە دەگەڕێتەوە کە سەرجەم بەڕێوەبەریەتی و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەکو تاپۆ و شارەوانیی تێدایە و هەموو سوودمەندەکان دەرهێنراون.

*** حەز دەکەین باسی دیزاین و کوالێتیی یەکەکانی ئەم پڕۆژەیەمان بۆ بکەیت، بەتایبەتی جیاوازی لەنێوان شوقەیەك کە کەسەکە هاوسەگیری کردبێت، لەگەڵ کەسێکدا هێشتا ژنی نەهێناوە؟**

- ئەم یەکانەی نیشتەجێبوون بە کوالێتیی باش و دیزاینێکی ڕێکوپێك دروست دەکرێن کە توانای خۆڕاگری بوومەلەرزەیان هەبێت، لە دانوستانەکانمان لەگەڵ کۆمپانیاکان زۆر تەئکیدمان لەسەر ئەم خاڵە کردووەتەوە، بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەو پرۆژانە بدرێتە خەڵکی وەبەرهێنی ڕاستەقینە و بەتوانا کە توانای دارایی باشیان هەبێت، شوقەکانیش بۆ کەسی سەڵت ٨٠ مەترە و بۆ خێزاندار ١٢٠ مەترە.

*** هەر سەبارەت بە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون وەکو ئاشکرایە ژمارەیەك یەکەی نیشتەجێبوون گرفت و کێشەی تێکەوتووە، یان خاوەنەکەی تووشی مایەپووچی بووەتەوە، لەمەشدا کەسانێکی زۆر زیانی داراییان بەر کەوتووە، دەستەی وەبەرهێنان تاچەند توانیویەتی ئەم گرفت و کێشانە چارەسەر بکات؟**

- دەستەی وەبەرهێنان کاری جددی کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ژمارە کەمەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، ئەمەش لەپێناو گەڕانەوەی مافی ئەو هاووڵاتیانەی لە ڕاوەستانی پڕۆژەکان زیانمەند بوون، لەمەشدا چەندین کێشەمان چارەسەر کردووە، وەکو هێژا سیتی و ئارام سیتی و وەرین سیتی و هەنگ سیتی و فلۆرا سیتی، هەرچی دەشتی بەهەشت و کانی ئەڵمانی هەیە، لیژنەی بۆ دیراسەتکردن و چارەسەرکردن بۆ دانراوە، بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتای کارەکانماندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو یەکە نیشتەجێبوانەی کێشەیان هەبووە، هەشت پڕۆژە هەبووە، لە ئێستادا تەنیا ژمارەیەکی کەمی پڕۆژە ماوە و ئەوانیش لە ماوەیەکی کەمدا دەست بە کارەکانیان دەکەینەوە.

**لە هەندێك قەزا و ناحیە زەوی دابین کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دووریی شارە ئێمە ڕازی نەبووین، چونکە خەڵکی کەمدەرامەت بە هۆی دووریی زەوییەکەوە ڕەنگە سوودی لێ وەرنەگرێت**

**ئەم پرۆسەیە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ چاودێری و بەدواداچوونی دەکات، بۆیە ڕێگە نادرێت سوودمەند ئەم یەکانە وەربگرێت**

**ئەم یەکانەی نیشتەجێبوون بە کوالێتیی باش و دیزاینێکی ڕێکوپێك دروست دەکرێن کە توانای خۆڕاگری بوومەلەرزەیان هەبێت**




ڕێبوار تاڵەبانی بۆ گوڵان:

# ئەو بڕە پارەیەی بۆ ماددەی ١٤٠ دانراوە جگە لەوەی زۆر کەمە، ئەو پرۆسە گەورەیەی پێ جێبەجێ ناکرێت

**واقیعی ئێستای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای کەرکووک بەردەوام لە بەردەم هەڕەشە و داگیرکردنی زەوییەکانیدایە، لە ڕێککەوتنی ئەمجارەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی ڕێککەوتنێکی نووسراو هەیە بە ناو مەنهەجی وەزاری، ڕێککەوتنەکە بۆ کورد چەند خاڵێکی پەیوەستی تێدابوو کە وا دانرابوو لە ماوەی شەش مانگی حکومەتەکەدا جێبەجێ بکرێن، بارەگای ئەو حزب و لایەنانەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر لە شاری کەرکووک داگیر کرابوون چۆڵ بکرێن و دۆسێی ئەمنیی شارەکەش بە هێزی پۆلیسی لۆکاڵیی شارەکە بدرێتەوە، هەروەها بڕیارە ئەمساڵ هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام بدرێت، لەسەر پرسی پارێزگای کەرکووک باس لەوە دەکرێت هەڵبژاردن بە پێی تۆماری ١٩٥٧ دەکرێت. ئەمانە و چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک.**

*** لە ڕێککەوتنی ئەمجارەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی ڕێککەوتنێکی نووسراو هەیە بە ناو مەنهەجی وەزاری لە ناو پەرلەمانی عێراقدا پەسەند کراوە و، یەکێك لە بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنە باس لە دووبارە کاراکردنەوەی لیژنەی ماددەی ١٤٠ دەکات، ئایا بایەخی ئەم ڕێککەوتنە چییە و لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا چی بۆ کاراکردنەوەی ماددەی ١٤٠ کراوە؟**

- ئەم ڕێککەوتنەی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ پێکهێنانی حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی لە بارودۆخێکی سەختدا دروست بوو، چونکە دوای کشانەوەی موقتەدا سەدر لە پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی، بارودۆخی عێراق بەرەو ناسەقامگیری دەچوو، بەڵام پاش دوو ساڵ لە ژێر فشار و بارودۆخێکی زۆر قورسدا حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی پێك هێنرا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو قۆناغ و بارودۆخەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە لە نێوان ئەو سێ پێگە سەرەکییەی حکومەتی عێراقدا، جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە، واتە ئەو بەڵێنانەی کە پێشتر داویانە لە سەردەمی مالیکی و عەبادی و عادل عەبدولمەهدی و کازمیدا، کە ئەو مافانەی کورد کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق هەمانە پێمان بدرێت و، وەك دیتمان سەرۆك حکومەتەکانی دیکەی پێشووش بەرنامەیان هەبوو وەك ئەوەی کە باسی ماددەی ١٤٠ یان دەکرد و باسی هەموو ماف و ئیمتیازاتەکانی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، بەڵام بەداخەوە بەڵێنەکانیان تەنیا مەرەکەب بوو لەسەر کاغەز و هیچ ماف و هەقێکی دەستووریی کورد و کوردستانیان جێبەجێ نەکرد، هەر بۆیە ئێمە وەك کورد و هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تووشی کێشەی جۆراوجۆر بووین لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵدا و زۆر بێ ئومێدیش بووین لەوەی کە بەڵێن و ماف و ڕێککەوتنەکانیان جێبەجێ نەدەکرد. هەموو کات ئەوە تێڕوانینی من بووە کە ئەو حکومەتەی عێراق لە کاتێکدا دەستوور جێبەجێ نەکات، چۆن ڕێککەوتن جێبەجێ دەکات،؟ من هەموو کات و لە زۆربەی ڕێککەوتنەکاندا کە لەگەڵ حکومەتی عێراق کراوە بە گومان بووم، ئەوەی لەو ڕێککەوتنەی ئەم جارەی پێکهێنانی حکومەتی سوودانی هەبوو، ئەویە کە بەرنامە وەزارییەکە هاتە ئەنجومەنی نوێنەران و لەوێ دەنگی لەسەر درا و پەسند کرا، ڕێککەوتنەکە بۆ کورد چەند خاڵێکی پەیوەستی تێدا بوو، کە وا دانرابوو لە ماوەی شەش مانگی حکومەتەکەدا جێبەجێ بکرێن، ئەوەی کە لای من زۆر گرنگ بوو و تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە، ئەوە بوو کە ڕێککەوتنی شنگاڵ جێبەجێ بکرێت و بارەگای ئەو حزب و لایەنانەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر لە شاری کەرکووک داگیر کرابوون، ئەوە چۆڵ بکرێن و دۆسیەی ئەمنیی شارەکەش بە هێزی پۆلیسی لۆکاڵیی شارەکە بدرێتەوە، خاڵێکی دیکەی گرنگ بە گوێرەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەکتیڤکردنەوەی ماددەی ١٤٠ی دەستوورە، نەك ئەو ماددەیە تا ئێستا کاری لەسەر نەکراوە، هاوکات بڕیاری ٣٠ی ئەنجومەنی

**پێویستە یەکێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتەکەی سوودانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگاڵ بێت**

**لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تووشی کێشەی جۆراوجۆر بووین لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵدا و زۆر بێ ئومێدیش بووین لەوەی کە بەڵێن و ماف و ڕێککەوتنەکانیان جێبەجێ نەدەکرد**

**تا ئێستا لێژنەی ماددەی ١٤٠ سەرۆکەکەی بە دەستی کورد نەبووە، لە کاتێکدا زۆربەی ماڵوێرانی و کوشتن و دەربەدەری لە عێراقدا بە سەر میللەتی کورد داهاتووە**

**ئومێد و گەشبینییەکمان بە محەمەد شیاع سوودانی هەیە کە تا ئێستا هیچ شتێکی خراپی نەکردووە و بە خراپیش باس ناکرێت، ئومێد دەخوازین کار و هەوڵی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور جددی بێت**

**ئەگەر یەک تریلیۆن دیناریش بۆ ساڵێک دابنرێت، ئەوە بۆی هەیە (٤٠ تا ٥٠٪)ی کێشەکانی ماددەی ١٤٠ چارەسەر بکرێت**

سەرکردایەتی حزبی بەعسی لەناوچوو تا ئێستا هەڵنەوەشێندراوەتەوە، من گلەیی ئەوەش دەکەم کە تا ئێستا لێژنەی ماددەی ١٤٠ سەرۆکەکەی بە دەستی کورد نەبووە، لە کاتێکدا زۆربەی ماڵوێرانی و کوشتن و دەربەدەری لە عێراقدا بە سەر میللەتی کورد داهاتووە، ماددەی ١٤٠ بۆ کورد زۆر گرنگە و تا ئێستا تەنیا ٥٪ی ئەو ماددەیە جێبەجێ کراوە و لەبری ئاساییکردنەوەی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ بەتایبەت کەرکووک ئێستا عەسکەرتاریەتە، ئەکتیڤکردنەوەکە خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە، بەڵام پێویستە بە تەواوی کار بۆ ئاساییکردنەوەکە بکرێت و سەرژمێرییەکە زۆر زەحمەت و قورس نییە، ئەنجامی بدەن، لە پاشان ڕیفراندۆمەکە دەبێتە شتێکی حەتمی و چارەنووسی ناوچەکان دیاری دەکات و ئەو کێشانەی لەسەر زەویی جووتیارانی گوندە کوردەکانی سنووری کەرکووک و دوبز و پەلکانە دروست دەبێت، هەر هەمووی بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیار و یاسای ٣٠ی حزبی بەعسی لەناوچوو کۆتایی دێت، ئومێد و گەشبینییەکمان بە محەمەد شیاع سوودانی هەیە کە تا ئێستا هیچ شتێکی خراپی نەکردووە و بە خراپیش باس ناکرێت، ئومێد دەخوازین کار و هەوڵی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور جددی بێت، هەروەها ئومێد دەکەین لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش وەک خولەکانی دیکە کێشە و گرفت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دروست نەکرێت، چونکە ئەوان (چوارچێوەی هەماهەنگی) لە پەرلەمان زۆرینەن، کە زۆرجار لەو کار و ماددانەی لە بەرژەوەندیی کورد بووە لە پەرلەمان تەگەرە و کۆسپیان بۆ دروست کراوە.

*** لە پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقدا کە بڕیارە بۆ سێ ساڵ بێت، بڕی ١٠٠ ملیار دینار بۆ لێژنەی ماددەی ١٤٠ تەرخان کراوە، ئایا ئەم بڕە پارەیە بەشی کارەکانی لێژنەکە دەکات؟ ئەگەر ئەم بڕە پارەیە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بێت، ئایا بە ٣٠٠ ملیار دینار دەتوانرێت چی بکرێت؟**

- ئەوە بڕە پارەیەکی زۆر کەمە کە بۆ ئەکتیڤکردنەوەی ماددەی ١٤٠ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە بودجەی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ تەرخان کراوە، جگە لەوە ئەوە بێباکییە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و بابەتی ١٤٠ تەنیا ئەوە نییە کە ١٠ ملیۆن دینار بە ئاوارەی کورد و ٢٠ ملیۆنیش بە عەرەبێکی هاوردە بدرێت، ئەو بڕە پارەیە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٥ زۆر کەمە بۆ قەرەبووکردنەوە، لەلایەکی دیکەوە بۆ چارەسەری ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە ١٠٠ ساڵە بە دەستی جووتیارانی کوردە و تاپۆیان بە ناوە، لە پاشان کراوە بە ناوی وەزارەتەکان و کەسانی دیکە کە چارەسەری ئەم زەوییانەش پێویستی بە پارەیە، هەر بۆیە ئەگەر نییەت و جددییەت لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، ئەوە پێویستی بە سەدان ملیار دینار هەیە، نەك بۆ ساڵێك ١٠٠ ملیار دینار، بەڵکو لە کاتێکدا ئەگەر یەك تریلیۆن دیناریش بۆ ساڵێك دابنرێت، ئەوە بۆی هەیە (٤٠ تا ٥٠٪)ی کێشەکانی ماددەی ١٤٠ چارەسەر بکرێت .

*** ئەگەر بێینە سەر واقیعی ئێستای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای کەرکووك بەتایبەتی، دەبینین بارودۆخی کوردانی ئەو ناوچەیە بەردەوام لە بەردەم هەرەشە و داگیرکردنی زەوییەکانیانن و، دامەزراوەکانی ئەو ناوچانەش زیاتر پشتگیریی عەرەبی هاوردە دەکەن و دژی کوردە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچەیە بڕیار دەدەن، پرسیار ئەوەیە هۆکاری ئەمانە بۆچی دەگەڕێتەوە و بۆچی لە ڕێگەی دامەزراوەکانی فیدراڵییەوە لە بەغدا سنوورێك بۆ ئەو کارانە دانانرێت؟**

- ئەوەی کە هەیە یەکێکە لە ئاسەوارەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئەو کارەی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دەرهەق بەو ناوچە کوردستانییانە ئەنجام درا، دژی دەستوور بوو، لەبەر ئەوەی هێزی سەربازی و میلیشیای چەکداری بەکار هێنرا و دەرئەنجامەکەی سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانییەتیی ئەو ناوچە کوردستانییانەیە کە مێژوو سەلماندوویەتی و، ئەوەی لەو کێشانە ڕۆڵی هەیە، دەستی دەرەکییە و ڕۆڵێکی زۆر و سەرەکی دەبینێت و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی ئەوسا لەناو چوو، سەروەریی عێراق وەك جاران نەماوە و سەروەری کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی دەرەکی و جێگای پرسیارە، هەر بۆیە ئێستا کەرکووك و ناوچە کێشەلەسەرەکان لەژێر سیادەی عێراقدا نییە، بەڵکو لەژێر سیادەی ئەو هێز و چەکدارە دەرەکییانەن کە لەژێر دەسەڵاتی دەرەکیدان نەك عێراق، هەر بۆیە ئێستا ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر قورس بووە، هەر چەندە حکومەتی هەرێم لە ڕێککەوتندایە لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەویش بەوەی کە هێزێکی هاوبەش لە نێوان پێشمەرگە و هێزی سەربازیی عێراق ئارامیی ئەو شوێن و ناوچانە بپارێزن، نەك

دەسەڵاتی ئەو هێز و میلیشیا دەرەکییانەی کە ئێستا هەن، لەلایەکی دیکەوە من پرۆژەیەکم پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە هەموو وەزارەتەکانی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ عێراق، ئیدارەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکەن .

*** بڕیارە ئەمساڵ هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام بدرێت، لەسەر پرسی پارێزگای کەرکووك باس لەوە دەکرێت هەڵبژاردن بە پێی تۆماری ١٩٥٧ دەکرێت، ئایا مەبەست لە تۆماری ١٩٥٧ چییە؟ دکتۆر شاخەوان عەبدوڵڵا ئەمە بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کوردانی کەرکووك دەزانێت، دەکرێت لەسەر ئەم پرسە وردەکاریی زیاترمان بۆ باس بکەن؟**

- باشترین سەرژمێری بۆ هەڵبژاردن لە شاری کەرکووك و تەواوی پارێزگای کەرکووك سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ـە، ئەگەرچی لە دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕێژەی کورد لە کەرکووك ٩٣٪ بوو و ڕێژەی پێکهاتەکانی دیکە بەهەر هەموویانەوە ٧٪بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٧ ڕێژەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو سەرژمێرییەکان بۆ کورد باشترە کە کورد لەو شارە زۆرینە بووە، لە دوای ١٩٦٨ دەست کرا بە تەعریب و گۆڕانکاری لەو شار و سنوورەدا دەستی پێ کرد و تا ئێستاش بەردەوامە، بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ چەمچەماڵ و کفری و کەلار و دوزخورماتوو دەگەڕێتەوە سەر کەرکووك، لەو لاشەوە زاب هەیە، دەبێت بگەڕێتەوە سەر سەڵاحەدین و هەموو ئەو عەرەبە هاوردانەشی لە ساڵی ١٩٦٨ـەوە هاتوونەتە ئەو شار و سنوورە، دەبێت بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

*** لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکی زۆر باشی لەگەڵ حکومەتی بەغدا کردووە و ڕۆژی ٤ی نیسانی ڕابردوو مسرور بارزانی و محەمەد شیاع سوودانی ئیمزایان کردووە، بەڵام هەتا ئێستاش هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی شاری کەرکووك هەر وەك خۆیەتی و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەدراونەتەوە، ئایا بە ڕای ئێوە کەی بارودۆخی کەرکووك ئاسایی دەبێتەوە؟**

- لەو ڕێککەوتنەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی شیاع سوودانی کراوە، یەکێك لە خاڵەکان دەبێت عەسکەرتاریەت لە هیچ شوێن و شارێك لە عێراقدا نەمێنێت، تا ئێستا لە عێراق شەش پارێزگای خواروو عەسکەرتاریەتیان تێدا نەماوە و دۆسیێی ئاسایش و سەقامگیری بە پۆلیس دراوە، بەڵام تا ئێستا لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و لە ناوچە سوننەنشینەکان هەر عەسکەرتاریەتە و جۆرەها هێزی چەکداری و میلیشیا هەن، بێگومان ئەو کاتەی هێزی چەکداری و عەسکەرتاریەت لە کەرکووك و شوێنەکانی دیکە نەما و ئاسایش بە پۆلیس سپێردرا، ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر لایەن و حزبێکی دیکەش کە بە هێزی چەك دەرچوون و بارەگاکانیان داگیر کراوە، دەگەڕێنەوە. داواکارین لە شیاع سوودانی ئەو خاڵە گرنگەی ڕێککەوتنەکەی پێکهێنانی حکومەتەکەی لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم جێبەجێ بکات و عەسکەرتاریەتیان تێدا نەمێنێت و ناوچە و شارەکان بە پۆلیسی ناوخۆیی بدرێت. لەو پرسەدا ئەوان بیانووی بوون و مانەوەی داعش دەخەنەڕوو، کە گوایە بۆیە ئەو هێزە چەکدارانە لە کەرکووك و ئەو ناوچەکەن، ئەگەرچی دەزانین هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە توانی بە درێژی ١٠٥١ کیلۆمەتر بەرگری لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان بکات لە دژی تیرۆریستانی داعش.

*** تا چەند گەشبینیت بە کاراکردنەوەی لیژنەی ماددەی ١٤٠ و ئایا دەتوانرێت ئەم ماددە دەستوورییە لە ماوەی سێ ساڵی داهاتووی حکومەتی سوودانیدا جێبەجێ بکرێت؟**

- دەکرێت لیژنە باڵاکەی ماددەی ١٤٠ ئەکتیڤ بکرێتەوە، بەڵام ئەو ئەکتیڤکردنەوە و ئەو بڕە پارە کەمەی بۆیان تەرخان کردووە لە ئاستی تمووحی کورد و ئاساییکردنەوە و جێبەجێکردنی ماددەکەدا نییە، چونکە بۆ کارەکانی ساڵێك لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە ١٠٠ ملیار دینار شتێکی ئاوا نییە کە بتوانێت هەنگاوەکان خێرا بکات و بگەینە قۆناغی ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕیفراندۆمەکە، هەر بۆیە ئەو نییەتەی ئێستا لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هەیە، زۆر گەشبین نییە و ئومێدی زۆری لەسەر هەڵناچنرێت، بەڵام دەکرێت نوێنەرانی کورد و کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران کاری جددی و بەدرەوام بۆ ئەو ماددەیە و جێبەجێکردنی بکەن، تاوەکو ئیجباری دامودەزگا و حکومەتی عێراق بکرێت، بە کۆتاییهێنان بە جێبەجێکردنی ئەو ماددە گرنگە کە کێشەیەکی یەکجار گەورە و زۆر و گرنگ لە عێراق بەگشتی کۆتایی پێ دێت و، کوردستانییەتیی ئەو ناوچانە دەسەلمێندرێت و سنووری مێژوویی و واقیعیی خۆمانمان دەست دەکەوێتەوە.

**ئێستا کەرکووك و ناوچە کێشەلەسەرەکان لەژێر سیادەی عێراقدا نییە، بەڵکو لەژێر سیادەی ئەو هێز و چەکدارە دەرەکییانەن کە لەژێر دەسەڵاتی دەرەکیدان نەک عێراق**

**لە دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕێژەی کورد لە کەرکووك ٩٣٪ بوو و ڕێژەی پێکهاتەکانی دیکە بەهەر هەموویانەوە ٧٪بووە**

**ئەو کاتەی هێزی چەکداری و عەسکەرتاریەت لە کەرکووك و شوێنەکانی دیکە نەما و ئاسایش بە پۆلیس سپێردرا، ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر لایەن و حزبێکی دیکەش کە بە هێزی چەک دەرچوون و بارەگاکانیان داگیر کراوە، دەگەڕێنەوە**

داعش و پەکەکە و میلیشیا چەکدارەکان ڕێگە نادەن دۆخی شنگال ئاسایی ببێتەوە و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، چارەنووسی کوردانی ئێزدی بەدەستی ئەم گرووپە چەکدارانەوە نادیارە، پشێوی و ئاڵۆزی و فیتنە دەنێننەوە، هەر وەکو ڕووداوەکانی مزگەوتی ڕەحمان و ئەو دەستدرێژی و نائارامییەی لە تلکێف دروستیان کرد. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مەحما خەلیل پەرلەمانتاری کوردی ئێزدی لە پەرلەمانی عێراق سازدا و چەند پرسیارێکی ئاراستەی کرد.

**مەحما خەلیل**

**پەرلەمانتاری کوردی ئێزدی لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:**

# جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال زەمانەتی گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و ئاساییبوونەوەی دۆخەکەیە



**حزب و گرووپی نایاسایی و چەکداری بێگانە شنگالیان داگیر کردووە و چارەنووسی شنگال بە دەست ئەو گرووپە نایاسایی و نامۆ بە ناوچەکەن**

*** دوای نۆ ساڵ لە داگیرکردنی و حەوت ساڵ لە ئازادکردنی شنگال لە داعش کەچی هێشتا دۆخی شنگال و دەڤەرەکە بە نائارامی و نایاسایی ماوەتەوە و، نەتوانراوە نە ناوچەکە لەو هەموو گرووپە چەکدارە بیانی و میلیشیاتە پاك بکرێتەوە، نە دەستی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی پێ بگات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بەو پێیەی پێشتر قایمقامی فەرمی و یاسایی شنگال بوویت و شارەزاییت لە ناوچەکە هەیە، ئایا ئەوەی لە شنگال ڕوودەدات، چییە و بۆچی ناتوانرێت دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە؟**

- حزب و گرووپی نایاسایی و چەکداری بێگانە شنگالیان داگیر کردووە و چارەنووسی شنگال بە دەست ئەو گرووپە نایاسایی و نامۆ بە ناوچەکەن. شنگال لەو کاتەی بە دەستی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بارزانی ئازاد کرا، ئومێد و ئاواتێکی زۆرمان هەبوو، دەستی ئاوەدانی پێ بگات و خەڵکەکەی بگەڕێنەوە. بەڵام ڕووداواکانی دووبارە داگیرکردنەوەی شنگال لەلایەن ئەو گرووپە چەکدارە بیانییانەوە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بارودۆخێکی باش نییە، هەر لە ڕووی نائارامی و داببیننەکردنی خزمەتگوزاری و جێبەجێنەکردنی پڕۆژەکانەوە بە تەواوەتی ناوچەکە پەراوێز خراوە. ئەم دۆخە بەردەوام دەبێت و هەروا دەمێنێتەوە تاوەکو ئەو چەکدارە بیانی و میلیشیا چەکدارانە لە شنگال بمێنن، کە دوور لە یاسان و کاری تێکدەرانە ئەنجام دەدەن و مامەڵەی خراپ لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی کوردانی ئێزدی دەکەن. بۆیە ئاوارەکانی کوردانی ئێزدیی شنگال کە زۆرینەیان هێشتا لە ناو کەمپەکاندان بەتایبەتی لە کەمپی شاریا و لە ناو پارێزگای دهۆك و هەولێر نیشتەجێن، ناگەڕێنەوە سەر زێدی باوك و باپیرانیان. ئێ خۆ ناکرێت خەڵکی سڤیل و خێزانە ئێزدییەکان دوای ئەو هەموو کۆمەڵکوژی و مەینەتی و ماڵوێرانییە بێ قەرەبوو و بێ زەمانەت و بەو هەموو پشێوییە جارێکی دیکە دۆخی خۆیان و خێزانەکانیان تەسلیمی داهاتوو

و چارەنووسێکی نادیار بکەن و بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی وێرانیان.

*** باسی ئاوارەکانی کوردانی ئێزدیت لەناو کەمپەکان کرد، حکومەتی عێراقیش خوازیار بوو کەمپی ئاوارەکان دابخات و ئەم بابەتە وەکو موزایەدەیەکی سیاسی لێ هاتووە و تەنانەت هۆکاری نەگەڕانەوەی کوردانی ئێزدییان بۆ بابەتی سیاسی دەگەڕانەوە، لەو بارەیەوە ڕات چییە؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو کەس و لایەنە سیاسییانەی چەکدارەکانیان بۆ مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان لە شنگال ماونەتەوە، ئەو پرسیارە دەکەم، کێ هەیە ماڵ و منداڵی بخاتە ناو ئەو هەموو نائارامی و ناسەقامگیرییەی کە ئێستا باڵی بەسەر شنگالدا کێشاوە؟ ٨٥٪ی خانووەکانی کوردانی ئێزدی لەشنگال و دەوروبەری وێران و خاپوور کراون. بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە حکومەتی عێراق بەرانبەر کوردانی ئێزدی لەناو کەمپەکاندا کەمتەرخەم بووە، ئێستا شنگال ناوچەی ململانێ و ناکۆکیی وڵاتانی دەوروبەریشی هاتووەتە سەر، ناوچەیەك بە دەیان گرووپی چەکداری بەدەر لەیاسا و بگرە هێزی چەکداری بیانی لێ بێت و کەس نەزانێت بە چی ئەجیندە و مەرامێك لە شنگال کار دەکەن، ئیتر خەڵکی چۆن بگەڕێنەوە؟ ئێ خۆ هەمووان بە چاوی خۆیان دەبینن شنگال و ناوچەکە چۆن وێران بووە و بە هۆی ئەو گرووپانەوە ئاوەدان ناکرێتەوە و، هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ جێبەجێ ناکرێت، بە ڕادەیەك دۆخەکە لە شنگال بە هۆی پەکەکە و میلیشیا چەکدارەکان تێك چووە، داعشەکانیش دەستیان بە جموجووڵ کردووەتەوە. ئەگەر هەرچی گرووپی چەکدارە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە چەکەکانیان دانەماڵدرێن و هێزە بیانییەکان دەر نەکرێن و ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ نەکرێت، ئەوا هەرگیز دۆخەکە ڕوو لە باشی ناکات، بەڵکو زیاتر ئاڵۆز دەبێت، وەکو ئەو ڕووداوانەی بە دەستی دەرەکی و هێزی چەکداری بیانی و پەکەکە لە مزگەوتی ڕەحمان و تلکێف دروستیان کرد.

*** ماوەیەك لەمەوبەر شاندێکی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و دامەزراوەی کوردانی ئێزدی بۆ بەرهەڵستی کۆمەڵکوژی سەردانی وڵاتی ئەڵمانیان کرد، خۆت لەگەڵ ئەو شاندەکە بووی کە سەردانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەتان کرد. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە تا چ ڕادەیەك فشار و داواکاریی دەرەکی ڕۆڵی لە ئاساییبوونەوەی دۆخی شنگال و ناوچەکانی کوردانی ئێزدی لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- سەرەتا شاندەکەی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و کەسایەتییەکانی دیکەی کوردانی ئێزدی لەسەر بانگهێشتی پەرلەمانی ئەڵمانیا سەردانی ئەو وڵاتەیان کرد و باسی دۆخی کوردانی ئێزدیمان کرد لە ناو کەمپەکان و لە شنگال و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شنگال، کە پێویستە بە سەرپەرشتیی نێودەوڵەتی ئەم دۆسێیە چارەسەر بکرێت و، هەر بە هاوکاریی نێودەوڵەتییش شنگال و تەواوی ناوچەی کوردانی ئێزیدی ئاوەدان بکرێنەوە و شنگال بکرێتە پارێزگا، لە پەرلەمانی ئەڵمانیا جگە لەوەی داوامان کرد، شنگال ئاوەدان بکرێتەوە، داواشمان کرد خەڵکی شنگال قەرەبوو بکرێنەوە. بەداخەوە بە هۆی فەرامۆشکردنی کوردانی ئێزدی و ئاوەداننەکردنەوەی ناوچەکانیان و دەرنەکردنی ئەو گرووپە چەکدارە بیانی و نامۆیانە خەڵکێکی زۆری کوردی ئێزدی ئاوارەی دەرەوەی وڵات بوون. لەو سەردانەدا زۆر جەختمان لە زەروورەتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال کردەوە، سەبارەت بە تەوەرەی دووەمی پرسیارەکەتان، بەڵێ منیش پێم خۆشە دۆسێی شنگال بە نێودەوڵەتی بکرێت.

*** زۆر باس لە ڕێککەوتنی شنگال دەکرێت و هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانیش بە ڕێککەوتنێکی گرنگ و ستراتیژی ناوی دەبەن، کەچی لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ ناکرێت و، ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت. ئایا کێ دەستی لە دروستکردنی ئەو هەموو ئاستەنگە هەیە؟**

- تا پەکەکە و هێزی بیانی و میلیشیا چەکدارەکان لەو شنگال بمێنن و بۆ مەبەست و مەرامی بێگانە کار بکەن، ئاژاوە و پشێوی

**بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە حکومەتی عێراق بەرانبەر کوردانی ئێزدی لەناو کەمپەکاندا کەمتەرخەم بووە**

**ئێستا شنگال ناوچەی ململانێ و ناکۆکیی وڵاتانی دەوروبەریشی هاتووەتە سەر**

**بە ڕادەیەک دۆخەکە لە شنگال بە هۆی پەکەکە و میلیشیا چەکدارەکان تێک چووە، داعشەکانیش دەستیان بە جموجووڵ کردووەتەوە**

**لە پەرلەمانی ئەڵمانیا جگە لەوەی داوامان کرد، شنگال ئاوەدان بکرێتەوە، داواشمان کرد خەڵکی شنگال قەرەبوو بکرێنەوە**

لە شنگال بەردەوام دەبێت. ئەرکی سەرەکیی حکومەتەکەی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی ئەوەیە کە ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ بکات . خاڵێکی گرنگ و سەرەکیی ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری حکومەتەکەی سوودانی ئاساییبوونەوەی دۆخی شنگال و جێبەجێکردنی دەستوور و یاسایە، ئیتر بۆچی بە نایاسایی و نادەستووری هێزی بیانی لەو شارەدا بمێنن و گرفت و ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دروست بکەن؟ ئاوارەکانی شنگال و تەواوی کوردانی ئێزدی متمانەیان بە هێزی پێشمەرگە هەیە، ئەو هێزەی کە بۆ ئازادکردنی چیای شنگال و تەواوی ناوچەکە قوربانییەکی زۆریان داوە، ژمارەیەکی زۆری کوردانی ئێزدییش لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدان، بۆیە چارەسەری ئەم دۆخە بە دەستی حکومەتی بەغدایە، بەڵام بەداخەوە هیچ جددییەتێك نابینین بۆ کارکردن بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی شنگال کە مەترسیی نائارامی بۆ تەواوی دەشتی نەینەوا و مووسڵیش هەیە.

*** بەردەوامی پشێوی و نائارامی مەترسی بۆ تەواوی پارێزگای مووسڵ هەیە، بەڵام ئەو مەترسییە زیاتر چییە کە ڕەنگە شنگال و پارێزگاکە بە گشتی تووشی بن؟**

- ڕووداوەکانی ئەم دواییەی مزگەوتی ڕەحمان و تلکێف و نانەوەی ئاژاوە و پشێوی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی پارێزگای نەینەوا، مەترسییەکی جیددییە و دەستی دەرەکی و دەستی ئەو هێزە بیانی و چەکدارانەی تێدا بوو، تەنانەت کوردانی ئێزدی هیچ دەستیان لەو ڕووداوانەدا نەبوو، بگرە ئایینی ئێمە ئایینی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و خۆشەویستییە، ئەوەتا بە درێژایی مێژوو کوردانی ئێزدی قوربانی بوون و کۆمەڵکوژ کراون، بەڵام دەستدرێژییان نەکردووەتە سەر هیچ نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك، بەم کارە ناڕەوایانە هێزە چەکدارەکانی ناو شنگال و تلکێف مەترسییان لەسەر ژیانی ئەو کوردانەی ئێزدییش دروست کردووە کە گەڕاونەتەوە، لەلایەکی دیکەوە پەراوێزخستنی ناوچەکە و ئاوەدان نەکردنەوەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مەترسیی دووبارە بوونەوەی نائارامیی زۆری لێ کەوتووەتەوە، ئەوەتا داعشەکان لە چەندین ناوچەی شنگال و دەشتی نەینەوا و تەواوی پارێزگاکە دەستیان بە جموجووڵ و کاری تیرۆرستی کردووەتەوە، تەنیا ڕێگا بۆ کۆنترۆڵی دۆخەکە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شنگالە لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا.

*** مەسەلەی ئاوەدان نەکردنەوەی شنگال و تەواوی ناوچەکەکە زۆر باس و خواستی لەسەر دەکرێت، ئایا لە بودجەی ئەمساڵدا هیچ بڕە پارەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال دانراوە؟**

- لە پڕۆژە یاسای بوودجەی فیدراڵی عێراق



بڕی ٥٠ ملیار دینار بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال دانراوە و، کوردانی ئێزدی داوا دەکەن ئەنجومەنێك بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پارەیە دابمەزرێت کە خەڵکی شنگال بن، چونکە پێشتر هەرچی پارە بۆ شنگال تەرخان کرابوو، گەندەڵی تێدا کراوە و بەشێکی بۆ ناوچەکانی دیکەی مووسڵ خەرج کراوە، واتا لەمەشدا غەدر لە شنگالییەکان دەکرێت. من ئومێدم بە محەمەد شیاع سوودانی هەیە، بەوەی ڕێگا نەدات، ئەو پارەیە وەکو پارەکانی دیکە ون بێت و کەسانی چەکدار و دەستڕۆیشتووی نایاسایی بۆ ئەجیندا و مەرامی خۆیان بەکاری بهێنن، هەروەکو چۆن داوا دەکەم قەرەبووی ئاوارەکانی کوردانی ئێزدییش بکرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەولەوییەت بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان بێت.

**ئاوارەکانی شنگال و تەواوی کوردانی ئێزدی متمانەیان بە هێزی پێشمەرگە هەیە، ئەو هێزەی کە بۆ ئازادکردنی چیای شنگال و تەواوی ناوچەکە قوربانییەکی زۆریان داوە**

**ڕووداوەکانی ئەم دواییەی مزگەوتی ڕەحمان و تلکێف و نانەوەی ئاژاوە و پشێوی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی پارێزگای نەینەوا، مەترسییەکی جیددییە و دەستی دەرەکی و دەستی ئەو هێزە بیانی و چەکدارانەی تێدا بوو**



د.ماجید شنگالی

سەرۆکی لێژنەی تەندروستی و ژینگە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا زەمینەیەکە بۆ چارەسەربوونی سەرجەم کێشەکانی نێوانیان

**ئاشکرایە کە دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و ڕێککەوتنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسە گرنگەکان، ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت کە پەیوەندییەکان بچنە قۆناغێکی باشتر و بەرهەمدارەوە بۆ هەردوولا، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیداری لەگەڵ دکتۆر ماجید شنگالی سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاوتوێ کرد.**

*** لەگەڵ ئەوەی سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی حکومەتی فیدراڵی بەڵێنی ئەوەیان داوە کە ئەوان بەرپرسیارن لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەوە ماوەی مانگێک زیاترە نەوتەکە هەناردە ناکرێت، ئایا تاچەند حکومەتی فیدراڵی ئەم بەڵێنەی خۆی جێبەجێ دەکات؟**

- ئاشکرایە کە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکەی (٩٠٠) ملیار دینارە، بەڵام ئەوەی کە حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەینێرێت (٤٠٠)ملیار دینارە، کە لە هەقیقەتدا پارەکە کەمە و بەشی مووچەکە ناکات، لەگەڵ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەوا هەرێم تەنیا نیوەی داهاتەکانی بۆ دەمێنێتەوە کە بریتییە لە داهاتی بەرهەمە نانەوتییەکان، ئەمەش بڕێکی زۆر کەمە و بەشی هیچ ناکات. بەڵام بە هۆی ئەو ڕێککەوتنەی لە ٤ی نیسانی ڕابردوو لەلایەن ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ ئیمزا کراوە، عێراق پابەند دەبێت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، ئەوەتا وەك دەبینین بۆ مووچەی مانگی نیسانی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بڕی (٤٠٠) ملیار دیناری بۆ هەرێمی کوردستان نارد.

*** کێشمەکێشی گەرم ئێستا لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی عێراقە و هەتا ئێستا دیار نییە لیژنەی دارایی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بودجە گەورەیە دەکات، هەروەها دیار نییە کەی پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدات. ئایا خاڵی گرنگ بۆ خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستان لەم بودجەیەدا چییە؟**

- لە هەقیقەتدا لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەوڵێکی زۆری لەسەر پرۆژە یاسایی بودجەکە داوە، لەم ڕووەوە تا ئێستا زیاتر لە (١٠٠) کۆبوونەوەی ئەنجام داوە لەگەڵ وەزارەتەکان و پارێزگارەکان و لەگەڵ چەندین کەسی شارەزا و پسپۆڕ و چەندین جار دانیشتن و گفتوگۆی لەگەڵ وەزارەتی دارایی کردووە و هەوڵێکی زۆر جددییان خستووەتەگەڕ، واتە لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران زۆر بە گرنگییەوە کار لەسەر موازەنەکە دەکات. بێگومان پرسی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان لەو بودجەیە بریتییە لە موستەحەقات و ماف و شایستە داراییەکان بەگشتی و بڕی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان لەناو بودجەکە بە تایبەتی، کە بە تەواوی و ڕوونی جێگیر کراوە، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی و بە بێ گرفت حکومەتی هەرێم بتوانێت مانگانە مووچەی فەرمانبەرانی دابەش بکات. کە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق دیاری کراوە، کە لە (١٠) تریلۆن دینار بڕی (٦٢) ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە، کە ئەمەش زۆر کەمە، بەڵام لە نەفەقاتی حاکیمەش بڕی پارە بۆ بەشە خۆراك و داودەرمان و کڕینەوەی گەنمی جووتیاران دیاری کراوە، کە ئەو بەشەش بە ڕێکوپێکی دەگاتە هەرێمی کوردستان. ئەگەرچی حکومەتی عێراق هەوڵی داوە بەشی بودجەی سیادی زیاد بکات، بەڵام ئەمە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نییە، چونکە وەزارەتی بەرگری و دەزگای هەواڵگری هیچ کوردیان تێدا نییە، کە لەسەر بودجەی سیادییە. بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەوەی تا ئێستا لە حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی بەرانبەر کوردستان بەدی دەکرێت، باشە و ئومێدەوارین باشتریش بێت.

**مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکەی (٩٠٠) ملیار دینارە، بەڵام ئەوەی کە حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەینێرێت (٤٠٠)ملیار دینارە**

**پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق دیاری کراوە، کە لە (١٠) تریلۆن دینار بڕی (٦٢) ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە، کە ئەمەش زۆر کەمە**

*** رۆژی ٤ی نیسانی ڕابردوو مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ محەمەد شیاع سوودانی ڕێککەوتنێکی گرنگیان واژۆ کرد، لایەنە گرنگەکانی ئەم ڕێککەوتنە چی بوون؟ ئایا گرنگیی ئەم ڕێککەوتنە بۆ خەڵکی کوردستان چییە؟**

- ئەم ڕێککەوتنەی کە لە نێوان ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ ئەنجام درا، زۆر گرنگ و مێژوویی بوو، چونکە بەبێ ئەو ڕێککەوتنە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان تووشی کێشە دەبوو، واتە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بودجە بۆ هەرێمی کوردستان نەدەهات و بەبێ ئەو ڕێککەوتنە کێشەی نەوت و غاز لە نێوان هەرێم و کوردستان چارەسەر نەدەکرا. بۆیە ئەو ڕێککەوتنە وەك بنەما و زەمینەیەکە بۆ چارەسەربوونی هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەر لە سایەی ئەو ڕێککەوتنەیە دەبینین پەیوەندی و هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر باش و جددییە و یاسای نەوت و غازیش کە لە بەرژەوەندیی هەموو عێراق و هەرێمی کوردستاندایە دێتە دانان و پەسندکردن. لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕێککەوتنە لەسەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەر بەرپرسیاریەتیی حکومەتی عێراق و ئەو کۆمپانییانەی نەوت لە کێڵگەکانی هەرێم دەردەهێنن، گرێبەستی تازە لەگەڵ عێراق بە شێوەیەکی تازە دەبەستن و داهاتی نەوتەکە دەچێتە ژێر چاودێری و ژمارە حیسابێك کە بەڕێز سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان چاودێری و سەرپەرشتی دەکات، کە ئەوەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندایە و هاوکات لە بەرژەوەندیی هەموو عێراقیشە و هۆکارێکی گرنگ و بەهێز دەبێت لە گەشەکردنی ئابووری و ئاودانکردنەوەی هەرێمی کوردستاندا.

**لە نەفەقاتی حاکیمەش بڕی پارە بۆ بەشە خۆراک و داودەرمان و کرینەوەی گەنمی جووتیاران دیاری کراوە، کە ئەو بەشەش بە ڕێکوپێکی دەگاتە هەرێمی کوردستان**

**حکومەتی عێراق هەوڵی داوە بەشی بودجەی سیادی زیاد بکات، بەڵام ئەمە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نییە، چونکە وەزارەتی بەرگری و دەزگای هەواڵگری هیچ کوردیان تێدا نییە**

**محەمەد سوودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بەڵێنی داوە کە ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ بکرێت**

*** چەند ڕۆژێك پێش ئیستا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و جیا لە کۆبوونەوە گرنگەکەی لەگەڵ محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، هەروەها بەشداری لە کۆڕبەندەکەشدا کرد کە لە هەمان کاتدا سەرۆك وەزیرانی عێراقیش بەشداری بوو، لەو کۆڕبەندە قسەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆك وەزیرانی عێراق زۆر جێگەی دڵخۆشی بوون، تەنانەت گەیشتە ئەوەی سوودانی بڵێت بۆچوونەکانمان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم نەك لێك نزیکە، بەڵکو وەك یەکن، ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنە لە پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، ئایا ئەم قەناعەتە لای حکومەتەکەی سوودانی چۆنی بخوێنینەوە؟**

- گوتەکانی هەردوولا چ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و چ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە لە سەردانەکەی ڕێزدار سەرۆکی هەرێم بۆ لای محەمەد شیاع سوودانی و لە پاشان ئەو گفتوگۆو گوتانەی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندەکەدا کە زۆر بە ڕاشکاوانە پەنجەی لەسەر کێشە و گرفتە بنەڕەتییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دانا و وەڵام و هاوڕابوونی محەمەد شیاع سوودانی بۆ قسەکانی سەرۆکی هەرێم، بە قوناغێکی نوێ دەبیندرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، نەك هەڵپەساردن و تازەکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان. لەو سەردان و گوتانەی جەنابی سەرۆکی هەرێم و سوودانی ئەوەی خستەڕوو کە کار و هەوڵ و پلان و کۆششەکان لە هەردوو لایەنەوە بەرەو ئایندەیەکی بەهێز و پێشکەوتوو و سەقامگیر و گەشەکردنی ئابووریی هەر دوولا بوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بە هاوتەریبی یەکتر بەبێ دروستکردنی هیچ کێشە و بیانوویەك.

*** خاڵێکی دیکەی گرنگی بەرنامە وەزارییەکەی سوودانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگالە، بەڵام ئەوە شەش مانگ بەسەر حکومەتەکە تێپەڕی، بەڵام بارودۆخی شنگال هەروەك خۆیەتی و ئاسایی نەکراوەتەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ڕێککەوتنی شنگال پشتگوێ خراوە؟**

- لە هەقیقەتدا محەمەد سوودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بەڵێنی داوە کە ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ بکرێت، کە ئاشکرایە ئەمە ڕێککەوتنێکی گرنگە لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمان بۆ



ئاسابیکردنەوەی دۆخی شنگال و سنوورەکە، تاوەکو خەڵکی ئەو شارە کە جگە لەوەی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدیان لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش دەرهەق کراوە، ئەوا چەندین ساڵیشە لە ئاوارەیی و مەرگەساتدا ژیان دەگوزەرێنن، بگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان و قەرەبوو بکرێنەوە و ئیدارەی شنگال قائیمقامێکی لە خەڵکی خۆیان بۆ دابنرێت، بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی هەیە، ئەو پۆلیسانە ئەرکیان پێ دەسپێردرێت لە خەڵکی شنگال دەبن و ئەوان بەرپرسیارێتی و چاودێریکردن و دابینکردنی هێمنی و سەقامگیری بۆ شار و سنوورەکە دەگرنە ئەستۆ، بەڵام گرنگترین خاڵی ڕێککەوتنەکە دەرکردن و نەهێشتنی ئەو هێز و چەکدارانەیە کە نایاسایی و ناشەرعین، کە هێزی چەکدارانی یەپەشەی سەر بە پەکەکەن کە بوونی ئەو چەکدارانە بووەتە هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیریی شنگال و ناوچەکە بە تەواوی.

*** تاچەند گەشبینی بەوەی کە حکومەتی سوودانی تەواوی بەرنامە وەزارییەکەی جێبەجێ دەکات؟ ئایا هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگی یەکدەنگن بەرانبەر ئەو خاڵانەی پەیوەستن بە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ناو ئەو بەرنامە وەزارییەدا؟**

- ئەمڕۆ هاوپەیمانییەك هەیە لە عێراق بە ناوی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگی کە کوردیش لەو هاوپەیمانییە بۆ پێکهێنانی حکومەتی سوودانی بەشداری کردووە، حکومەتەکەی سوودانییش بە ڕێککەوتنێکی سیاسی پێکهێنراوە و ئەنجومەنی نوێنەران بە هەمان شێوە بە ڕێککەوتنێکی سیاسی بەڕێوە دەچێت، بۆیە پێویستە ئەوەی لەناو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییەکە و لە ناو حکومەت دەکرێت و دێت بۆ پەرلەمان بە زووترین کات گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەسند بکرێت، کە بۆ بەرژەوەندیی هەموو لایەك وەك یەکە و گرنگە و سەرکەوتن و جێبەجیکردنی هەموو کارەکانی حکومەتەکە، کە ئەوە سەرکەوتنی عێراق و ئەو هاوپەیمانییە سیاسییەیە کە لە عێراق ئەنجام دراوە و بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانیش لەخۆ دەگرێت، ئەوەی لەو شەش مانگەی ڕابردوو لە حکومەتەکەی شیاع سوودانی بینیومانە جێگای گەشبینییە و ئیرادەیەکی جددی هەیە و دەیەوێت بەرنامە وەزارییەکەی جێبەجێ بکات.

**گرنگترین خاڵی ڕێککەوتنەکە دەرکردن و نەهێشتنی ئەو هێز و چەکدارانەیە کە نایاسایی و ناشەرعین، کە هێزی چەکدارانی یەپەشەی سەر بە پەکەکەن کە بوونی ئەو چەکدارانە بووەتە هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیریی شنگال و ناوچەکە بە تەواوی**

# چارڵسی سێیەم
# تاجی پادشای لەسەر نا

خانەوادەی شاهانە لە شانشینی یەکگرتوو ماوەی هەزار ساڵە بە سیستمی پادشای مەلەکی (Royal family) لە باپیر و داپیر و باوك و دایکەوە بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانیان، بەپێی زنجیرەی خێزانی، دەسەڵات لە ناو خانەوادەی شاهانەدا دەستاودەست دەکات.

**شاژنە ئەلیزابێسی دووەم تەمەن درێژترین پادشای شانشینی یەکگرتوو ...**

شاژنە ئەلیزابێسی دووەم کە ناوی تەواوی (Elizabeth Alexandra Mary Windsor)ە، بە ئەلیزابێسی دووەم ناسراوە لە خانەوادەی (Windsor)، لە٦ی فیبرەوەری ساڵی ١٩٥٢ وەك گەنجترین کچە شازدەی جێنشین تاجی شاهانەی لە سەر نرا و، تەمەن درێژترین پادشای وڵات بوو، لە دووەهەمین جەنگی جیهانیدا وەك ئەندازیاری میکانیك و دواتریش وەك شۆفێری ئۆتۆمبێلی سەربازی ڕۆڵێکی کارای هەبووە لە ڕیزی سوپای وڵاتەکەیدا، لە سەردەمی (ئەلیزابێسی دووەم)دا ١٥ سەرۆك وەزیران دەسەڵاتیان دەستاودەست کردووە، لە ناو سەرۆك وەزیرانەکانیشدا سێ ئافرەت هەبوون، لەوانە (مارگرێت تاچەر، تێریزا مەی، لیز تراس)، شاژن لە تەواوی جیهاندا بە دەسەڵاتدارترین ئافرەت ناسرابوو، هەر وەك دەوترا شانشینەکەی هەرگیز خۆری لێ ئاوا نابێت (المملكة المتحدة لا تغيب عنها الشمس) جگە لە بەریتانیا لە ناو دەوڵەتانی کۆمنوێڵسدا (ئەلیزابێسی دووەم) وەك شاژن و پادشا وێنەی لەسەر دراوەکانیان هەیە.

لە هەشتی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٢٢ لە کۆشکی باڵمۆراڵ لە سکۆتلەندا شاژن لە تەمەنی ٩٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، لە تەواوی جیهاندا ماتەمێنی و خەمباری بۆ کۆچی دوایی (ئەلیزابێسی دووەم) ڕاگەیاندرا، لە بەریتانیا و وڵاتانی کۆمنوێڵس و تەواوی جیهانیشدا پرسەی بۆ گێڕدرا، هەزار کەسایەتیی کاریگەری جیهان بەشدارییان لە ڕێوەڕەسمی بەخاکسپاردنەکەیدا کرد، لەوانە (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بانگهێشتی ماڵئاوایی و ناشتنی تەرمی شاژنی کۆچکردوو کرا.

**ڕێوەڕەسمی تاج لەسەر دانان**

کاتێ شاژنە (ئەلیزابێسی دووەم) بووە شاژنی بەریتانیا (چارڵس)ی کوڕی تەمەنی تەنیا چوار ساڵان بوو، واتا پادشا (چارڵس) حەفتا ساڵ شازادی جێنشین بوو تا کۆچی دوایی دایکی، ئەو کات بووە پادشای شانشینی یەکگرتوو، ڕۆژی ٢٠٢٣/٥/٦ تەدارەکێکی شاهانە ڕێك خرا، بۆ ئاهەنگی تاج لەسەر دانانی پادشای نوێ، کە بە (Coronation) ناسراوە، لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا تاجی پادشایی لەسەر (چارڵسی سێییەم) دانرا، تاج لەسەر دانانی پادشا (چارڵسی سێیەم)یش ڕووداێکی مێژوویی گرنگە، بەتایبەتی لە مێژووی نوێی بەریتانیا و وڵاتانی کۆمنوێڵس و بگرە جیهانیش.

تەواوی میوانانی بانگهێشتکراو لە هۆڵی کەنیسەی (Abbey Westminster) لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئامادە بوون. پادشا (چارڵسی سێیەم) بە یاوەریی گاردی شاهانەی بەریتانی بە گالیسکە و ئەسپ و عارەبانەی شاهانە لە کۆشکی پاکینگهامەوە بە ناو ملیۆنان هاووڵاتی بەریتانیدا بەڕێ کەوت و کاتژمێر ١١:٠٠ی پێش نیوەڕۆ گەیشتە کەنیسەی (Westminster Abbey)، لە مەراسیمەکەدا پادشا (چاڕلسی سێیەم) دوای سوێندخواردن بە شێوازێکی کۆنی عورفی شاهانە لەشی بەجۆرە ڕۆن و زەیتێك چەور کرا، دواتر جلی پادشای لەبەر کرا و پاشان لەلایەن مەتران جۆستن وێڵبی (Justin Welby) تاجی شاهانەی خرایە سەر (Charles Philip Arthur George) کە بە چارڵسی سێیەم (Charles III) ناسراوە، لە تەدارەکەکەدا جگە لە جلوبەرگ و دەستەوانە و هەر دوو داری دەسەڵاتی شاهانە و تۆپێکی بچووك هاوشێوەی گۆی زەوی کە خاچی مەسیحییەتی پێوەیە و لە ئایینی مەسیحییەتدا گرنگی و پیرۆزیی خۆی هەیە. مەتران (جۆستن وێڵبی) دوای ئەوەی تاجەکەی

**لە سەردەمی (ئەلیزابێسی دووەم)دا ١٥ سەرۆك وەزیران دەسەڵاتیان دەستاودەست کردووە، لە ناو سەرۆك وەزیرانەکانیشدا سێ ئافرەت هەبوون**

**لە مەراسیمی تاج لەسەردانانی پادشای نوێی بەریتانیادا تەواوی کەسایەتییە گرنگەکانی جیهان بەشدار بوون، جگە لە حەوت وڵات نەبێت، کە بانگهێشت نەکرابوون**



مستەفا قایتەوەنی – لەندەن
بۆ گوڵانی نووسیوە

لەسەر پادشا دانا، لەوە دڵنیا بوو تاجەکە جێگەی تەواوی خۆی گرتووە، چەند هەنگاوێك گەڕایەوە دواوە و بە دەنگێکی بەرز گوتی: (God save the King) خودا پادشامان بپارێزێت، دواتر ئامادەبووان هەمان دروشمیان گوتەوە، دواتر شاژن سوێنددرا و تاجی شاژنی لەسەر (کامیلا) هاوسەری پادشا دانرا، پادشا (چارڵسی سێیەم) بووە پادشای فەرمیی بەریتانیا و وڵاتانی کۆمنوێڵس و شازادەی جێنشین (William Charles) کوڕی پادشا وەك شازادەی جێنشین، بووە یەکەم کەس کە پیرۆزبایی لە پادشا کرد و سوێندی شازادەی جێنشینی خوارد و ماچی باوکی کرد.

لە مەراسیمی تاج لەسەردانانی پادشای نوێی بەریتانیادا تەواوی کەسایەتییە گرنگەکانی جیهان بەشدار بوون، جگە لە حەوت وڵات نەبێت، کە بانگهێشت نەکرابوون، ئەوانیش بریتین لە (ڕووسیا، ئێران، سووریا، ئەفغانستان، میانمار، ڕووسیای سپی، ڤەنزوێلا). لە مەراسیمی تاج لەسەردانانی پادشای نوێی بەریتانیادا ڕێوشوێنێکی توندوتۆڵی ئاسایشی گیرابووە بەر، نزیکەی ١١ هەزار ئەفسەری پۆلیس و دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان و گاردی شاهانەی بەریتانی ئاسایش و تەناهی لەندەنی پایتەختیان لە زەوی و ئاسمانەوە دەپاراست.

هەر لەگەڵ دانانی تاجی پادشاییدا مەراسیمە سەربازییەکان دەستیان پێ کرد، دەست کرا بە تەقاندنی تۆپی تایبەت بۆ نیشاندانی خۆشحاڵی و ڕێزنواندن لە پادشای نوێ، دواتر زەنگی کاتژمێرەکانی لەندەن بە تایبەتیش دەنگی کاتژمێری بەناوبانگی (بیگ بەن) لە ناوچەی وێست مینیستەر لەگەڵ لێدانی جوقی سەربازیی شاهانە بەدوای یەکدا لێ درا، پادشا و شاژن کەنیسەی (Westminster Abbey)یان بەجێهێشت بەرەو کۆشکی شاهانەی باکینگهام بەڕێ کەوتن، لە نێو میلۆنان هاووڵاتیی خرۆشاوی بەریتانی، وەك عورفی شاهانە پادشا و شاژن چوونە باڵکۆنی کۆشکی پاکینگهام، لەوێوە سڵاویان لە ئامادەبووان کرد و دواتر فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی شاهانەی بەریتانی دەستیان کرد بە چەندین جۆر نمایشی سەربازیی سەرنجڕاکێش.

**چەند وێستگەیەکی ژیانی پادشا چارڵسی سێیەم**

پادشا چارڵس یەکەم پادشای بەریتانییە کە بەرزترین بڕوانامەی ئەکادیمیی هەیە، پلەو پۆستی باڵای سەربازیی هەبووە و ماوەی حەوت ساڵ لە ڕیزەکانی سوپای بەریتانیادا فەرماندە بووە، لە هێزی ئاسمانیی شاهانەی وڵاتەکەیدا فڕۆکەوانێکی سەرکەوتووش بووە، لە هونەری وێنەکێشاندا زۆر شارەزایە، هاوکات کەسێکی خەمخۆری بواری ژینگەیە و بایەخ بە کەشوهەوا دەدات، هەروەها دۆستی ئایینە جیاوازەکانە و دۆستایەتییەکی زۆریشی لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوە موسڵمانە خێرخوازییەکانی بەریتانیادا هەیە و پشتگیرییان دەکات، بەپێی قسەی میدیاکانی بەریتانیا شارەزاییشی لە قورئانی پیرۆزدا هەیە، سەبارەت بە سیاسەتیش چەندین جار قسەی لەسەر سیاسەت کردووە و دەستوەردانی ئاشکرای هەبووە! ئەگەرچی بەپێی یاسای کۆشکی شاهانە پادشا دەست لە سیاسەت وەرنادات، بەڵام ڕەنگە ئەم عورفە پادشای نوێ نەگرێتەوە و لە زۆر پرسدا قسەی خۆی دەکات.

لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ کۆشکی باکینگهام و حکومەتی بەریتانی و ڕێکخراوە خێرخوازییە بەریتانییەکان ڕۆڵی گەورەیان بینی لە هاوکاریکردنی خەڵکی کوردستاندا، سەدان خێزانی کوردستانیان بە فەرمی لە بەریتانیا داڵدە دا، بە هاوکاریی ئەمریکا ناوچەی دژە فڕینیان بۆ کوردستان دروست کرد و کوردیان لە ڕژێمی بەعس پاراست.

خانەوادەی شاهانەی بەریتانی کورد وەك میللەت دەناسن، لە سەرەتای مانگی دووی ئەمساڵ پادشا چارڵسی سێیەم پێشوازیی لە پزیشکێکی کورد کرد و بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشی لە بەرانبەر ئەو خزمەتانەی پێشکەشی بەریتانیای کردووە.

**لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ کۆشکی باکینگهام و حکومەتی بەریتانی و ڕێکخراوە خێرخوازییە بەریتانییەکان ڕۆڵی گەورەیان بینی لە هاوکاریکردنی خەڵکی کوردستاندا**

**خانەوادەی شاهانەی بەریتانی کورد وەک میللەت دەناسن، لە سەرەتای مانگی دووی ئەمساڵ پادشا چارڵسی سێیەم پێشوازیی لە پزیشکێکی کورد کرد و بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشی**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر لۆرەنس ڕۆبین بۆ گوڵان:

# ڕووسیا تووشی دۆخێک بووە ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات

**لۆرەنس ڕۆبین پرۆفیسۆرە لە سکوڵی سام نون بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە ئەنستیوتی تەقنیی جۆرجیا، هەروەها توێژەرە لە ئەنستیوتی نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ستراتیژی. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، لە نێویاندا سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتی و گرنگییەکی دیاریکراو بە بابەتەکانی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە دەدات، لە بارەی پرسی ئایین و سیاسەت و بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، چەندین توێژینەوەی لە وڵاتانی میسر و ئیسرائیل و ئەردەن و یەمەن و مەغریب ئەنجام داوە، هەروەها لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٧-٢٠١٨ لە نووسینگەی وەزیری بەرگری ڕاوێژکاری باڵا بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و دەرهاویشتە و ئاقار و ئاراستەی ئەم شەڕە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** هەروەك ئاشکرایە نەك هەر ڕەوتی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەرەو خاوبوونەوە ناچێت، بەڵکو هیچ ئاسۆیەك بۆ هێوربوونەوەی بارودۆخەکە لەم ساتەوەختەدا لە ئارادا نییە، واتە هەردوولا هەنگاوی زیاتر هەڵدەگرن بۆ چڕکردنەوەی شەڕەکە و لە ئەنجامدا بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەچێت. ئێوە چۆن لە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم شەڕە دەڕوانن و، بۆچی ڕووسیا هێندە لەسەر بەردەوامیدان و درێژەدان بەم شەڕە پێداگری دەکات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ڕووسیا تووشی دۆخێك بووەتەوە کە ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات، لە هەمان کاتدا کێشەکە ئەوەیە کە ڕووسیا ناتوانێت بەرگەی شکست و دۆڕانی شەڕەکەش بگرێت. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە پرسەکە بڕوانین و ئەوە لەبەر چاو بگرین، کە ڕووسیا پێی وابوو دەتوانێت شەڕەکە بباتەوە و تێیدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا لەبەر ڕۆشنایی ئەم هەلومەرجەی ئێستادا پێ دەچێت، بیر لە گەڵاڵەکردنی ستراتیژیەتی دەرچوون و دەربازبوون لە شەڕەکە بکرێتەوە.

*** بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی پێش شەڕەکە و پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا هەر خۆی لە خۆیدا پاساوێکی بەهێز هەبوو بۆ هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە و، ئایا ڕووسیا ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسییەکی جددی ببوو کە ناچار بێت پەنا بۆ ئەم بژاردەیە بەرێت؟ ئایا پێت وانییە لە ئێستادا ڕووسیا گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە هەڵەیەکی ستراتیژی بوو و نەدەبوو بیکردایە؟**

- ئەگەر من ڕاوبۆچونی خۆم دەربڕم، ئەوا بە دڵنیاییەوە پێم وا نییە ڕووسیا پێویستی بە هەڵگیرسانی ئەم شەڕە هەبوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەگەر لە ڕوانگەی ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەوا لەو کاتەدا پێیان وابوو کە دەرفەتێکی ڕەخساو بۆ ڕووسیا دەستەبەر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی زۆرێك لە شرۆڤەکارانی تووشی سەرسوڕمان کردووە، ئەوەیە کە بۆچی سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئەم بڕیارەی دا و بۆچی دۆخەکەی بەم ئاقار و ئاراستەیەدا برد. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ڕووداوەکانی ساڵانی پێش شەڕەکەوە شرۆڤە و تاوتوێی ئەم پرسە بکەین، ئەوا ڕەنگە ڕووسیا ئەوەی لەبەرچاو گرتبێت، کە هەروەك چۆن بۆی چووە سەر کە دەست بە سەر هەرێمی کرێمیادا بگرێت و، ڕووبەڕووی کاردانەوە و پەرچەکردارێکی ئەوتۆ نەبێتەوە، ئەوا بە هەمان شێوە بۆ تەواوی ئۆکرانیاش دۆخەکە بەم ئاسانی و خێراییە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا یەکلا دەبێتەوە، واتە ڕەنگە ئەمە بیرکردنەوەی ڕووسیا بێت لەو کاتەدا، بۆیە پەنای بردە بەر ئەم شێوازە.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە گەلی ئۆکرانیا و سوپای ئەو وڵاتە بەرگری و بەرهەڵستییەکی گەورەی ڕووسیا دەکەن، بەڵام ناکرێت ئەو ڕاستییەش نادیدە بگیرێت کە بە بێ هاوکاری و پشتیوانییە گەورەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئۆکرانیا نەیدەتوانی ئەم شەڕە بکات، ئێوە چۆن لە ئەدای ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن لە ئاست ئەم شەڕەدا دەڕوانن؟**

**پشتیوانییەکی بەرچاو لە نێوان هەردوو حزبەکەدا لە نێو کۆنگرێسی ئەمریکادا بۆ ئۆکرانیا هەیە**

**ئەگەر شەڕەکە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بکێشێت، ڕەنگە ڕای ناوخۆیی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەیانەوێت ئەم هاوکارییانە بۆ ئۆکرانیا بەردەوام بن**

- من پێم وایە ئەم ئیدارەیە ئەدایەکی باشی هەبووە لەم ڕووەوە، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە پشتیوانییەکی بەرچاو لە نێوان هەردوو حزبەکەدا لە نێو کۆنگرێسی ئەمریکادا بۆ ئۆکرانیا هەیە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن ئەدایەکی باشی هەبووە لە ئاست ئەم شەڕەدا. بەڵام لە پەیوەندی بە دارشتنی بودجەوە، ئەوا هەموو جارێك ئەو مشتومڕە دروست دەبێت، کە ئایا چەند هاوکاریی دارایی بۆ پشتوانیکردن و هاوکاریکردنی ئۆکرانیا دەستەبەر بکرێت، بە تایبەتی کە بۆ کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە و یەکلابوونەوەی هیچ ئاسۆیەك بەدی ناکرێت.

**تا ئێستا مایەی سەرسوڕمان نییە کە پشتیوانییەکی زۆر هەیە بۆ حکومەتەکە لە نێو ڕووسیادا، ئەگەرچی ناڕەزایەتییەکی بەرچاویش لە ئاست شەڕەکەدا هەیە**

*** ئەگەر لە کۆتایی وەڵامەکەتانەوە پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا لە حاڵەتی درێژەکێشانی ئەم شەڕەدا ئەگەری ئەوە هەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا پێداچوونەوە بە بڕیاری بەردەوامیدان بە هاوکاری و پشتیوانییەکانیان بۆ ئۆکرانیا بکەن؟**

- من پێم وانییە بەردەوام بێت، بۆ نموونە تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە ئەگەر شەڕەکە بۆ ١٠ ساڵ درێژە بکێشێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر شەڕەکە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بکێشێت، ڕەنگە ڕای ناوخۆیی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەیانەوێت ئەم هاوکارییانە بۆ ئۆکرانیا بەردەوام بن. واتە پرسەکە دەبێتە پرسێکی تەواو سیاسی و لە ڕاستیدا هەر لە ئێستاشەوە بەم ئاقارەدا ڕۆیشتووە، هەر کاتێکیش ئەم پرسە تەواو بەرگێکی سیاسی وەرگرت، ئەوا بەردەوامیدان بە دەستەبەرکردنی دارایی بۆ ئۆکرانیا ڕووبەڕووی تەحەددی و ئاستەنگ دەبێتەوە.

**دەوڵەتی بە ئامانجگیراو، یان دەوڵەتی سزا بەسەردا سەپێندراو، ڕێگا و دەروازەی دەربازبوون لە سزاکان دەدۆزێتەوە**

*** ئەی پێت وانییە ئەگەر شەڕەکە بەردەوام بێت و ڕووسیا تووشی زیان و خەسارەتی زیاتر ببێتەوە، ئەوا لە ناوخۆی ڕووسیاشدا بەرهەڵستی و ناڕەزایەتی لە ئاست درێژەکێشانی ئەم شەڕەدا دروست دەبێت؟ ئایا ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، حکومەتی ڕووسیا ناچار نابێت پێداچوونەوە بە بڕیارەکەیدا بکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا من زۆر شارەزای بارودۆخی ناوخۆیی ڕووسیا نیم، بەڵام ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە بوترێت، ئەوەیە کە تا ئێستا مایەی سەرسوڕمان نییە کە پشتیوانییەکی زۆر هەیە بۆ حکومەتەکە لە نێو ڕووسیادا، ئەگەرچی ناڕەزایەتییەکی بەرچاویش لە ئاست شەڕەکەدا هەیە.

**دە ساڵ پێش ئێستا ئەڵمانیا بڕیاری دا، دەست لە بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی هەڵگرێت و بە ئاسانی ناتوانێت ئەم بڕیارە پێچەوانە بکاتەوە**

*** ئێمە باسی هاوکارییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و خودی ئەمریکامان بۆ ئۆکرانیا کرد، بەڵام ڕوونە کە لە هەمان کاتدا وڵاتانی ڕۆژئاوا چەندین سزای ئابووری و دارایی جۆراوجۆریان بە سەر ڕووسیادا سەپاندووە، بەڵام پێ ناچێت ئەم سزایانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا و بە دیاریکراوی سەرۆك پوتینیان گۆڕیبێ، ئێوە چۆن لە کارایی و کاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- من پێم وایە کاریگەرییان هەیە، بەڵام سرووشتی سزاکان بە چەشنێکە کە کاتیان دەوێت بۆ ئەوەی کاریگەر و کارایییان هەبێت، واتە ئەمە لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوو نادات و نابێت ئەم چاوەڕوانییەمان لە سزاکان هەبێت. لەم ڕووەوە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە دەوڵەتی بە ئامانجگیراو، یان دەوڵەتی سزا بەسەردا سەپێندراو، ڕێگا و دەروازەی دەربازبوون لە سزاکان دەدۆزێتەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی سزاکان وردە وردە کەڵەکە دەبن و دێنەئاراوە.

*** ئەگەر پرسیار لەبارەی دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە بکەین، لەسەر وڵاتانی ئەورووپا، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە ئاسایشی سەربازی و ئاسایشی وزەی ئەم وڵاتانەوە، ئایا پێت وایە ئەم شەڕە چ شتێکی لە حیساباتی ئەم وڵاتانە گۆڕیوە لە پەیوەندی بە بەهێزکردنی تواناکانیانەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی قەیران و مەترسی نەبنەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئاسایشی وزەوە، ئەوا ئەم شەڕە ئاڵوگۆڕی بەسەر بیرکردنەوە و حیساباتی وڵاتانی ئەورووپادا هێناوە لە پەیوەندی بە سەربەخۆیی و سەرەوەربوونیانەوە لە ڕووی وزەوە. هەرچۆنێك بێت ئەم ئاڵوگۆڕە لە واقیعدا لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوو نادات، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە لەم ڕووەوە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دە ساڵ پێش ئێستا ئەڵمانیا بڕیاری دا، دەست لە بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی هەڵگرێت و بە ئاسانی ناتوانێت ئەم بڕیارە پێچەوانە بکاتەوە و، دەبێت لەم ڕووەوە ڕای گشتیی وڵاتەکەش بە هەند وەربگرێت، بە تایبەتی کە خواستەکە بەرەو ئەوەیە کە وزەی پاك بەکار بهێنرێت، کە ئەمەش دووبارە پرسی چۆنیەتیی بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی وزەی پاك دەهێنێتەوە ئارا.




پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل بۆ گوڵان:

# سعودیە دەیەوێت کێشەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا سفر بکاتەوە

**پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل بەڕێوەبەری پەیمانگەی دیراساتی هەرێمایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ و پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی نزیکە لە زانکۆی پرینستۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئەو بارگرژییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە پرسەکانی پەیوەست بە ناسنامەی ئایینی و دەسەڵاتەوە سەرچاوەدەگرن، هەروەها بایەخ بە مێژوو و سیاسەتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و، بە دیاریکراوی عەرەبستانی سعودیە دەدات. گولان لە میانەی دیمانەیەکدا دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران و لێکەوت و دەرهاویشتەکانی ئەم ڕێککەوتنە و، هەڵکشان و گەورەبوونی ڕۆڵی چین و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** ئاشکرایە کە هەر کاتێك ئاماژە بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، ئەوا باس لە پشێوی و ناسەقامگیری و ناکۆکی و دەستێوەردانی دەرەکی (بە دەستێوەردانی سەربازییشەوە) دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێك لە دەستێوەردان، یان دەستڕۆیشتوویيە دەرەکییەکان بە ئاراستەی ئاشتکردنەوە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە ناکۆك بەیەکەکانی ئەم ناوچەیە بوون، دواترینیان ڕێککەوتنی نێوان ئێران و سعودیەیە، ئێوە چۆن لەم هەوڵەی چین دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین کە ئەم هەوڵە دیپلۆماتییەی چین بووە هۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوویی ئەم وڵاتە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتر بێت، کە ئاماژەیە بە کاریگەری و توانای چین بۆ ئەوەی لایەنە هەرێمایەتییە ناکۆك بە یەکەکان لێك نزیك بکاتەوە و، جۆرێك لە ئاشتەوایی لە نێوانیاندا بەدی بهێنێت. خۆ ئەگەر ئەو هەوڵەی چین دەرئەنجامێکی ڕاستەقینەی لێ بکەوێتەوە، واتە پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئێران بە تەواوەتی ئاسایی ببنەوە و بەرەوپێش بچن، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەڵکشانی پێگەی دیپلۆماتیی چین لە ناوچەکەدا دەبێت.

*** کەواتە دەکرێت بە دیاریکراوی بڵێین ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئەوەی چین بتوانێت برەوی زیاتر بە دەستڕۆیشتوویی و متمانە و میسداقییەتی خۆی بدات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جۆ بایدن) لە سەردانەکەی پاردا بۆ سعودیە ڕایگەیاند ئەمریکا بۆشایی و پانتاییەك لەم ناوچەیەدا جێ ناهێڵێت، تاوەکو چین و ڕووسیا پڕی بکەنەوە؟**

- من پێم وایە بەرژەوەندی و خەمی چین لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئاشتی و ئارامی باڵ بکێشێت بە سەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، چیتر ئەم وڵاتانە لە شەڕ و ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ یەکتریدا تێوەنەگلێن و توندوتیژی بەرەو هەڵکشان نەچێت، بە دیاریکراویش هێرش نەکرێتە سەر کەرتی وزە و نەوتی عەرەبستانی سعودیە، یان کەرتی نەوتی ئێران، بارودۆخێکی لەم چەشنەش لە بەرژەوەندیی چیندا دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە ڕادده و ڕێژەیەکی زۆری نەوت و غاز لە ناوچەی کەنداوەوە هاوردە دەکات.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئەوا ڕاستە لەسەر ئاستی فەرمی پێشوازی لەم ڕێککەوتنە کرد، بەڵام زۆرێك لە بەرپرس و شرۆڤەکارانی ئەو وڵاتە گوزارشتیان لە نیگەرانیی خۆیان کرد لە ئاست هەڵکشانی ڕۆڵی چین لەم ناوچەیەدا، ئایا پێت وایە ئەمریکا پێداچوونەوە دەکات بەو سیاسەتەی تا ئێستا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا گرتوویەتەبەر؟**

- من پێم وانییە ئەم دەرئەنجامەی لێ بکەوێتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، پرسیارەکە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە، ئایا سەرچاوە و هەوڵ و کۆششی زیاتر دەگرێتەبەر لەم ناوچەیەدا وەك پارسەنگێك بۆ هەڵکشانی ڕۆڵ و دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی چین، یان ئایا بەردەوام دەبێت لە بایەخدان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ پێم وایە ئەوەی پێویستە ئەمریکا لەبەرچاوی بگرێت، لە دوای ئەم هەوڵەی چینەوە، ئەوەیە کە ناتوانیت کاریگەر بێت لەسەر ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و هەڵوێستی وڵاتان، ئەگەر پێشتر دەستڕۆیشتووو نەبێت لە ئاستیاندا. دواتر نابێت ئێمە ئەوە لە یاد بکەین، کە لە نێو خودی

**بەرژەوەندی و خەمی چین لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئاشتی و ئارامی باڵ بکێشێت بە سەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، چیتر ئەم وڵاتانە لە شەڕ و ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ یەکتریدا تێوەنەگلێن**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی گرنگە و ئەوەتا چین سەرقاڵی برەودانە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی تێیدا، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەند بێت بە بایەخدان و خستنەگەڕی هەوڵەکانی لەم ناوچەیەدا**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا مشتومڕێك هەیە لەبارەی ئەوەی ئایا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی و بایەخی خۆی لەدەست نەداوە لە پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە، لەم ڕووەوە ئەو بۆچوونە هەیە کە پێی وایە هەر هەوڵێك لەم ناوچەیەدا بدرێت، چارەنووسەکەی شکست دەبێت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی شەڕە هەمیشەیی و نەبڕاوەکانەوە، بەڵام دوای ئەم پەرەسەندن و پێشهاتە (ڕێککەوتنەکەی نێوان سعودیە و ئێران بە ناوبژیوانیی چین) ئەوا ئەو بۆچوونە زەق بووەتەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی گرنگە و ئەوەتا چین سەرقاڵی برەودانە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی تێیدا، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەند بێت بە بایەخدان و خستنەگەڕی هەوڵەکانی لەم ناوچەیەدا.

*** هەروەك ئاشکرایە سعودیە هاوپەیمانێکی ستراتیژیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و لەم ڕووەوە پەیوەندییەکی قووڵی مێژوویی هەردوولا پێکەوە گرێ دەدات، بەڵام ئایا ڕەوایە دوای ئەم ڕێککەوتنە کە چین ڕۆڵی ناوبژیزانی تێدا گێڕا، بڵێین گومان کەوتووەتە سەر پتەویی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و سعودیە؟**

- من پێم وا نییە، چونکە زۆربەی چەك و کەرەستەی سەربازیی سوپای عەرەبستانی سعودیە دروستکراوی ئەمریکان و، زۆربەی وەبەرهێنانی دەرەکیی سعودیە لە ئەمریکان، لەبەر ئەوە نەخێر پێم وانییە ئەم ڕێککەوتنە تەمێی گومان بخاتەسەر سرووشت و پتەویی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی سعودیە و ئەمریکا، بەڵکو پێم وایە وەك پەیوەندییەکی گرنگ و بەتین دەمێنێتەوە و درێژەی دەبێت.

*** باشە تا چەند دەکرێت گرنگی و گەورەیی ئەم ڕێککەوتنە بەراورد بکرێت بە ڕێککەوتنەکانی ئاشتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە، وەك ئیمارات، لە هەمان کاتدا ئایا دەکرێت بڵێین دوای ئەم ڕێککەوتنە هیچ پاڵنەرێك نەماوە بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەی عەرەبی (کە وەك ڕکابەر لە ئێرانیان دەڕوانی) بیر لە ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا بکەنەوە؟**

- ئێمە دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ڕێککەوتنەکانی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان بریتی بوون لە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان، لە کاتێکدا ئامانجی ئەم ڕێککەوتنەی نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەیە کە ئەو ڕکابەرییە توند و هەندێ جار توندوتیژانەی نێوان ئەم دوو وڵاتە کەم بکرێتەوە و خاو بکرێتەوە، بە چەشنێك کە هیچ یەکێك لەم وڵاتانە هێرش نەکەنەسەر یەکتری، ئیدی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان لە ڕێی وەکیلەکانیانەوە. واتە لە ڕاستیدا ئەم ڕێککەوتنە بۆ خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی بارگرژییەکانی نێوان دوو وڵاتی گرنگی ئەم ناوچەیە بووە، کە ئەمەش گرنگە بۆ سەقامگیریی ناوچەکە و لە هەمان کاتدا بۆ سەقامگیریی سیستمی نێودەوڵەتی پەیوەست بە دارایی و سیستمی جیهانیی پەیوەست بە وزەوە.

*** ئێوە کەسێکی شارەزا و تایبەتمەندن لە بارەی کاروبارەکانی سعودیەوە، ئایا ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانە ناوخۆیی و دەرەکییانە چین کە ئەم وڵاتە سەرقاڵی گرتنەبەریانن، بە تایبەتی لەسەر دەستی شازادەی جێنشین محەمەد بن سەلمان؟**

- من پێم وایە لە نێو عەرەبستانی سعودیەدا و لە نێو سەرکردایەتیی ئەم وڵاتەدا دەرك بەوە کراوە کە پێویستە وڵاتەکە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەرەو وەرچەرخان ببردرێت و ژێرخانی وڵاتەکە بە چەشنێك دابڕێژرێتەوە کە ئابووریی وڵاتەکە هەمەچەشن بکات، بە چەشنێك تەنیا سەرچاوەی داهات نەوت نەبێت. کەواتە دیدگە، یان پرۆژەی سعودیە ئەوەیە کە نەتەوە بنیاد بنرێت و وڵات بنیاد بنرێت. لەم ڕووەوە سەرکردایەتیی ئەم وڵاتە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرخستنی ئەم پرۆژەیە سفرکردنەوەی کێشەکان دەخوازێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، چونکە هەبوونی ناکۆکی و توندوتیژی دەبێتە هۆی پەکخستنی پرۆژەی وەرچەرخانی ئابووری، کەواتە پێویستە ئەم ڕێککەوتنەی سعودیە لەگەڵ ئێراندا وەك بەشێکی دەستپێشخەریی سعودیە لێك بدرێتەوە بۆ کۆتاییهێنان بە سەرجەم بارگرژییەکان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا و، کۆتایی بە شەڕ لە یەمەندا بهێنێت و بارگرژییەکانی لەگەڵ ئێران و هەروەها تورکیاشدا خاو بکرێتەوە، ئەوەتا سعودیە پێنج ملیار دۆلاری داوەتە بانکی ناوەندیی تورکیا وەك هاوکارییەك بۆ زیانەکانی زەمینلەرزەکە، کەواتە ئەوەی لە سعودیەدا ڕووی داوە، وەرچەرخانە لە ناکۆکی و ڕکابەرێتی و هەندێ جار لە دەستتێوەردانی سەربازییەوە بە ئاراستەی سفرکردنەوەی کێشەکان و دروستکردنی ئاشتی و بنیادنانی پەیوەندیی بازرگانی و هاوکاریی دارایی و.. هتد.

**زۆربەی چەک و کەرەستەی سەربازیی سوپای عەرەبستانی سعودیە دروستکراوی ئەمریکان و، زۆربەی وەبەرهێنانی دەرەکیی سعودیە لە ئەمریکان**

**سعودیە پێنج ملیار دۆلاری داوەتە بانکی ناوەندیی تورکیا وەک هاوکارییەک بۆ زیانەکانی زەمینلەرزەکە**

**ئەوەی لە سعودیەدا ڕووی داوە، وەرچەرخانە لە ناکۆکی و ڕکابەرێتی**

# بەرەو نوێکردنەوەی پەیڕەوی پارێزراوە سرووشتییەکان

گرنگە لە پرۆسەی نوێکردنەوەی پەیڕەوی پارێزراوە سرووشتییەکاندا لە سەرەتاوە هەر زاراوەیەك بە مانای خۆی بێتە پێناسەکردن بۆ نموونە:

**پارێزراوی سرووشتی:** بریتییە لە هەر ڕووبەرێك لە زەوی، یان لە ئاو، کە ڕەهەندی جوگرافیی دیاریکراویان هەیە و، سیستمێکی دەگمەنی سرووشتی، یان زیندەوەران لەخۆ دەگرێت، کە لە نێوان خۆیاندا دەژین، بەپێی سیستمێکی ژینگەیی دیاریکراو کە لەوانەیە هەندێکیان ڕووبەڕووی هەڕەشە، یان تێکچوون، یان لەناوچوون ببنەوە، بۆیە لەبەر بەهای ئەم سیستمانە لەڕووی کەلتووری و زانستی و گەشتیاری و جوانییەوە پارێزگارییەکی یاساییان دەخرێتە سەر بە مەبەستی پاراستن و بەردەوامیی پێدانیان.

**پارکی نیشتمانی:** بریتییە لە هەر ڕووبەرێك لە زەوی، یان لە ئاو، یان لە کەنار ئاوەکان، یان مێرگەکان، یان دارستانەکان کە وەك پارکێکی نیشتمانی ڕاپاندەگەیەندرێت بە مەبەستی پاراستنی سیستمی ژینگەی سرووشتیی.


**زەوییە شێدارەکان:** بریتییە لە دەریاچە و زۆنگاو و زەوییە بە ئاو داپۆشراوەکان، جا سرووشتی بن، یان دەستکرد، هەمیشەیی بن، یان کاتی، لەبەر ڕۆیشتووی شیرین بن، یان وەستاوی سوێر، بەو ناوچانەی دەریاشەوە کە قووڵاییان لەلای هەرە نزمییەوە زیاتر لە شەش مەتر نییە.

**گەشتیاریی ژینگەیی:** بریتییە لە سەردانییکردنی ناوچە سرووشتییەکان و ئەنجامدانی چالاکییەکانی گەشتییاری ژینگەیی بەبێ ئەوەی هیچ دەستکارییکردنێك، یان زیانێك بە پێکهاتەکانی سرووشت بگەیەنرێت، ئەمەش وەك پابەندبوونێك بە ڕێنماییە ژینگەییەکانەوە.

**نشینگەکان:** ئەو شوێنە سرووشتییانەن کە جێگەی خۆڕسکانەی ڕووەك و گیانلەبەرانی ناوچەکەن و سەرچاوەی خۆڕاکیشن بۆیان.

**جۆرە هەڕەشە لەسەرەکان:** تەواوی ئەو ڕووەك و گیانلەبەرانەن کە لە ڕابردوودا ژمارەیان زۆر بووە و دواتر ژمارەیان لە کەمیی داوە، بە هۆی چالاکییە مرۆییەکانی وەك کشتیاریی و لەوەڕاندن و داربڕین و ڕاوی نایاسایی و پیسبوونی ژینگە و تێکدانی نشینگەکانیان.

**کەلەپووری سرووشتی:** بریتییە لە شوێنەوارە سرووشتییە دروستبووەکان لە پێکهاتە فیزیاییەکان،



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

یان بایۆلۆژییەکان، یان جیۆلۆجییەکان، یان مۆرفۆلۆجییەکان، یان لە ژمارەیەك لەو پێکهاتانە کە بەهایەکی جیهانیی ناوازەیان هەیە لە ڕووانگەی جوانی و زانستی و، ئەو ناوچە بە وردی دیارکراوانەش کە وەك جێگەی ڕەسەنی ئەو جۆرە لە گیانلەبەران و ڕووەك ئەژمار دەکرێن کە هەڕەشەی لەناوچوونیان لە سەرە.

**ناوچەی ناوەندی:** ئەو ناوچەیەیە کە سیستمێکی ژینگەیی ناوازە، یان زیندەوەوەری هەڕەشە لەسەر، یان جۆرێك لە پارێزبەندیی تایبەت، یان بۆماوەیی کەلتووریی گرنگ لەخۆ دەگرێت و، پێویستیی بە دابینکردنی ڕێکارەکانی پاراستنێکی تایبەت هەیە، بۆ پارێزگاریکردن لە پێکهاتەکانی، جا هەر ڕووبەرێکی هەبێت.

**ناوچەی لێوار:** ئەو ناوچەیەیە کە دەوری سنووری ناوچە پارێزراوە دیارکراوەکان دەدات، بەکارهێنانیشی بە تەواوکار ئەژمار دەکرێت بۆ ئامانجەکانی دامەزراندنی ناوچە پارێزراوەکان.

**بەڕێوەبردنی شوێن:** کەسێك، یان ژمارەیەك لە کەسی خاوەن ئەزموون کە بەڕێوەبردنی پارك، یان شوێنە پارێزراوەکەیان پێ دەسپێردرێت.

هەموو ئەم وردەکارییەش لە پێناوی ئەوەدایە کە پەیڕەوی پارێزراوە سرووشتییەکان ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت کە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بریتین لە بەشێکیان:

١- پارێزگاریکردن لە سەرچاوە سرووشتییەکانی وەك فرەچەشنی بایۆلۆژی و جیۆلۆجییەکانی ناوچە پارێزراوەکان.

٢- توێژینەوەی زانستی لە بواری زیندەزانی و ئیکۆسیستم و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی بۆ توێژەران.

٣- هاندانی گەشتیاریی ژینگەیی و چالاکییە مرۆییەکان بێ زیان گەیاندن بە سەرچاوە سرووشتییەکان.

٤- هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بۆ پارێزگاریکردن لە ناوچەی پارێزراوە سرووشتییەکان و سەرچاوەی بۆماوە ڕووەکی و ئاژەڵییەکان وەك کەلەپووری نیشتمانیی هەرێمی کوردستان.

٥- پاراستنی شوێنە سرووشتی و کەلتووری و کەلەپوورییە ناوازەکانی شوێنی دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە و بەدیهێنانی گەشەپێدان تیایدا لە ڕێگەی باش بەکارهێنانی دەرامەتە ئابوورییەکانی ئەو شوێنانە دوور لە کاریگەریی نەرێنیی چالاکییەکانی مرۆڤ.

# زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئاشتەوایی کۆمەڵگەی کوردی خستووەتە ژێر پرسیار

**بە بێ کۆمەڵگە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە رووی جەستەیی و ئەخلاقییەوە دەڕووخێت**

**مانەوەی مرۆڤ پەیوەستە بە توانای پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتییەوە وەک لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن**

زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا و لەم سەردەمەدا کۆمەڵە هۆکارگەلێکی لە پشتە و باوترینی ئەو شتانەن کە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بوونیان هەیە، دەکرێت بڵێین: هەموو کۆمەڵگەکان بە دەست هەموو ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەوە دەناڵێنن کە کاریگەرییان لەسەر تاك کردووە، وەك(هەژاری، نەخوێندەواری، بێکاری، کارکردن بە منداڵان، بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان، وازهێنان لە خوێندن، جێبەجێنەکردنی یاسا وەك پێویست، نەبوونی ڕۆشنبیریی گشتی و بەکارهێنانی بەهەڵەی تەکنەلۆژیا، توندوتیژیی خێزانی، نەبوونی بەرنامەڕێژی بۆ پەروەردەی تەندروست) و چەندانی دی.

کۆمەڵگە بە پەیکەری کۆمەڵایەتیی دروستکراوی مرۆڤ ناسراوە و، پێکدێت لە کۆمەڵێك سیستەم و یاسا کە ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانە دیاری دەکەن کە بە سەر ئەندامانی کۆمەڵگەدا دەسەپێندرێن، جگە لەوەش کۆمەڵگە پشت بە ئەندامەکانی دەبەستێت بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەبێ تاك، کۆمەڵگەکان دەڕووخێن و نامێنن، تاك کاریگەریی کۆمەڵگەی لەسەرە و لە هەمان کات کۆمەڵگەش کاریگەری لەسەر تاك دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگەیەك بە دەست بێکاریی بەربڵاو و ئاستێکی بەرزی تاوان، بێکاریی گەنجان و کاتێکی زۆریان کە بێ سوود بەهەدەر دەڕوات، ئەندامانی ئەمە کۆمەڵگەیانە لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەی سەرەوە بەردەوام لەژێر کاریگەریی نەرێنیدان.

هەموو کۆمەڵگەیەك هەڵگری کۆمەڵێك توخمی بنەڕەتییە کە کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، کە ئەوانیش (خوو و بەهاکان، ڕۆڵی تاکەکان، سیستەمی سیاسی و یاساکانی، ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان)ـە. کۆمەڵگە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە پەیوەندیی نێوان تاکەکان لە پەیکەری کۆمەڵایەتیدا و بە یەكێك لە گرنگترین هۆکارەکان دادەنرێت» کە کاریگەری لەسەر تەندروستیی دەروونی هەیە. بە بێ کۆمەڵگە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە ڕووی جەستەیی و ئەخلاقییەوە دەڕووخێت، وەك چۆن مرۆڤ بەزۆری لە تەمەنێکی بچووکەوە دەست پێ دەکات بۆ پێکهێنانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، سەرەتا لەگەڵ دایکی، پاشان خێزان و کۆمەڵگەکەی و مانەوەی مرۆڤ پەیوەستە بە توانای پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتییەوە وەك لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن.

فەیلەسوف و زاناکان هەمیشە جەخت لە گرنگیی کۆمەڵگە دەکەن، هەر وەك(جۆرج هیگڵ) کە یەکەم کەس بوو کە چەمکی گەشەکردنی عەقڵی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و پەیوەندییەکەی بە کۆمەڵگەوە پێناسە کرد، ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی چەمکی عەقڵی بە کۆمەڵەوە. هەروەها (ئەرستۆ و ئەفلاتون) هەر یەکەیان پیناسەیەکی جیاوازیان هەیە. (ئەرستۆ) پێی وایە مرۆڤ بە سروشت کۆمەڵایەتییە و هەمیشە پێویستی بە ژیانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، تیۆری کۆمەڵگەی ئەو زیاتر لەسەر تاك بووە، نەك گرووپ. سەبارەت بە (ئەفلاتونیش) پێی وایە کۆمەڵگە، یان دەوڵەت کۆنترۆڵی تاك دەکات، واتە تیۆرییەکەی زیاتر لەسەر گرووپە وەك لە تاك.

کاتێك باس لە کۆمەڵگە دەکرێت، نابێت لە بیرمان بچێت باس لە گرنگیی ڕۆڵی سیستەمی سیاسیی ناو ئەو کۆمەڵگەیە بکەین، چونکە دوو چەمکی پێکەوە گرێدراوی کارتێکەری یەکترن و بێ یەکتر نابن. تاکو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەبێت، ناکرێت سیستەمی سیاسی هەبێت، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە سیستەمی سیاسی گرنگە پڕ بایەخ بێت لە ئاراستەکردنی تاکی کۆمەڵگەدا لە ڕیگەی کەناڵەکانی (حزب) و پارتە سیاسییەکانییەوە کە بەردەوام کار لەگەڵ ئاراستەکردن و پەروەردەی



## ئاشنا بابان

مامۆستای زانکۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

سیاسی دەکەن، کە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە. گرنگە پارتە سیاسییەکان هەستن بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە قورسە و هەوڵ بدەن، بەردەوام ئاراستەی پلانسازییان بۆ دروستکردنی تاکی بەسوود بێت، وەك تەواوکەری پەروەردەی خێزان و قوتابخانەکان رۆڵیکی سەرەکی و گرنگ لە ئەستۆیانە.

جگە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو بەشەکانی (بیستراو، بینراو و نووسراو) کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر کۆمەڵگە و تاك هەیە، دەبێت بە یاسایەکی تایبەت بە شێوازی ئەو کۆمەڵگەیە هەبێت و لە هەمان کات بەرنامەکانی سانسۆری لەسەر بێت، چونکە لەو ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا ڕاگەیاندن بە هۆکاریکی سەرەکیی گواستنەوەو ئاراستکردن ئەژمار دەکریت و، هۆکاریکە بۆ دروستبوونی ڕای گشتی و دروستبوونی هزری تایبەت لای تاك، بۆیە پێویستە بە ئاگاداری کاری خۆی بکات، چونکە بە دەسەڵاتی چوارەم ناو دەبرێت لە دوای هەرسێ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری).

شۆڕشی تەکنەلۆژیا و خێرایی گواستنەوە و گەیاندن لە ڕێگای ئامێرە زیرەکەکانەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت و کەناڵە جۆراوجۆر و جیاوازەکان، بەردەوام کاریگەریەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر تاکی کۆمەڵگە هەیە، ئەوانە هۆکارێکن بۆ کرانەوەی هزری جیاواز و ئاگاداربوون لە هەموو ڕووداوە ناوخۆیی و جیهانییەکان، کە ڕەنگە هەندێك لاساییکردنەوە لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دی گونجاو و شیاو نەبێت، کە ئەوەش هۆکاریکە بۆ دروستبوونی کێشە و بڵاوبوونەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری جیاواز و نەخوازراو..

دۆزینەوەی چارەسەر، یان هیچ نەبێت، ڕێکارەکە ئەوەیە کە دەبێت هەوڵ بدرێت ئەو کێشە و ئاریشانەی ئەم سەردەمە کە هەڕەشەیەکی ترسناکن لەسەر تاك و کۆمەڵگە، کەم بکرێنەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردی کە بەردەوام و ڕۆژانە گوێبیستی هەواڵی جۆراوجۆری ناخۆش و دڵتەزێن دەبین لە هەموو رووەکانی ژیانەوە، بۆیە پێویستە هەڵوێستێکی جددی و کارامە لەمەڕ چارەسەری ئەو کێشانە بدرێت کە خۆیان لە کۆمەڵە کێشەیەکی (کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقی و سیاسی) دەبیننەوە و کاریگەرییان لەسەر تاك و بەتایبەتی گەنج هەیە.

لەو ڕوانگەیەوە چارەسەرەکان لە ڕێگەی کۆمەڵێك پێشنیارەوە دەخەینە ڕوو، کە بریتیتن لە:

- یاسا سەروەر بێت، جیاوازیی هیچ کەس و گرووپێك نەکات، وەك خۆی جێبەجێ بکرێت.
- پلانسازی و کارکردن بۆ پەروەردەی تاك لە داینگەکانەوە دەستی پێ بکریت و خوێندن و پەروەردە لەگەڵ پەروەردەی خێزان تەواوکەری یەك بن.
- هەوڵدان بۆ دروستبوونی ڕۆشنبیریی گشتی.
- کاری لە پێشینەی حکومەت ئاراستەکردنی تاك و خێزان و بەتایبەتی گەنج بێت بەرەو ژیانی تەندروست و شایستە لە ڕێگەی هەموو کەناڵە جیاوازەکان و بە میکانیزمی جیاواز و شیاو.

> **جۆرج هیگڵ یەکەم کەس بوو کە چەمکی گەشەکردنی عەقڵی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و پەیوەندییەکەی بە کۆمەڵگەوە پێناسە کرد**

> **دەبێت هەوڵ بدرێت ئەو کێشە و ئاریشانەی ئەم سەردەمە کە هەڕەشەیەکی ترسناکن لەسەر تاك و کۆمەڵگە، کەم بکرێنەوە،**

ئاشکرایە گەنج لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا سەروەتێکی بەنرخ و پڕ بایەخە و یەکێکە لە سەرچاوە بە نرخەکان و سەرچاوە مرۆیی و دەستی کار و هێزی کاری دەوڵەتە. پێویستە بەرەنگاری بێکاری ببینەوە، واتا هەوڵ بدرێت گەنج و تاکی کۆمەڵگە کاتەکانی بە شتی بێ سوود بە هەدەر نەڕوات.

- بەرنامەکانی ڕاگەیاندن سانسۆری لەسەر بێت و بەرنامەکان بە جۆرێك بن لە ئاراستەکردن و خزمەتی خێزان و تاك و گەنجدا بن.
- حکومەت بەرنامەی بۆ ڕۆشنبیرکردنی ئافرەتان هەبێت، چونکە دایکان هەڵدەستن بە ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و دروستکردنی تاکی تەندروست بۆ ناو کۆمەڵگە.



ئاڤان ئاوات:

# کۆمەڵێک ئافرەتی بەتوانا و لێهاتوو لەسەر دەستی من تێکەڵ بە بازاڕی کار بوون

**ئاڤان ئاوات، دەرچووی کۆلێژی زانستە پراکتیکییەکانی زانکۆی هەڵەبجە بەشی پیشەسازی خۆراکە، یەکێکە لەو خانمە دەسترەنگینانە کە بە پێداگری لەسەر کارەکەی و متمانە بەخۆبوون و ئیرادەی، نەك توانیویەتی ببێتە خاوەن کار، بەڵکو چەندین ئافرەتی دیکەشی فێری پیشەی درووما‌ن کردووە، لە ئێستاشدا بە بەردەوامی خولی فێربوون بۆ فێرخوازان دەکاتەوە. ئەو خاتوونە لە وتووێژێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بەم جۆرە باسی لەمپەرەکانی بەردەمی و ڕێکارەکانی سەرکەوتنی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئاڤان ئاوات خانمێکی دانیشتووی هەڵەبجەیە و دەرچووی کۆلێژی زانستە پراکتیکییەکانی زانکۆی هەڵەبجە بەشی پیشەسازی خۆراکە، بەڵام وەك خۆی باسی دەکات، دوای وەرگرتنی بڕوانامە نەیتوانیوە لە کەرتی حکوومی دابمەزرێت، بەم جۆرەش باسی چۆنیەتیی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار دەکات:

«دوای تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ٢٠١٧ خواستی ئەوەم هەبوو، کارێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت و، بتوانم لەسەر پێی خۆم بوەستم، بە حوکمی ئەوەی کە دایکم بەرگدوور بوو، منیش هەر لە منداڵییەوە حەزم بۆ کاری خەیاتی زۆر بوو و بەردەوام هەوڵی ئەوەم داوە، فێری بم و لە کارەکەدا سەرکەوتوو بم. کاتێك قوتابی پۆلی هەشت و نۆ بووم، جلەکانی خۆمم دەدووری و ئەگەر شتێکم نەزانیبا، پرسیارم لە دایکم دەکرد، تەنانەت کە لە زانکۆ بووم، جلم بۆ هاوڕێ و ناسیاوەکانم دەدووری، بە تایبەت بۆ هاوڕێ قوتابییەکانم لە بەشی ناوخۆیی، سوپاس بۆ خوا توانیم بە شێوەیەکی باش کارەکە فێر بم و بە هاندان و پاڵپشتیی کەسوکار و هاوڕێکانم بوومە خاوەن پیشەی خۆم، لە سلێمانی خولێکم بینی و بڕوانامەم وەرگرت و پلەی یەکەمم بە دەستهێنا، ئەوان داوایان لێ کردم، لەوێ بمێنمەوە و وەکو مامۆستا خولەکان بڵێمەوە، بەڵام من پێم باش بوو، بگەڕێمەوە بۆ هەڵەبجە و لەوێ خزمەت بکەم، شانبەشانی کارەکەم چەندین خولی فێرکاریم بۆ خانمانی دەڤەرەکەم کردووەتەوە، واتا لە ساڵی ٢٠١٩ تاوەکو ئێستا لە کردنەوەی خولەکان بەردەوامم، خۆشبەختانە کۆمەڵێك ئافرەتی بە توانا و لێهاتوو لەسەر دەستی من فێری کارەکە بوون، ئەوەش بۆ من مایەی شانازییە، من بەش بە حاڵی خۆم لە ڕاپەڕاندنی کارەکەم کەمتەرخەم نیم، بەڵکو زۆر بە دەستوبردم و قەت نەبووە جلێك بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك لام مابێتەوە، بە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەك جلەکانم دووریوە و دایتمەوە دەست خاوەنەکانیان».

ئاڤان ئاوات سەبارەت بە ئاوات و ئامانجەکانی بۆ داهاتوو دەڵێت: «حەز و خولیای ئەوەم هەیە، کارەکەم فراوانتر بکەم و بتوانم کەسانی دیکەش بێنمە ناو پڕۆژەکەم و ئەوانیش سوودمەند بن، بەتایبەت ئەوانەی کە خوێندنیان تەواو کردووە و دانەمەزراون، سەرەتای دەستپێکردن ئاسان نییە، بەربەستی زۆر دێنە سەر ڕێگەت، بەڵام هەڵەبجە هەر لە سەرەتاوە ئافرت تێیدا حوکمی کردووە و پێشەنگ بووە لە کارکردن، لە ئێستاشدا کارکردنی ئافرەت زۆر بەرفراوانە، بەڵام پێویستە خانمان بڕوایان بە خۆیان و تواناکانیان هەبێت».

سەبارەت بە کار و ئەرکی خێزانداریشی گوتی: «سوپاس بۆ خوا بە شێوەیەکی زۆر باش کاتەکانم دابەش کردووە، بۆ کاری ناوماڵ و خێزانەکەم و بۆ کارەکەم، بە خۆشحاڵییەوە توانیومە هاوسەنگی لە نێوان کاری ماڵەوە و کاری دووکانەکەم ڕابگرم، بەیانیان کە لە خەو هەستام، ئیشەکانی ماڵەوە دەکەم و دەچم بۆ دووکان تا ئێوارە، دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵ، لەگەڵ دایکم کارەکانی ماڵەوە دەکەین و شەوان دوای نوێژی عیشا دەچمەوە بۆ دووکان و تا سەعات ١١ی شەو کار دەکەم، لە بۆنە و جەژنەکان کارەکانم زیاتر دەبن و لەو حالەتەدا زیاتر لە دووکان دەمێنمەوە.

سەرەتای کارکردنم بەربەست و ڕێگری زۆر هاتنە ڕێگەم، خێزانەکەم هانیان دەدام کار بکەم، بەڵام کارەکە لە چوارچێوەی ماڵ بێت، بەڵام حەزم بۆ کارکردن وای کرد هەموو ئەو بەربەستانە تێپەڕێنم، یەکێك لە ڕێگرەکانی بەردەم کارکردنم بە شانازییەوە دەڵێم باوکم بوو، باوکم بە هیچ شێوەیەك حەزی نەدەکرد، بچمە دەرەوە کار بکەم، من بە پێداگری و لەسەرخۆیی وام کرد، باوکم متمانەم پێ بکات، دوای کەمتر لە مانگێك باوکم بیرۆکەی بەرانبەر کارکردنم زۆر گۆڕا، دوای ئەوە باوکم بووە یەکەم پاڵپشت و هاندەر و ڕێ نیشاندەرم، لێرەوە سوپاسی دەکەم بۆ ئەو متمانە زۆرەی کە بە منی بەخشی. من لە سفرەوە دەستم بە کارەکەم کرد و لایەنی ماددیم هەر نەبوو، بەڵام قەناعەتم هەبوو و بەردەوام بووم، لە ئێستادا سوپاس بۆ خودا خاوەنکار و دووکانی خۆمم موشتەری خۆمم هەیە، جگە لەوەی بە بەردەوامی خولی فێربوون بۆ فێرخوازان دەکەمەوە.

**کاتێک قوتابی پۆلی هەشت و نۆ بووم، جلەکانی خۆمم دەدووری و ئەگەر شتێکم نەزانیبا، پرسیارم لە دایکم دەکرد**

**کە لە زانکۆ بووم، جلم بۆ هاوڕێ و ناسیاوەکانم دەدووری، بە تایبەت بۆ هاوڕێ قوتابییەکانم لە بەشی ناوخۆیی**

**دوای خولەکە داوایان لێ کردم، لەوێ بمێنمەوە و وەکو مامۆستا وانە بڵێمەوە، بەڵام من پێم باش بوو، بگەڕێمەوە بۆ هەڵەبجە و لەوێ خزمەت بکەم**

**حەز و خولیای ئەوەم هەیە، کارەکەم فراوانتر بکەم و بتوانم کەسانی دیکەش بێنمە ناو پڕۆژەکەم و ئەوانیش سوودمەند بن**



# پەرستاران لە هەموو بارودۆخێکدا فریشتە ئاسا لە ئەرکدان

**بۆ یەکەم جار لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٧٤) بڕیار درا، ڕۆژی (١٢)ی مایس بکرێت بە (ڕۆژی جیهانیی پەرستاران)، ئەوەش وەك وەفایەك بۆ ئەو کەسەی کە بە دامەزرێنەری زانستی پەرستاریی هاوچەرخ دادەنرێت، کە ئەویش (فلۆرێنس نایتینجل) بوو، کە لە (١٢)ی مایس لە دایك بووە. پەرستاران لە سەرانسەری دونیادا بە کوردستانیشەوە وەکو فریشتەی بەزەیی لە خزمەتکردنی نەخۆش بەردەوامن، تەنانەت لە هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی گیانی هاووڵاتیان هەبوو، پەرستاران ئەمجارەش توانییان مێژوویەکی درەوشاوە و پڕ سەروەری بۆ خۆیان و پیشەکەیان تۆمار بکەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە ڕوانگەی تایبەت و دیدی جیاوازەوە باس لە ئەرك و ماندووبوونی توێژی پەرستاران دەکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

فلۆرێنس نایتینجل لە ساڵی ١٨٢٠ لە ئیتاڵیا لەدایك بووە، لە خێزانێکی بەریتانی و دەوڵەمەند بووە، کە بڕوایان بە خستنەبەر خوێندنی کچ هەبووە. نایتینجل بە دامەزرێنەری پەرستاریی هاوچەرخ دادەنرێت، خوێندنی لە ماڵەوە لە ژێر دەستی باوکی وەرگرتووە، خونی بەوە دەبینی کە خزمەتی خەڵك بکات و ببێتە پەرستار، بەڵام خێزانەکەی لە سەرەتادا دژی بوون، کە لەو کاتەدا پیشەی پەرستاری بە پیشەیەکی سەرنجڕاکێش نەدەبیندرا، بەڵکو پیشەیەك بوو زۆر بێ بایەخ و بێ ڕێز لە پیشەوەرانی دەڕواندرا، بەڵام ئەم خاتوونە سەرەڕای قبوڵنەکردن و ڕێگرییەکانی خێزانەکەی، لەسەر ئامانجەکەی سوور بوو، هەوڵی زیاتری بۆ فێربوونی پیشەی پەرستاری دا، تەنانەت فلۆرێنس هاوسەرگیریشی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی ڕای وا بوو، هاوسەرگیری بە بەرپرسیارێتی ماڵەوەی دەبەستێتەوە. ئامانج و هەوڵەکانی بە ئاکام گەیشت و ساڵی ١٨٥١ لە قوتابخانەی کایزروارت فێری پەرستاری بوو، بە یەکەم کەسیش دادەنرێ کە ڕێژمانی بۆ پەرستاریی تازە داناوە و فێرکردنی پەرستاری دامەزراند و پلەی بۆ خزمەتگوزارییەکانی پەرستاری و خزمەتگوزارییەکانی بەڕێوەبردن لە نەخۆشخانەکان دانا.

دکتۆر ڕێبین عەزیز بەرزنجی، نەقیبی سەندیکای پزیشکانی ددانی کوردستانە و لە بارەی ڕۆژی جیهانیی پەرستارانەوە دەڵێت: «لە ڕۆژی جیهانیی پەرستاران پیرۆزبایی گەرم لە پەرستارانی کوردستان و جیهان دەکەین. گومانی تێدا نییە کە پەرستاران توێژێکی هەستیار و گرنگی کۆمەڵگەن و یەکێکن لە پایە سەرەکییەکانی خێزانی تەندروستی و ناکرێت ڕۆڵی بەرچاویان لە سێکتەری تەندروستی نادیدە بگرین. پەرستاران هەمیشە ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکییان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە هاووڵاتیان و بەتایبەتی لە نەخۆشخانە گشتییەکان و فریاکەوتنەکان و یەکەکانی چاودێریی چڕی تەندروستی هەبووە. یەکێك لە سەروەرییەکانی پەرستاران کە پێویستە باسی بکەین، ڕۆڵی فیداکارانەیانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای نەگریسی کۆرۆنا و بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان پۆلێك لە پەرستاران گیانی خۆیان بەخشی، هەروەها لە سەنگەرەکانی بەرگری و لە شەڕی داعش پێشمەرگە ئاسا لە پێناوی خاك و گەلەکەیان هەمیشە فیداکار بوون . جێگای خۆیەتی لەم بۆنە پیرۆزەدا پاڵپشتیی زیاتر لە پەرستاران بکرێت و بایەخی زیاتریان پێ بدرێت، بەتایبەتی بەرزکردنەوەی توانای زانستییان و گرینگیدان بە سەلیقەی پیشەییان و دامەزراندنیان لە دامەزراوەکانی تەندروستی. بێگومان ئەم ئەرکەش دەکەوێتە



سەرشانی وەزارەتی تەندروستی و سەندیکا و کۆمەڵەی پەرستاران کە پێویستە بە یەکەوە کار بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بکەن».

لەلای خۆیەوە سروە عەلی جەباری بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان، ڕۆڵ و ئەرکی پەرستاران لە خزمەتکردن بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنێت: «وەك تووشبوویێکی تالاسیمیا ئەوەی من دەیبینم توێژی پەرستاران وەك فریشتەی سەر زەوین، پەرستاران زۆر بەپاکی و دڵسۆزی خزمەت بە نەخۆش دەگەن و هەوڵی تەواوی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی کەمترین ئازار بەر نەخۆش بکەوێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو برین و ئازارانەی نەخۆش هەیەتی بە کەمترین کات بۆی سارێژ بکەن، من وەك تووشبوویێکی تالاسیمیا زۆر سوپاسیان دەکەم بۆ ئەو ماندووبوونەیان بەتایبەت پەرستارانی سەنتەری تالاسیمیا، بەو بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی هەموو پەرستارێکی فریشتە ئاسا و دڵسۆز و خەمخۆر دەکەم و هیوای ساغ و سەلامەتیان بۆ دەخوازم.»

نەجمەدین محەمەد قەراجی، یاریدەدەری پزیشکە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە سەرانسەری جیهان ڕۆژی جیهانیی پەرستاران بەرز ڕادەگیرێت. لەو ڕۆژە چالاکیی جۆراوجۆری سوپاسگوزاری و پێزانین و دەربڕینی هاوسۆزی و پاڵپشتی ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵ و ئەرکی گەورە و قورسی پەرەستار بکات، نکۆڵی لەوەش ناکرێت کە پەرستار فریشتەی بەزەییە و چاودێریی ئاسوودەیی نەخۆش دەکات». گوتیشی: «دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکان و بەشێکی زۆری هاووڵاتیان وەك پێزانین بۆ ڕۆڵی گرنگ و هەستیاری پەرستاران لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، سوپاس و پاڵپشتی دەردەبڕن بۆ پەرستاران، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی گرنگیدان بە پیشەی پەرستاری کەمتەر خەم نەبووە. ئێستاش دەرفەتی زیاتر ڕەخساوە لە بەردەم پەرستاران بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵاتر و دەرچووانی کۆلێژی پەرستاری و مامانی و تەکنیکییەکان ڕوو لە زیادبوونن».

ئەو یاریدەدەری پزیشکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بە بێ بوونی پەرستاری کارامە و لێهاتوو خزمەتگوزاریی تەندروستیی هاوچەرخ فەراهەم نابێت». گوتیشی: «لە سەردەمی پەتای کۆڤید-١٩ دڵنیا بووینەوە کە هێزی کاری تەندروستیی پێویستمان بۆ بونیادنانی سیستەمی تەندروستیی خۆڕاگر هەیە. هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەو پەتایە کە هەموو جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، کارێکی ئاسان نەبوو، پەرستارانی کوردستانیش لەو پێناوەدا قوربانییان دا و گیانی خۆیان بەخت کرد، بەڵام پێویستە ئێمە چارەسەری کەمیی هێزی کاری تەندروستی بکەین، بەتایبەتی پەرستاران و مامانەکان لە ناوچەکەمان، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە ببینەوە».

ڕێزان باڵەك بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی سۆران، بەم جۆرە باس لە گرنگیی ئەو ڕۆژە و پیرۆزیی پیشەی پەرستاری دەکات و دەڵێت: «ڕۆژی پەرستاران ڕۆژێکە پڕ لە جوانی و پڕ لە ڕێز و لە میهرەبانی. پەرستاران فریشتەیەکی بەرگ سپین و بۆ تەندروستیی نەخۆشەکان دەورێکی گرنگ و بایەخدار دەگێڕن. فریاگوزاریی سەرەتایی، شەونخوونی، تا بەیانی دانیشتن و گوێگرتن لە نەخۆش و هەڵگرتنی نازی نەخۆش، کاری پەرستارە و پەرستاران هەمیشە بێ گوێدان بە ماندووبوون و تەندروستیی خۆیان کاریان کردووە، بۆیە دەکرێت بڵێین: پەرستاری کارێکی پیرۆزە و دەبێت ڕێز لەو ماندووبوونەیان بگرین».

**دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکان و بەشێکی زۆری هاووڵاتیان وەک پێزانین بۆ ڕۆڵی گرنگ و هەستیاری پەرستاران لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، سوپاس و پاڵپشتی دەردەبڕن بۆ پەرستاران**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی گرنگیدان بە پیشەی پەرستاری کەمتەر خەم نەبووە**

**بە بێ بوونی پەرستاری کارامە و لێهاتوو خزمەتگوزاریی تەندروستیی هاوچەرخ فەراهەم نابێت**



## شاناز جەمال بۆگوڵان:

# ئامانجی من زیندوو هێشتنەوەی کەلتووری کوردییە



دوژمنانی کورد بەرلەوەی تاکی کورد لەناوبەرن و وڵاتی خاپوور و وێران بکەن، هەوڵیان داوە کەلتوور و زمان و هونەر بە هەموو شێوەیەك لەناوببەن، گەلی کورد لە دێرزەمانەوە ناسنامە و کەلتوور و جلوبەرگی خۆی پاراستووە و شانازیی پێوە کردووە، لەم ڕووەوە ئافرەتانی کوردیش بەپێی توانای خۆیان بە پاراستنی کەلوپەلە کۆنە کوردەوارییەکانی پێش خۆیان، پارێزگارییان لەم کەلتوورە کردووە.



شاناز جەمال یەکێکە لەو ژنە دەسترەنگینانەی بە بەکارهێنانی کەلوپەل و قوماشی کوردەواری گرنگی بە کەلتووری کوردی دەدات، وەك خۆی دەڵێت هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەری دەسترەنگینیی کوردەواری هەبووە، لەگەڵ گەورەبوونی تەمەندا بیری لەوە کردەوە کە چۆن پارێزگاری لە کەلتوورەکەی بکات و بە شیوازێکی باشتر بیناسێنێت بە جیهانی دەرەوە، بەتایبەت کە نەوەی ئێستا نامۆن بە کاری کەلتوور و کەلەپوری کوردی، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٦ دەستی کردووە بە کاری هونەری و یەکەم پێشانگای هەر لەو ساڵەدا کردەوە، شاناز جەمال لەم بارەیەوە دەڵێت: «بەشێك لە هونەرەکەم ڕیالیزمە و لە واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت، هەموو کارێکی ڕەسەن،خۆڕسك سەرسووڕمان درووست دەکات، تابلۆی نموونەیی تێرامان درووست دەکات و بینەر ناتوانێت بێلایەن بێت، ئەبستراکت جیهانی تایبەتە بەو هونەرمەندانەی ئیتر نایانەوێت فیگەری واقیعی بکێشن زیاتر و لە ناخەوە بە ڕەنگ قسە دەکەن».

یەکێك لە کارە جوانەکانی خاتوو شاناز لەلایەن جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە قەداسەتی پاپای فاتیکان کرا، کە گوزارشتە لە گیانی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی هەرێم، شاناز لەم ڕووەوە دەڵێت: «تابلۆی کەلتوری کوردەواری (ڕۆحی پیرۆز) وێنەی چنراوی سەرتابلۆکە وێنەی کۆترێکی سپیی درەوشاوەیە و ئاماژەیە بۆ ڕۆحی پاکی حەزرەتی پێغەمبەر (عیسا) سڵاوی خوای لەسەر بێت، سەرووی تابلۆکە سێ خاچی لەسەر چنراوە کە ئاماژەن بۆ ئایینی مسیحی و پیرۆزی ڕۆحی پیرۆز لایان ئەمەش ناونیشانی ئەم وێنەیە کە لەسەر تابلۆکە چنراوە لە ناو ئینجل ی پیرۆزدا (الحمامة من رموز الروح القدس) نوسراوە».


تابلۆی کەلتوری جاجمی کوردەواری کاری دەستچن بەرزیەکەی یەك مەترە و پانییەکەی ٧٠ سانیمەترە، ئەو بابەتانەی بەکار هاتوون لە سەر تابلۆکە جاجمی کوردەواریی مەرەزە، تەمەنی جاجمەکە دەگەڕێتەوە بۆ ٨٠ ساڵ لەمەوبەر لە ناوچەی هەورامان کە سیمی ئاڵتونی بۆ چنینی بەکەر هاتووە، بەرد و یاقوت و سوورمەی جلوبەرگی کوردەواریی کۆن کە پارچەکان لە کەوای کوردەواریدا کە تەمەنی بۆ ٧٠ ساڵ لەمەو دەگەڕێتەوە و بەردی تێدا بەکار هاتووە، ئامانجمان لە چنین و ئامادەکردنی ئەم تابلۆیە لەوەدایە کە کەلتوورەکەمان نیشانی هەموو جیهان بدەین کە کەلتوری پێکەوەژیانی هەموو ئایین و نەتەوەکانە بەبێ جیاوازی».

شاناز هەروەها دەڵێت: « ستایلی کارەکانم زیاتر سوننەتییە و کەلتورییە کاتێك بەکارێك دەگوترێت نموونەیی کە جیاوازتر بێت لە هەموو کارەکانی پێشوم، بۆ نموونە ئەم کارە پێکهاتووە لە بابەتی کەلتووریی بەنرخ و پارچە قوماشی دێرین کە تەمەنیان دەگەریتەوە بۆ ٧٠ ساڵ لەمەوبەر، جگە لە تواناو سەلیقەی خانمێکی کورد، پەیامی ئاشتیی ئایینی لەسەر نەخشاوە، بۆیە لە دیدە و هزری خۆمدا زۆر مانای زیاتر دەبەخشێت و گەر زمانی هەبوایە تابلۆکە زۆر لە شێوەکی زیاتر دەدوا.

یەکەم کاری هونەریی شاناز جەمال لە پارچەیەك جاجمی یەك مەتری بوو، ٢٥٠ پارچەی خشڵی ژنان و بابەتی ڕازاندنەوەی ناوماڵ لەو یەك مەتر جاجمەدا دروستی کرد، دواتر هەنگاوێکی گەورەتری نا و لە ناو کۆنگرێسی ئەمریکا پێشانگایەکی تایبەتی کردەوە، مورووو و بەرد و خوریی بەکار هێنابوو.

سەبارەت بە تێڕوانین و سەرنجی خەڵك لەسەر






کارەکانیشی، شاناز جەمال دەڵێت: «هاووڵاتیان داوای کارەکانی من دەکەن و خواستێکی باشی لەسەرە، ئێستا خەڵك گەڕاوەتەوە بۆ ئەو کەلتوورە جوانەی کە لە سەردەمی پێشوودا هەمان بووە، خەمخۆری کەلتووری کوردیمان هەیە و لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە داوای کارەکانم دەکەن، ئامانجی من زیندوو هێشتنەوەی کەلتووری کوردییە، قوماشی شاڵ، سورمەی کۆن، بەردی فیرۆزە، بەردی حەوت ڕەنگ و بەردی پیرۆزەیی بەکاردەهێنم، کە لە ناو کورددا پێشتر باو بووە».

ئەو مورووو و سیم و دەزووانەی شاناز لە کارەکانیدا بەکاریان دەهێنێت بەشێکیان لە دەرەوە و بەشێکی دیکەیان هەر لە شارەکانی کوردستان دەکڕێت و دەبێت ڕۆحێکی کوردییان تێدا بێت، وەك خۆی دەڵێت: «سیمەکان دەچنم و بە دەرمان دایدەنێم، وەکو باکگراوندێك بۆ کارەکە، من شانازی دەکەم کە ژنێکی کوردم و نەوەی ئەو ژنانەم کە لە سەردەمی کۆندا ئەم کارەیان کردووە، کارەکانم زیاتر لە ڕێگەی وەفدەکانەوە کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، دەکڕدرێن، کاتێکی دیاریکراوم نییە بۆ چنینی کارەکانم، چونکە هونەرمەند بەپێی مەزاجی خۆی کار دەکات و ناخی خۆی دەخاتە سەر ئەو تابلۆیەی کە دەیچنێت، جاری وا هەیە بە هەفتەیەك ناتوانم مووروویەك بچنم، جاری واش هەیە بە ڕۆژێك تابلۆیەك تەواو دەکەم».

ئەو خانمە دەستڕەنگینە تا ئێستا **٣٠** خەڵاتی وەرگرتووە، گرنگترین خەڵاتیش ئەوەی پاپای ڤاتیکانە، بیرۆکەی ئەم کارەی لە ساڵی ٢٠١٨ بۆهات کە وەك ئافرەتێکی کورد خەڵاتێك پێشکەشی سەرۆکێکی جیهانی بکات، خەڵاتەکەش کارێکی هونەریی ناوازە بێت کە گوزارشت لە کەلتووری نەتەوەکەی کورد بکات، ماوەی ساڵێك و حەوت مانگ خەریکی ئەو پرۆژەیە بووە، بەرگێك بوو لە پێشەوەی بەرگەکە هێمای ئەو هەشت ئایینەی لەسەر چنی کە لە کوردستان دەژین، پشتی بەرگەکە خاچێکی لەسەر بوو بە پێنج هەزار یاقوتی سور چنیبووی، ئەمەش وەك ئاماژەبوو بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، بەرگی عەباکە ١٨٢ هەزار بەردی پێوە بوو کە ئاماژە بوو بۆ ڕۆحی ئەو شەهیدانەی لە گەرمیان ئەنفال کراون، وەکو نوێنەری ئافرەتانی کوردستان و بە جلوبەرگی کوردییەوە ئەو عەبایە پێشکەش بە پاپا کرد.



# شەمس واز ناهێنێت

**خانمە هونەرمەندی کوەیتی (شەمس) بەردەوامە لە لێدوانە بوێرەکانی لە هەموو چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا، بەم دواییەش میوانی بەرنامەی (کتێبی ناوبانگ) بوو، کە دیارترین لێدوانەکانی سەبارەت بە هاوسەرگیریی یاسەمین سەبری لەگەڵ ئەحمەد ئەبو هەشیمە، و پەیوەندیی مۆدێل جۆرجینا لەگەڵ یاریزانی تۆپی پێ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، و ئەستێرەکانی دیکە بوو.**

شەمس دەڵێت: «زۆربەی کەسایەتییە ناودارەکان ژیانێکی ساختە دەژین و لەگەڵ درۆشدا دەژین، ئێمە پەیوەندی بە خۆشەویستی و خۆشەویستییەوە دەبینین، هیوادارین بەم شێوەیە هاوسەرگیری بکەین»، لەم چوارچێوەیەدا کۆمێنتێکی لەسەر یاسای ڕاکێشان کردووە، کە واتای.. دەگوترێت یارمەتی ئەستێرەکانی داوە هاوسەرگیری لەگەڵ بازرگانانی دەوڵەمەند بکەن، ئاماژەی بەوەشکردووە «خەڵک هێمایەکی تایبەتیان بە بازرگان ئەحمەد ئەبو هاشیمە داوە و وەك ئەوەی سوڵتانی برونای بێت باسیان کردووە».

لە میانی دیدارەکەدا شەمس باسی لە پەیوەندیی مۆدێل جۆرجینا ڕۆدریگێز لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی یاریزانی بەناوبانگی تۆپی پێشدا کرد، ئاماژەی بەوەدا کە «سۆشیال میدیا وای کردووە خەڵك وای لێ بکەن هەرکەسێك پەیوەندی بە کەسێکی دەوڵەمەند و بەناوبانگی وەك کریستیانۆوە نەبێت، دەبێتە کەسێکی شکستخواردوو».

شەمس لە کۆتایی قسەکانیدا دەربارەی هونەرمەندێکی دیکەی بەناوبانگ، ئاماژە بەوەدەکات کە ئامادەبووانیش پێیان وایە چیرۆکی خۆشەویستییەکەی و هاوسەرەکەی جوانە، لەو بارەبەوە دەڵێت: «ئەستێرەیەکی بەناوبانگی خێزاندار هەیە، و هەموو مرۆڤەکان کاتێك پەیوەندییەکەی نێوانیان دەبینیت، دەڵێن ئای خوایە گیان، بەڵام من لە ئەوروپا لەگەڵیان بووم، بانگهێشتی یەختێکم کردن، شەڕیان کرد، بە قەڵەم لە خۆشەویستەکەییدا، بۆیە ئەویش بە قەڵەمەکەی لێیدا و کەوتنە ناو دەریا، پاسەوانەکان دابەزین بۆ دەرهێنانیان لە ناو ئاوەکە».



# «بردمانۆ»ی شیشار ئەسوەد بڵاو بۆوە

**شیشار ئەسوەد کە یەك لە گۆرانیبێژ و مۆزیکوانە گەنجە دیارەکان، نوێترین بەرهەمی بەناوی (بردمانۆ) لە ڕێی کەناڵی کوردماکس بڵاو کردەوە.**



تێکست و میلۆدیی گۆرانییەکە فۆلکلۆرە و لە لایەن هونەرمەند ئاریۆس کاری موزیکی بۆ کراوە و لە ستۆدیۆی ئاریۆس لە سلێمانی تۆمار کراوە، کلیپی گۆرانییەکە لە سلێمانی و هەولێر و دەڤەری گەرمیان لە لایەن دەرهێنەر ئەحمەد ڕەمەزان کاری بۆ کراوە، تا ئێستەش لە یوتیوب زیاتر لە ١٥٠ هەزار بینەری هەبووە.

شیشار هۆشیار ئەحمەد ئەسوەد ناسراو بە (شیشار ئەسوەد) لەدایکبووی شاری کەرکووکە و لە ئێستادا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە، دەستپێکی کاری هونەریی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠ کاتێك بەشداریی لە فیستیڤاڵەکاندا دەکرد، خاوەنی پێنج بەرهەمی تۆمارکراوە و ژەنیاری ئامێری عودە و لە بواری مەقامیشدا شارەزاییەکی باشی هەیە، شیشار زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چالاکە و بە بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆ، بەرهەمی هونەرمەندە گەورەکان بە گوێگرەکانی دەناسێنێت، وەك بەرهەمەکانی سەلاح ڕەشید و عەدنان کەریم و مەزهەری خلقی و زیاد ئەسعەد، هەروەها بۆ زیندووڕاگرتنی گۆرانیی کلاسیکی کوردی بەرهەمی هونەرمەندە گەورەکانی گوتوەتەوە، وەك بەرهەمەکانی هونەرمەندانی کۆچکرد و قادر کابان و سابیر کوردستانی و کەریم کابان. شیشار ئەسوەد یەکێك بوو لە بەشداربووانی پرۆگرامی پێشبڕکێی دەنگی (کوردستان ستار) و، لە سەرەتای بەشداریکردنی لەو پرۆگرامەدا بە گۆرانی (چەند جارم وت) ی هونەرمەندی گەورەی کورد عەلی مەردان لە پێش ئەندامانی لیژنە ئامادە بوو، کە ئەمەش پاڵپشت بوو بۆ زیاتر دەرکەوتن و ناوبانگی، ئەم هونەرمەندە لە تەمەنێکی بچووکدا بە ئامێری ساز دەستی کرد بە ژەنینی میوزیك و، حەز و خولیای موزیکی لەلا درووست بووە، بەڵام لە ئێستادا ژەنیاری ئامێری عودە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەواداری زۆری هەیە.

# ئەفسانەی نوگرە سەلمان

خەیاڵێکی زۆر دەوڵەمەند و پاراوی دەوێت، مرۆڤ بتوانێت لە بەرهەمێکدا مەرگەساتی ئەنفال و زیندانە سامناکەکەی نوگرە سەلمان پێکەوە کۆ بکاتەوە. ئەنفال تراژیدیای نەتەوەیەکە، گیرۆدەی دەستی داگیرکەران. ڕەشەبای ئەنفال ئەو نەتەوەیەی هێنایە زەلزەلە، نزیکەی چارەکە ملیۆنێك مرۆڤی لە کوردستانەوە بەرەو بیابانی عەرەبستان ڕامالی، لەوێش زیندە بەچاڵی کردن.



تاریق کارێزی



جووتێك داستانی خەمناك و پڕ لە تراژیدیا (ئەنفال و نوگرە سەلمان)، لە کۆبیری نەتەوەیەکدا چەشنی شەوی تاریکی ئەنگوستەچاون. گوڵاڵە حەمید، هونەرمەندێکە بە هەستێکی باڵای نەتەوەیی و نیشتیمانی دەژی، بۆیە هونەرەکەی زۆر وابەستەی پرسی گەل و نیشتیمانیەتی. ئەم تابلۆیەی کە دەکرێت ناوی (کۆژانی نوگرە سەلمان) بێت، چەند فیگەرێکی تێدایە. قەڵای سەختی زیندانی نوگرە سەلمان لە قووڵایی بیابانی عەرەبدا، بازنەیەك کە هونەرمەند خۆی بە کاتژمێری دادەنێت، بەڵام بۆی هەیە گوزارشت بێت لە زۆر شتی دیکە، هێمایە بۆ زەمەن کە لەو شوێنەدا، لە نێو چاوەڕانییەکی نەبڕاوەی مەرگ و نادیاریدا تواوەتەوە، هێمایە بۆ ئەشك و نەهامەتییەك کە هیچ کەس ناتوانێت وەسفی بکات، ژن و پیاوێك لە لای ڕاست و چەپی بازنەکەش هەن، ئەو زیندانە نێر و مێی تێدا ئەشکەنجە دەدرێت. لە ناوەڕاستی پێشەوەی تابلۆکەشدا، مرۆڤێك خۆی گرمۆڵە کردووە، ڕووت و ڕەجاڵ، ئیدی بیابان مرۆڤ لە هەموو سیمایەك ڕووت دەکاتەوە. باکگراوندی تابلۆیەکەش ڕەشاییە، ئەو ڕەنگەش نیشانەیە بە ئایندەی تاریکی زیندانیانی نێو نوگرە سەلمان.

بە گشتی تابلۆکە شێواز و تەکنیکی تایبەتی گوڵاڵەی هونەرمەند پیشان دەدات، لە ڕووی ڕەنگیشەوە هونەرمەند تایبەتمەندیی خۆی دەنوێنێت. ڕەنگی مۆر، پەمبە، پرتەقاڵی، زەرد، قاوەییەکی کاڵ، ئەمانە جۆرێك لە گەشی، گەشییەکی خەمناکیان بە تابلۆکە بەخشیوە. کاتێك مێژووی نەتەوە، بە تاڵ و شیرینییەوە دەبێتە هەوێنی بەرهەمی هونەری، ئەو بەرهەمە پێگەیەکی بەرزی دەبێت.



مەروە ساجد:

# بە کچان دەڵێم باوەڕتان بەخۆتان هەبێت و بەهێز بن و وەرزش بکەن



شاری کەرکووك هەموو کات بەوە ناوی دەرکردووە کە لە یارییە جۆراوجۆرە وەرزشییەکاندا پێشەنگ بووە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش، بواری ناوبژیوانی یەکێك لەو بوارانەیە کە لە شارەکەدا گرنگیی زۆر پێ دراوە لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، مەروە یەکێك لە ناوبژیوانە گەنج و تازە دروستبووەکانە کە دەیەوێت لە ڕێگەی بواری ناوبژیوانییەوە پەرەی زیاتر بە ئاستی خۆی بدات و بتوانێت وەکو کچانی جیهان لە داهاتوودا خول و پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی بەڕێوەببات، مەروە ساجد لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری کەرکووکە و قوتابی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی و زانستە جەستەییەکانە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی ■




*** چۆن بوو بواری ناوبژیوانیت هەڵبژارد؟**

- زۆر حەزم لە وەرزش بوو، پێشتر یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان بووم، هیچ پشتگیرییەك نەبوو بۆیە وازم هێنا، هەر بە منداڵی حەزمن لە تۆپی پێ بوو، بینیم خولی ناوبژیوانی هەیە بەشداریم کرد سوپاس بۆ خودا سەرکەوتوو بووم.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردوە کە ئەویش تۆپی پێیە؟**

- ڕاستە لای هەندێك کەس ڕەنگە قورس بێت، بەڵام حەزت لێ بێت و خەونی خۆت بێت هەست بە قورسی ناکەیت.

*** بیرت لەوە نەکردووەتەوە تیپێکی تۆپی پێی کچان دروست بکەی لە شاری کەرکووك؟**

- پەنا بە خودای گەورە هەوڵی بۆ دەدەم، خەڵکی کەرکووك وەرزشکارو وەرزش دۆستن لە هەموو جۆرە وەرزشێکدا.

*** ئاستی یاری تۆپی پێی کچان چۆن دەبینیت؟**

- زۆر باشە هەر چەندە لە ئێستادا یاری فوتساڵ خول و پاڵەوانێتی بۆ کچان زیاترە لە یاری تۆپی پێی گەورە، مەبەستم یاریگەی گەورەیە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بچێتە قۆناغێکی باشتر؟**

- پشتگیری لە وەرزشوانان و ناوبژیوانان ئەم یارییە دەباتە قۆناغێکی باشتر.

*** بەرنامەت چییە بۆ خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- بەردەوامبوون لە وەرزش و زیاتر بەهێز بوون و گرنگیدان بە ئاستی خۆم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هیوام ئەوەیە یەکێك بم لە ناوبژیوانانی پلە یەکی کوردستان و عێراق.

*** چی بە کچان دەڵێیت بۆ بواری ناوبژیوانی؟**

- بە کچان دەڵێم باوەڕتان بەخۆتان هەبێت و بەهێز بن و وەرزش بکەن، هیچ جیاوازییەك لە نێوان کچ و کوڕ نییە، خێزانەکان پاڵپشتیان بن هەمیشە لەگەڵیان بن بۆ هەر هەنگاوێك.

*** پێشنیار و داوکاریت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- پشتگیری وەرزش و وەرزشوانان بکەن، هاوکارییان بکەن بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی دەرەوەی وڵات و دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوبژیوان، چونکە دوای ماوەیەکی زۆر بۆ یەکەم جارە کە کچان ببن بە ناوبژیوان.

*** بۆچی کچان وەکو پێویست نایەنە نێو یارییە وەرزشییەکان لە کوردستان؟**

- ترس لە قسەی خەڵك، نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ وەرزشکردن، نەبوونی پشتگیری بۆ وەرزشوانان.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆرسوپاسی خێزانەکەم بە تایبەت باوك و دایکم، سوپاسی مامۆستاکانی کۆلێژ، داواکارم هەمیشە وەرزش بکەن، وەرزش بەشێکی گرنگی ژیانە، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی ئازیز بۆ ئەو هەمووە خزمەتەی وەرزشوانان لە کوردستان.

# هۆکاری ڕۆیشتنی ڤیراتی لە پاریس سانت جێرمان ئاشکرابوو



مارکۆ ڤیراتی یاریزانی یانەی پاریس سانت جێرمان دڵتەنگە لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی یانەکەی بەهۆیەوە بیر لە جێهێشتنی پاریس سانت جێرمان دەکاتەوە سزایەکەی لیۆنێل مێسی وایکردووە ئەو یاریزانە هەست بە بێ هیوایی بکات و داوای لە سەرۆکی یانەکەی کردووە ڕێگەی ڕۆیشتنی پێ بدات.

ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسا لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە، کە ڤێراتی بیر لە جێهێشتنی پاریس سانت جێرمان دەکاتەوە، بەڵام بەرپرسانی یانەکەی سوورن لەسەر هێشتنەوەی ئەو یاریزانە لە یانەکە.

سەرچاوەکە نووسیویەتی: ڤیراتی بۆی دەرکەوتووە، کە چیتر ناتوانێت لە ژووری جلگۆڕینی پاریس چێژ وەربگرێت، چونکە زۆرینەی یاریزانەکانی دیکەی هاوکاری بە جۆش و خرۆشەوە ئارەزووی بەدەستهێنانی نازناویان نییە هاوکات ڕووداوەکەی ئەم دواییەی هاندەرانیش زیاتر وایکردووە ڤیراتی بیر لە جێهێشتنی پاریس سانت جێرمان بکاتەوە.

ڕۆژنامەکە ئەوەشی دووپاتکردەوە، کە ناسر خلێفی سەرۆکی یانە پاریسییەکە ڕێگە بە ڕۆیشتنی ڤێراتی نادات، کە زیاتر لە ١٠ ساڵە لە یانەکەدایە بەوپێیەی ڤیراتی لە هاوینی ٢٠١٢ لە یانەی پێسکارای ئیتاڵییەوە پەیوەندی بە پاریس سانت جێرمان کردووە.

ڕۆژنامەی لیکیپ هێمای بۆ ئەوە کردووە ئەو سووکایەتییەی لە لایەن هاندەرانی پاریس بە ڤیراتی کراوە لەگەڵ سزایەکەی لیۆنێل مێسی بە کارێکی خراپ و نا دادپەروەر دەزانێت پێیوایە کاریگەری لەسەر هەموو یاریزانەکانی دیکە دەبێت.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە لویس کامپۆس راوێژکاری وەرزشی پاریس لە دوای پشووەکانی جەژن قسەی ناشیرینی بە ڤیراتی گوتووە بەهۆی ئەوەی کێشی ٤ کیلۆ زیادی کردووە ئەمەش ڤیراتی دڵتەنگ کردووە.

مارکۆ ڤێراتی لە ئەگەری ڕۆیشتنی لە پاریس سانت جێرمان چاوەڕێی ئۆفەرێکی سەرنجڕاکێش دەکات لە خولی سعودیە یان لە ئەنتەر میامی ئەمریکاوە.

## بێرناردۆ سیلڤا خواستی یاریکردنی بۆ ریال مەدرید هەیە



بێرناردۆ سێلڤا ئەستێرەی یانەی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی داوای چوون و یاریکردن بۆ یانەی ریال مەدریدی کردووە.

میدیای ئیسپانیا گووتی: بێرناردۆ سێلڤا یاریزانی ناوەڕاستی مانچیستەر سیتی وەرزی رابردوو بەر لە رووبەڕووبوونەوەی هەردوو یانە لە هەمان قۆناخی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا داوای یارییکردن بۆ ریال مەدریدی کردووە.

بەپێی ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی سێلڤا بەر لە یارییەکەی وەرزی رابردوو بە یەکێک لە یاریزانانی ریال مەدرید گوتووە بەسەرۆکی یانەکەت بڵێ گرێبەستم لەگەڵدا مۆربکات من دەمەوێت لە ریال یاریی بکەم.

ڕۆژنامەکە بێ ئەوەی ناوی یاریزانەکەی ریال مەدرید بهێنێت دەڵێ: یاریزانەکە پەیامەکەی سێلڤای گەیاندووەتە فلۆرێنتینۆ پێرێز سەرۆکی ریال مەدرید. وەڵامی سەرۆکی ریال مەدرید ئەوەبووە، کە پێزانینی هەیە بۆ ویستی ئەو یاریزانە، بەڵام ئەوان بیر لەو دەستەوارەیە ناکەنەوە چونکە یاریزانەکە تەمەنی ٢٨ ساڵە و نرخەکەی لە نێوان ٧٠ تاوەکو ٨٠ ملیۆن یۆرۆدایە.

بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە سەرۆکی یانەی ریال مەدرید گوتوویەتی ریال مەدرید پێشینەی بۆ گرێبەستکردنە لەگەڵ یاریزانە لاوەکان.

مارکا دەڵێ سێلڤا ماوەیەکی بەرچاوە هەوڵی هاتنە دەرەوە لە مانچستەر سیتی و ئەنجامدانی ئەزموونێکی نوێ دەکاتەوە، هەربۆیە لە ماوەی رابردوودا خۆرخی مێندێز بەڕێوەبەری کارەکانی سێلڤا پێشنیازی ئەو یاریزانەی بۆ یانەکانی وەک بەرشلۆنە و بایرن میونیخ و پاریس سانت جێرمان کردووە.

# چوار یانە هەوڵی گواستنەوەی رۆناڵدۆ دەدەن

ڕۆژنامەی میترۆی بەریتانیا ئاشکرای کردووە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە لایەن یانەی نیوکاسڵ یۆنایتد داوا کراوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە خولی ئینگلیزی، جگە لەمەش سێ یانەی دیکە بۆ گواستنەوەی ئەستێرە پۆرتوگالییەکە لەسەرهێڵن.
سەرچاوەکە هێمای بۆ ئەوە کردووە نیوکاسڵ لە کۆتایی ئەم وەرزە لەسەر گواستنەوەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ رکابەریی سپۆرتینگ لیشبۆنەی پورتوگالی و لۆس ئەنجلۆس ئەمەریکی و پاریس سانت جێرمان دەکات، جگە لەمەش کریستیانۆ ئۆفەرێکی لە ریال مەدرید پێگەیشتووە بۆ ئەوەی وەکو باڵیۆزی یانەکە لە جیهان بگەڕێتەوە ریال مەدرید.
بە گوێرەی هەمان سەرچاوە کارگێڕی یانەی نەسر نزیکن لەوەی رازی بن بە رۆیشتنی کریستیانۆ رۆناڵدۆ بۆ نیوکاسڵ، چونکە ئەو یانە ئینگلیزییەش لە لایەن دەسەڵاتدار و سەرمایەدارەکانی سعوودیە خاوەنداریەتی دەکرێت.
بە گوێرەی راپۆرتە هەواڵەکان پاریس سانت جێرمان دەیەوێت لە ئەگەری رۆیشتنی لیۆنێل مێسی بە گواستنەوەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ قەرەبووی بکاتەوە.
هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن دەستەی بەڕێوەبەری یانەی نەسر ئامادەنین دەستبەرداری کریستیانۆ بن جگە بۆ نیوکاسڵ نەبێت، کە بەرژەوەندییەکی دارایی و بازرگانی گەورە کۆیان دەکاتەوە بەوپێیەی خاوەندارێتی یانە ئینگلیزییەکە سەر بە سندوقی وەبەرهێنانی سعوودیە.






# یانەی نەورۆز دۆخی باشتر دەبێت


هەر چەندە یانەی وەرزشیی نەورۆزی تاکە نوێنەری یانەکانی شاری سلێمانییە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لە هەفتەی ڕابردوو یانەکە لە سەر یاریگەی خۆی بە تاکە گۆڵێك بەرانبەر بە یانەی کەربەلا دۆڕا، لەم ناوەشدا (وەلی کەریم)ی ڕاهێنەری یانەکە بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی دا لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەکە، بەڵام کارگێڕیی یانەکە بڕیاری وازهێنانیان پەسند نەکرد و بڕیاری بەردەوامییان دا لەگەڵ یانەکە، هەر چەندە یانەکە لە کۆی ٢٧یاری خاوەنی ٣٥خاڵە. لە بارەی بارودۆخی تیپەکەش (پرسیار ڕەزا) یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تیپەکەمان ئامادەکاریی زۆر باشی هەیە و لە تەواوی یاریزانەکانمان ئامادەین، هەر چەندە لە چەند یارییەك ئاستمان وەکو پێویست نەبووە، بەڵام بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین»، یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی نەورۆز گوتیشی: «ئامانجی ئێمە ئەوەیە بتوانین باشتر دەربکەوین و لە خانەکانی ڕیزبەندی یانەکان بچینە پێشەوە، هەموومان بەیەکەوە دەمانەوێت لە یارییەکانی داهاتوودا دۆخی تیپەکە باشتر بکەین و بتوانین لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی عێراقی کێبڕکێ بکەین لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، خۆشتان دەزانن سەرجەم یانەکان شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجام دەکەن لە خولەکە، یاری بۆ یاری هەوڵی باشتر دەدەن، ئێمەش هیوای زۆرمان بە سەرجەم یاریزانان و کارگێڕی و دەستەی ڕاهێنەرانی تیپەکە هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی د ڵخۆ شکە ر بەدەست بهێنین».

# شەترەنجی خانزاد خولی بەهێزکردن و فێرکردن دەکاتەوە

یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی شەترەنج لە شاری هەولێر و بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە پایتەختی کوردستان، بڕیاری داوە خولی فێرکردن و بەهێزکردنی یاریی شەترەنج بۆ فێرخوازانی شاری هەولێر بکاتەوە، مەبەست لەم خولانە زیاتر گرنگیدانی یانەکەیە بە منداڵانی ئاستەکانی تەمەن، بۆ ئەوەی لەم پشووەدا بتوانن خزمەتێکی زیاتری ئەم فێرخوازانە بکەن، لەم بارەشەوە دکتۆر دڵزار حەمە ساڵح سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «مەبەستمان لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە خولی فێرکردن و بەهێزکردنانەی فێرخوازان بۆ ئەوەیە بتوانین لەم پشووەدا زۆرترین خزمەت بە قوتابیانی شاری هەولێر بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بۆ بەهزێکردنی مشێك و هزری تاکەکانی کۆمەڵ هاوکار بین، ئەم خولانە لە ١٦ی ئەم مانگە دەست پێدەکات و هەفتەی دوو ڕۆژە، بۆ ماوەی یەك مانگ بەردەوام دەبێت، هەمیش ئامادەکاریی یاریزانەکانی خۆمانە بۆ خولی یانەکانی عێراق بۆ هەردوو ئاستی تاك و کۆ، کە بڕیارە لە مانگی٧ی داهاتوو بەڕێوە بچێت، کە ڕەنگە یانەی شەترەنجی خانزاد میوانداری خولەکە بکات، ئامانجی ئێمە زیاتر خزمەتکردنی ئەو یارییە و دەمانەوێت زۆرترین ئارەزوومەند بەشداری لە خولەکانماندا بکات».



# زاخۆ دەچێتە قۆناغێکی باشتر



ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی زاخۆ بە ئامانجی ئەوە بوو لە خولی نایابی عێراقی بتوانێت ئاست و ئەنجامی شایستە دەستە بەر بکات، بەڵام تیپەکە لە کۆی ئەنجامدانی ٢٦ یاری تەنیا خاوەنی٢٧خاڵ بووە، لە شەش یاریی ڕابردووش یانەکە لەسەر دەستی ڕاهێنەر (حەیدەر عەبدولئەمیر) نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ڕاهێنەری ناوبراویش دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، کارگێڕیی یانەی زاخۆ لە شوێنی ئەوان (نزار مەحروس)ی ڕاهێنەری سووریی کردە ڕاهێنەری یانەکە بۆ یارییەکانی داهاتوو، هاوکات (دڵشاد ئەحمەد)ی کوڕی شاری هەولێریش وەکو یاریدەدەر دەستبەکار بوو، لە یەکەم تاقیکردنەوەشیاندا سێ خاڵی گرنگیان بەدەست هێنا لە دژی یانەی کارەبا، لە بارەی بارودۆخی تیپەکەش دڵشاد ئەحمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بۆ ئەوە هاتووین بارودۆخی یانەکە باشتر بکەین، هەموو ئەو کەموکوورییانەی هەیە بە گوێرەی توانا چاکیان بکەین، ئێمەش وەکو هەموو یانەکانی دیکە کێشەمان هەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی هونەری و ڕێکخستنەوە هەبێت، وەکو یاریزان ئێمە دەتوانین ببینە هەتوان بۆ برینەکان، ئەوەشی پەیوەندی بە ئیدارەوە هەیە کارگێڕیی یانەکە خۆیان پلانی چارەسەریان داناوە، پێشم وایە بە ئاسانی چاکی دەکەن، بۆیە گەشبینم بۆ داهاتووی یانەکە، ئێمە دەمانەوێ خزمەتی یانەکە بکەین و تیپەکەش بکەینە یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی عێراق».



یانەی زاخۆ لە ئێستادا لە کۆی ٢٨یاری خاوەنی ٣٠خاڵە و پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ هەستانەوە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و، توانای ئەوەیان هەیە گرنگی بە هەموو لایەنەکان بدەن.

# هەوکردنی پەردەکانی مێشک



هەوکردنی پەردەکانی مێشك Meningitis واتە هەوکردنی ئەو پەردانەی کە دەوری مێشك و پەتکەدەماریان داوە. هەوکردن بە ڤایرۆس باوترین جۆری هەوکردنی پەردەکانی مێسشکە بەراورد بە هەوکردن بە بەکتریا، کەڕوو یان مشەخۆر. هەوکردنی ڤایرۆسی پەردەکانی مێشك حاڵەتێکی سووکە و لەخۆیەوە لە ماوەی دوو هەفتەدا چاك دەبێتەوە، بەڵام هەوکردنی بەکتریایی پەردەکانی مێشك مەترسی هەیە، چونکە لەوانەیە کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ببێتە ئەگەری گرفتی هەمیشەیی مێشك، یان ئەگەری مردن ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت. لە تووشبووانی تەمەن دووساڵی و بەسەرەوەدا، نیشانە سەرەتاییەکانی هەوکردنی پەردەکانی مێشك وەکو نیشانەکانی هەڵامەت دەردەکەون، ئینجا نیشانەی دیکە سەرهەڵدەدەن، کە بریتین لە: بەرزبوونەوەی کتوپڕی پلەی گەرمیی لەش، ڕەقبوونی مل، سەرئێشەی توند، هێڵنج و ڕشانەوە، شێوان و تێکچوونی تەرکیز، گەشکە، خەوتنی قورس و گرفت لە لەخەوهەڵساندا، هەستییاربوون بە ڕووناکی، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و هەستی تینووبوون، لە هەندێك حاڵەتیشدا دەرکەوتنی پەڵەی سوور لەسەر پێست Skin rash.

# ئایا بەکارهێنانی لەزگەی دەم لەکاتی نووس



لەزگەی دەم Mouth taping لە کاتی نووستندا ڕێنمایی دەکرێت لە لایەن هەندێك پزیشکی ددانەوە، پزیشکانی ڕاستکردنەوەی ئێسك، لەگەڵ پسپۆرانی خەو بە مەبەستی چارەسەرکردنی: پرخە، کلۆربوونی ددان، لێکدانی ددانەکان لە کاتی خەودا Bruxism، ناخۆشبوونی بۆنی هەناسە، کوالیێتی نزمی خەو، هەروەها بۆ حاڵەتەکانی هەناسەوەرگرتن و هەناسە دانەوە بە ڕێگەی دەم Mouth breathing لەجیاتی لووت. لەزگەی دەم لە کاتی نووستندا هاندەرە بۆ زیاتر بەردەستبوونی ئۆکسیدی نایتریك Nitric oxide لە لەشدا، کە یارمەتیدەرە بۆ فراوانکردنەوە و تەسکبوونەوەی بۆڕییەکانی خوێن، هەروەها کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن و پاراستنی تەندروستیی دڵ، لەگەڵ پێشخستنی توانای فیزیکیی لەش. هەناسەوەرگرتن بە ڕێگەی دەم کاریگەریی نێگەتیڤی هەیە وەکو وشکبوونی دەم، ناخۆشبوونی بۆنی هەناسە، پەیدابوونی ئەڵقەی تاریك لە ژێر چاوەکاندا، هەستکردن بە ناڕەحەتی و ماندووبوون، هەروەها زیادبوونی ئەگەری نەخۆشیی پوك و قوڕگ و گوێ. بە پێی چەند سەرچاوەیەکی پزیشکی،



# هۆکاری بۆرژان پاش ژەمی خواردن

بۆرژان پاش ژەمی خواردن Postprandial sleepiness لە هەندێك کەسدا ڕاستەوخۆ پاش خواردنی ژەمی نیوەڕۆ، یان ژەمی ئێوارە بەدی دەکرێت، کە زۆر جار کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر چالاکییەکانی ڕۆژانە. پاش ژەمی خواردن، بۆ هاندانی کرداری هەرسکردن هاتووچۆی خوێن بۆ ڕیخۆڵە باریکە زیاد دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گەیشتنی خوێن بە مێشك، کە هاندەرە بۆ هەستکردن بە بۆرژان و ئارەزووی ڕاکشان یان تەنانەت نووستن. سەرچاوەی پزیشکی دیکە ئاماژەیان بەمە کردووە کە ترشە ئەمینی تریپتۆفان Tryptophan کە لە گەلێك خۆراکی پرۆتینیدایە هاندەرە بۆ دەردانی سیرۆتۆنین Serotonin کە گەیێنەری نێوان دەمارەکانە لە ناوپۆشی ڕیخۆڵە و خانەکانی مێشکدا، ئەمەش ڕوونە کە سیرۆتۆنین هەستی بۆرژان پەیدا دەکات. هۆکارە هاندەرەکانی بۆرژان و هەستکردن بە هیلاکی پاش ژەمی خواردن: خواردنی ژەمی گەورە یان خواردنی بڕی زیادی چەوری و کاربۆهیدرات، گۆڕینی کاتی خواردنی ژەمی سەرەکی، کەم خەوی یان خەوزڕان.



# ـــــــتندا هەناسە باشتر دەکات؟

ســـوودەکـــانی لەزگەی دەم لە کاتی خەودا بریتین لە: پاراستنی تەندروستیی دەم، کەمکردنەوەی پرخە، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، لەگەڵ دابەزاندنی پەستانی خوێن. نابێت هەر شریت یان لەزگەیەك بۆ بەستنی دەم بەکار بهێنرێت، بەڵکو لەزگەی تایبەت بە بەستنی دەم لە کاتی نووستندا هەیە، کە لە ناوەڕاستدا کونێکی بچووکی تێدایە و تا ڕادەیەکی زۆر سەلامەتە، بەڵام تەنیا بە ڕێنمایی دکتۆر دەبێت.

## ڕیجیمی داش چییە؟



ڕیجیمی داش DASH واتە پلانی خۆراکی بۆ ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کە لە هەمان کاتدا سوودبەشخە بۆ پاراستنی تەندروستیی دڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشیی شەکرە. ڕیجیمی داش بۆ هەڵبژاردنی جۆرەکانی خۆراك کارێکی تا بڵێی ئاسانە و ئەنجامەکەی لە سەرتاسەری جیهاندا سەلمێندراوە. لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە ئەم ڕیجیمە زۆر گونجاوە بۆ کەسانی تووشبوو بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کە بە دەرمان کۆنترۆل نەکرێت. ڕیجیمی داش لە لایەن پەیمانگای نێودەوڵەتیی دڵ و سییەکان و خوێن NHLBI پەرەی پێدراوە، کە بۆ خۆپاراستن لە ئاڵۆزییەکانی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن پەیڕەو دەکرێت، بەتایبەتی خۆپاراستن لە ئەگەری جەڵتەی مێشك و نۆرەی دڵ کە بە مەترسیدارترین ئاڵۆزییەکانی پەستانی بەرزی خوێن هەژمار دەکرێن. ئەو خۆراکانەی کە پێویستە بخورێن لە ڕیجیمی داشدا بریتین لە: سەوزە و میوەی جۆراوجۆر، دانەوێڵەی تەواو، شیرەمەنیی کەم چەوری یان بێ چەوری، ماسی، گۆشتی پەلەوەر، پاقلەمەنییەکان، کاکڵ و تۆوەکان، زەیتی ڕووەکی. ئەو خۆراکانەی کە پێویستە زۆر سنووردار بکرێن بریتین لە: گۆشتی سوور، شیرەمەنی پڕ چەوری، شەکر و شلەمەنییە شیرینکراوەکان، هەموو جۆرە هەویرکاری و خۆراکە شیرینەکان، لەگەڵ خوێ.

## بۆچی نەخۆش لەکاتی شەودا زیاتر ناڕەحەت دەبێت؟

لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی تێکساس ئاماژەیان بەمە کردووە کە ریتمی کاتژمێری بایۆلۆژی لەش Circadian rhythm و چەند فاکتەرێکی تر ڕۆڵیان هەیە لە زیاتر بەرجەستەبوونی نیشانەکانی نەخۆش لەکاتی شەودا. لەکاتی شەو و لەگەڵ نووستندا، کاتژمێری بایۆلۆژی لەش یارمەتی ڕێکخستنی سستمی بەرگریی لەش دەدات، بۆنموونە لەکاتی تووشبوون بە هەڵامەت کە سستمی بەرگریی چالاك دەبێتەوە، ئەوا خانەکان چەند ماددەیەکی کیمایی دەردەدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی هەڵامەت، ئەم بەرەنگاربوونەوەیەش هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی نیشانەکانی وەکو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش و کڕانەوەی قوڕگ، بۆیە لەکاتی شەودا نەخۆش زیاتر بەدەست نیشانەکانەوە دەناڵێنێت. ئەم چالاکبوونەوەی شەوانەی سستمی بەرگریی لەش تا بەرەبەیان بەردەوام دەبێت، بۆیە نەخۆش لەکاتی لەخەوهەڵساندا هەست دەکات کە نیشانەکانی سەختترن، کەچی لەکاتی پاش نیوەڕۆ و ئێوارەدا کە سستمی بەرگریی لەش هێوردەبێتەوە، نەخۆش هەست بە باشتربوون و سووکبوونی نیشانەکان دەکات. لە لایەکی تر، پاڵکەوتن لە شەودا هاندەرە بۆ زیاتر بەرجەستەبوونی گیرانی لووت و قوڕگ، کەچی لەکاتی ڕۆژدا کە نەخۆش دەوەستێت یان دادەنیشێت ئەم نیشانانە سووکتردەبن، هەروەها سەرقاڵبوونی نەخۆش بە کەسەکان و دەوروبەر لەکاتی ڕۆژدا هاندەرە بۆ سووککبونی نیشانەکانی وەکو سەرئێشە و کڕانەوەی قوڕگ.





# پێویستە ڕۆژانە چەند جار دەموچاوت بشۆریت؟

بە ڕای پسپۆرانی تەندروستیی پێست، چەندێتی شووشتنی دەموچاو پەیوەستە بە سرووشت و جۆری پێستی هەر کەسێکەوە و، هەروەها بوونی چەند حاڵەتێکی پێست. دەموچاو ڕۆژانە ڕووبەڕووی گەلێك کاریگەریی دەرەکی دەبێتەوە وەکو تیشکی خۆر، با، ئارایشت، تیشك و ڕەونەقی شاشەکان..تاد. بێگومان گرنگیدان بە پێستی دەموچاو بەپاککردنەوە واتە شووشتن دەست پێدەکات لەوکاتەی کە نیوەی کەسەکان شووشتنی دەموچاو پێش نووستن فەرامۆش دەکەن، ئەوە گومانی تێدا نییە کە شووشتنی دەموچاو گرنگە بۆ تەندروستیی پێستی دەموچاو بە مەبەستی لابردنی چڵك، چەوری، خانە مردووەکانی چینی هەرە سەرەوەی پێست، کە ئەگەر پاك نەکرێنەوە ئەوا دەبنە ئەگەری سووتانەوە و گرفتی دیکەی پێست. بە ڕێنمایی پسپۆرانی پێست، ڕۆژانە پێویستە کە ٢ جار دەموچاوت بشۆریت واتە بەیانی و لە کۆتایی ڕۆژدا کە بۆ هەموو جۆرەکانی پێست گونجاوە، تەنیا لە حاڵەتەکانی هەستەوەری و ئەکزیمادا نەبێت کە پێویستە ڕۆژانە یەك جار دەموچاو بشۆرێت بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەگەری سووتانەوەی پێست و زیادبوونی نیشانەکان، هەروەها ڕاستەوخۆ پاش وانەیەکی گەرمی یۆگا یان پاش مەشقی توندی جیم، پێویست دەکات کە دەموچاو بشۆرێت.





## کامێرا و دووربینی بینین لە شەودا

دووربینەکانی دیتن لە شەوی تاریکدا، زیاتر بۆ بواری شەڕ و شوێنە نا ئارامەکان سوودیان لێوەردەگیرێ و لە زۆر وڵاتاندا وەك ئامێری شەڕ سەیر دەکرێت. بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ گۆڕانکاری بەسەر دووربینی شەویشدا هات، بۆ نموونە دوربینی جۆری Duovox Ultra کە هەم کامێرایەکی بەهێزە بۆ گرتنی ئەو دیمەنانەی دەیانبینی و هەم دووربینێکە کە لە شەوی تاریکیشدا دیمەنەکان بە ڕەنگی نیشان دەدات.

ئاوێنەی کامێراکە لە ٧ بەش پێکهاتووە و هەروەها باترییەکەی هەتا دە کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. هەتا مەودای ٥٠٠ مەتری بە باشی دیمەنەکانی پێدەبیندرێ و دەکرێ وێنەیان لێبگیرێت. دەتوانێت بە کوالیتی فوول ئیچ دی فیلم هەڵبگرێتەوە. کێشی کامێراکە تەنیا ٢٨٠ گرامە. سیستەمی وای-فای هەیە و وێنەکان ڕاستەوخۆ بۆ مۆبایل دەگوازێتەوە. زوومکردنی دەستی ٥ بەرابەرە و زوومی دیجیتالی ١٠ بەرابەرە. پشتیوانی لە میمۆری کارتی ١٢٨ گیگابایتی دەکات.

## داهێنانێکی نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگ

هەتا ئێستاش بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگ هەر لە سپیکەر و هیدفۆن سوود وەردەگیردرێ، بەڵام لەم ماوەیەدا ئامێرێکی تایبەت بەرهەم هاتووە بەناوی fo-cusound کە دەنگ وەك تیشك بڵاودەکاتەوە و بۆ لایەن و ئاراستەیەك بەڕێ دەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم ئامێرە، بۆ نموونە لە ماڵەوە کاتێك نیازت گوێ لە گۆرانی بگری یا گوێ بدەیە هەواڵ، بەڵام ئەندامانی ماڵەوە حەز لەوە ناکەن، ئەوکات دەبێت هیدفۆنێك لە گوێت بخەی و پەیوەندی بدەی بە تیڤی یا ئامێری بڵاوکردنەوەی مۆسیقی. بەڵام ئامێری ناوبراو کە تەنیا پێکهاتووە لە شاشەیەك و هیچ سپیکەرێکی نییە، بەهۆی بلوتوسەوە لە گەڵ ئامێرەکان پەیوەند دەدرێ و پاشان دەنگەکە بۆ ئەو ئاراستەیە بەڕێ دەکات کە بەکارهێنەرکەی لەوێ دانیشتووە. لە ماڵێکدا کە چەند کەس و هەرکامیان ویستێکی تایبەتیان هەبێ، هەر کەسەی دەنگی تایبەتی خۆی وەردەگرێ بەبێ ئەوەی لایەنی بەرامبەر بێزار بکات. ئامێرەکە دەنگەکە بە شێوەی ٣٦٠ پلەیی بەڕێ دەکات و بەکارهێنەر وا هەست پێدەکات لە ستۆیۆدیۆی تایبەت بەدەنگ دانیشتووە، بۆ نموونە پێیوایە لە هۆڵێکی سینەمایە.







# درۆنێکی تایبەت بە بواری بەرهەمهێنانی فیلم

لە وڵاتێکی شەڕ و نائارامیدا بەداخەوە کە باسی درۆن دێتە گۆڕێ، زەینت بۆ ئامێرێکی تێکدەر و ماڵوێرانکەر دەچێت، هەرچەندە درۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوو و ئارامدا بۆ شەڕ و کاولکاری سوودی لێوەرناگیرێت، بەڵکو بۆ بواری گەیاندنی خێرا (فریاگوزاری)، گواستنەوەی ئامێرەکان، ئەرکی پۆستە و گەیاندن و زۆر ئەرکی دیکەی مرۆیی ئەنجام دەدا.

زۆربەی درۆنەکان دەتوانن فیلم هەڵبگرنەوە، بەڵام درۆنەکانی DJI زۆر تایبەتن، کۆمپانیای ناوبراو لەم ماوەیەدا درۆنێکی تایبەت بە سینەمای بەرهەم هێناوە، کە هەم تێچووەکەی زۆرە و هەم کارامەیی و تواناکانی گەلێکن.

درۆنی Inspire 3 کامێرایەکی زۆر بەهێزی هەیە بە کوالیتی K8 فیلم هەڵدەگرێتەوە. تایبەت بە بواری سینەما بەرهەم هاتووە. فیلم بە فۆرماتی Cin-emaDNG و هەروەها فۆرماتی Apple ProRes RAW هەڵدەگرێتەوە، کە ئەم فۆرماتانە تایبەتن بە فیلمی سینەمایی. درۆنی ناوبراو دەتوانێت هەتا نیو کاتژمێر بە ئاسماندا بفرێت. کامێراکەی سیستەمی Zenmuse X9-8K Air Gimbal لەسەرە ئەوە بەو مانایە دێت کە لە بەرزاییەکی دوورەوە دەتوانێت بە کوالیتی بەرز فیلم هەڵبگرێتەوە. خێرایی درۆنەکە ٩٣ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا. ئەگەر کێشەیەکی بۆ هاتە پێش وەک باو و بۆران یا دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، یا لەو شوێنە دوور دەکەوێتەوە.



# بەهێزترین ئامێری گەیمی دەستی

ئامێرەکانی یاریکردنی ئەلکترۆنی زۆرن و جۆراوجۆرن، یەکێك لەو جۆرە ئامێرانە کە شاشەکە و دەسکی گەیم و هەموو شتەکانی پێکەوەن و خودی ئامێرەکەش بچووکە و بۆ گواستنەوە دەبێت، پێیاندەگوترێت کۆنسۆلی یاری دەستی.

کۆمپانیای Asus لەم ماوەیەدا ئامێرێکی دەستی تایبەت بە گەیم کردن بەرهەمهێناوە کە بە جۆری ROG Ally ناسراوە. ئەم ئامێرە بە بوونی APUیەکی بەهێز واتە یەکەی لێکدانەوەی بەهێز و هەروەها شاشەیەکی ٧ ئینجی و شوێنی پۆرتی XG mobile لە ڕیزی بەهێزترین ئامێرەکانی یاری ئەلکترۆنی دێت. ڕامی ئامێرەکە ١٦ گیگابایتە و داتاگە واتە شوێنی داکردنی یارییەکانی کە لە جۆری SSDیە ٥١٢ گیگابایتە. ئەم ئامێرە ویندۆز ١١ش دەخوێنێتەوە.

لەگەڵ ئامێرەکەدا پرۆگرامێکی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی یارییەکانی لەگەڵ داندراوە، بەهۆیەوە بەکارهێنەر دەتوانێت بە ئاسانی ئەوەی مەبەستیەتی لە یارییەکەدا جێبەجێی بکا. ئامێری گەیمی ئەلکترۆنی ٦٠٨ گرام کێشیەتی.

# کەڤەرێکی ئایفۆن شاشەی کتێب خوێندنەوە




مۆبایل و تەبلێت بۆ پەیوەندییەکان، سەیرکردنی فیلم و کردنەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و... تاد. گرنگی خۆی هەیە. بەڵام ئەگەر نیازی خوێندنەوەت هەبێ و بتهەوێ مۆبایلەکەت وەك (کتێبخوێن)ی ئەلکترۆنی لێبکەی، مۆبایل بۆ ئەمە گونجاو نییە. چونکە شاشەکەی بۆ خوێندنەوە دروست نەکراوە.

کەڤەری جۆری InkCase ڕاست بۆ ئەم مەبەستە بۆ مۆبایلی ئایفۆن بەرهەمهاتووە، کەڤەرەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و دەبێتە شاشەی دووەمی مۆبایل. شاشەکە لە جۆری حیبری ئەلکترۆنییە و زیان بە چاو ناگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی باتری مۆبایلەکە زیاتر دەکات. بەهۆی کەڤەرەکە دەتوانیت لە ژێر تیشکی خۆریشدا بخوێنیەوە. جگە لە خوێندنەوە، کورتەپەیام و ئاگادارکردنەوەکان و ڕۆژمێر و کاتژمێریش لە کەڤەرەکە نیشان دەدرێن. هەتا ٦٠ کاتژمێریش شەحنی دانابەزێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، مۆبایلێکی نوێم کڕیوە، بەڵام نازانم بۆچی نە یوتیوب و نە گوگڵی و هیچ شتێك ناکاتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز دوای ئەوەی مۆبایلی نوێت کڕی، پێویستە هەژمارێکی نوێی جیمیلت هەبێت بۆ کردنەوەی مۆبایلەکەت، بە کردنەوەی هەژمارەکە خاوەندارییەتی مۆبایل دەکەی. بەڵام جار هەیە هەژماریش دەکەیەوە، بەڵام لە پڕکردنەوەی هەژمارەکەتدا تەمەنت لە خوار ١٨ ساڵیدا داناوە، ئەوکات یوتیوب و زۆر پرۆگرامی دیکە ناکاتەوە، چونکە یوتیوب ئیزن نادات خوار ١٨ ساڵی بیکەنەوە. ئەگەر یوتیوب و پرۆگرامی دیکەشی نەکردەوە، ئەوە بزانە تاریخی مۆبایلەکەت هەڵەیە و پێویستە کاتژمێر و ڕۆژمێرەکە دروست بێت.

# پرۆگرامێکی نیگارکێشان بۆ چیرۆک و داستان

وێنە چیرۆك یا نیگارە چیرۆك هەیە، ئەو وێنانەی کە بەدەست کێشراون و باس لە گێڕانەوەی چیرۆکو بەسەرهاتێك دەکەن، بەتایبەتی چیرۆك بۆ منداڵان. لە سەردەمی دیجیتالیدا ئەم نیگارە چیرۆکانە بە پرۆگرامی تایبەت دەکرێن. یەکێك لەو پرۆگرامە تایبەتانە پرۆگرامی CLIP STUDIO PAINTە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە کارئاسانییەکی زۆر بۆ کەسانی گرافیك و نیگارکێش دەستەبەر دەبێت، ئەوان پێویست ناکات جارێکی دیکە هەمان وێنە کۆپی بکەنەوە و دەستکاری بکەنەوە، بەڵکو بەهۆی پرۆگرامەوە دەکرێت دەستکاری بکرێت، بۆ نموونە کاراکتەرێکی چیرۆك هەیە لە شوێنێك دانیشتووە، بەهۆی پرۆگرامەکە دەکرێت هەمان کاراکتەر هەستێتەوە یان رابکات. پرۆگرامەکە جگە لەوەی دەکرێت نیگار و وێنەکان لەسەر کاغەز چاپ بکات، دەکرێت بیکاتە وێنەی ئەنیمەیشن و جوڵەداریش. پرۆگرامەکە زیرەکە و دەیان قەڵەم ڤیکتۆر وفیلتەری تایبەتی تێدایە.





# کاتژمێرە زیرەکەکەی سامسۆنگ لە خزمەت خانماندا

کاتژمێرە زیرەکەکان لە بواری خزمەتگوزاری تەندروستی و ڕێنوینی وەرزشی و ڕاهێنانی جەستەیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. خزمەتگوزارییە کاتژمێرە زیرەکەکان لە بوارەدا زۆر لە پێش مۆبایلدایە.

نوێترین کاتژمێری زیرەکی سامسۆنگ واتە کاتژمێری Watch 5 Pro جگە لە خزمەتگوزارییەکانی بواری ڕاهێنانی جەستەیی وەك چاودێری ڕاهێنانە وەرزشییەکان، خزمەتگوزارییەکشی تایبەت بە خانمان تێدایە، ئەویش ئاگادارکردنەوەیانە پێش گەیشتن بە سوڕی مانگانە.


زۆر جار هەیە سوڕی مانگانەی ئافرەتان لە کات و ساتێکی دیاریکراودا نییە، بە زۆر هۆکار گۆڕانی بەسەردادێت، کاتژمێری زیرەکی ناوبراو بەهۆی هەستەوەرێکی تایبەت کاتێك گەرمەی جەستەی خانمان گۆڕانی بەسەردادێت، هەست بەوە دەکات کە کاتی سوڕی مانگانەی نزیك بۆتەوە. ئەم تایبەتمەندییە جیاوازە لە ڕۆژمێری تایبەت بە سوڕی مانگانە، بەڵکو ئەوە کات و ساتی دیاریکراو نیشان دەدا، تەنانەت ئەگەر بەکارهێنەرەکەی لە جەرگەی شیرینە خەویش دابێ ئاگاداری دەکاتەوە.

جگە لەو تایبەتمەندییە تایبەتمەندی Cycle Tracking تێدایە کە بەپێی کۆکردنەوەی زانیاری تاکەکەسی لەسەر بەکارهێنەرەکەی، باشترین کات بۆ پشوودان، یا وەرزشێکی کەم بۆ کەمکردنەوەی ئازاری سوڕی مانگانە پێشنیار دەکات.



## ماڵپەڕێک بە سوود لە ژێری دەستکرد وێنەکان دەستکاری دەکا

جار هەیە وێنەیەکی بچووکت هەیە و کوالیتی کەمە ناتوانی ئەو وێنەیە بۆ مەبەستی خۆت بەکار بێنی، بەتایبەت ئەگەر نیازت هەبێ لە ماڵپەڕێك یا لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بابەتێك هاوتەریبی بکەی. ماڵپەڕی icons8.com/upscaler لەوبارەوە کارئاسانی زۆری کردووە، بۆ سوود وەرگرتن لە ماڵپەڕەکە پێویست ناکات هەژماری تایبەت بەخۆت دابنێی. هەر وێنەیەك کە مەبەستە رایبکێشە ناو ماڵپەڕەکە دواتر ماڵپەڕەکە بە سوود وەرگرتن لە ژێری دەستکرد وێنەکە باش دەکات. وێنە چاك کراوەکان لە ماڵپەڕەکەدا خەزن دەبن و بەکارهێنەر دەتوانێت هەرکاتێك پێویستی پێیان بێت وەریانبگرێتەوە. ماڵپەڕەکە سنووری بەکارهێنەرەکانی دەپارێزێ و وێنەکان بڵاوناکاتەوە.





# مۆدی کراسەکانی بووک بۆ وەرزی گەرما

جلی بووك، لە نزیکترین ماوەدا چەندین مۆد و شێوازی جۆراوجۆری لێ بەدی دەکرێت و ئامادە دەکرێت و، مۆدەکان بەپێی براند و دیزاینەرانی جیهانی کاری بۆ دەکەن. لە دواترین مۆدی کراسەکانی بووکدا مارکەی Demetrios چەندین مۆدی تازەی جلی بووکێنیی ئامادە کردووە، کە لە شێوازی جلی کراوە و بە سەر دەستی دیزاینکراوە لە شیفۆن و ڕوون، چونکە لە قوماشی ناسك و کێش سووك دروست کراوە، کە ئەوەش بۆ بووکەخان لەبەرکردنی خۆش دەبێت و هەروەها لەلایەن دیزاینەرانیشەوە بەجوانی شێوەی خۆی وەردەگرێت. دیزاینەر نیکۆل میلانۆ: مۆدەکانی ئامادەکردووە، کە ناسك و شەنگن، کراسەکان لە بەشی خوارەوە بە وردە موروو و گوڵی گەورە ڕازاونەتەوە، کە بە کریستاڵەکانیش قەشەنگ کراوە، ئەو جۆرە کراسە لەگەڵ شێوازی ئارایشتی بەستراو یان هەڵگیراودا دەگونجێت، چونکە بەشی ملی لە شێوەی بازنەیی وایە و سەردەستەکانیشی پڕ و کراوەیە. دیزاینەرانی لۆرینا پانیا: کە گرووپێکی دروستکردنی جلی بووکن، ئەوانیش لە هەمان ئەو شێوەیەیان داهێناوە کە لە شێوەی جلی بووکی دەریایی وەرگیراوە. دیزاینەر مۆری: کە یەکێکە لە نازناوەکان لە بواری جل و کراسی بووکدا، ئەویش بە هەمان شێوەی جلی پەریی دەریا، مۆدە جلەکانی ئامادەکردووە و بە گوڵ و وردە کریستاڵیش ڕازاندنەوەی بەشی خوارەوەی بۆ جلەکە شیکتری کردووە.

# نەخش و نیگاری سەر نینۆک لە جوانیدا لوتکەدارە





بۆیە و ڕەنگی نینۆك بەس نییە بۆ ئەوەی دەستەكانت سەرنجڕاكێش بن، بەڵكو دەكرێت ڕێگەی نەخش ونیگاریش بگریتەوە تاوەكو جوانتر دەربكەون، نەخش و دیزاینی جۆراوجۆری ڕەنگاوڕەنگ و هەمەچەشن لەسەر نینۆكە بچووكەكان، هەر تەنیا نەخش و شێوە نییە، بەڵكو لە تێكەڵی نێوان ڕەنگەكان و گونجاندنی چەند ڕەنگێك ئامادە دەكرێن. پێشتر زیاتر باوی نەخشكردن بوو بۆ نینۆكی ئافرەتان، ئەوەشیان لە دوو جۆر بوون، یەكەمیان نەخشكردنی سەر نینۆكەكان، كە ئەوەش ماندووبوونێكی زۆری دەویست، بەشی دووەمیش نینۆك بە نەخشی ئامادە كراو بوو، ڕاستەوخۆ لە نینۆك دەخرا، تازەترین شێوەی نەخش و مۆدی بۆیەی نینۆك بریتییە لە لێكدانی هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی لەسەر نینۆك، وێڕای ئەوەی نینۆك هەر خۆی سپییە، تەنیا ئەوە نەبێ كە ڕەنگی ڕەشی بۆ دەخرێتە سەر و زیاد دەكرێ، هەندێ لە نەخشكێشەرانی نینۆك، وا هەست دەكەن ڕەنگی نینۆكیان ئەوەندە سپی نییە، بەڵكو ڕەنگی سپیش لەگەڵ ڕەنگە ڕەشەكە بەكار دەهێنن، هەروەها دەتوانیت دوای دانانی هەردوو بۆیە ڕەش و سپییەكە، هەندێك وردە سیم كە لە شێوەی بۆیەدا هەن، لە نێوان ڕەنگە ڕەش و سپییەكە بدەیت تا جیایان بكاتەوە.

# گەشانەوەی دەستبەند و بازنەكانت لە دەستت كارامەیە



ڕەنگی خشڵەكان بە جۆرێكە كە جیاوازی و مۆدێكی نازداریان هەیە، بۆ ئەوەی هەموو كات ئێكسسوارەكانت سەرنجڕاكێش بن، پێویستە ڕێكاری هەڵبژاردنی ڕەنگێكی شیاوی بۆ دابنێیت، هەر ڕەنگ و شێوازێك جێی سەرنجە، مۆدی پێشووی ئێكسسوارەكان جیاواز بوون لەوانەی ئێستا، چونكە ئەوەی هەنووكە هەن، گۆڕانكاری لە شێوازەكانیدا كراوە و نەخشی دیكەی بۆ دانراوە، بۆ نموونە ئەگەر دەستبەند و بازن وەربگرین، كە دوو جوانترین ئێكسسوارن و لە دەست دەكرێن، جیاوازیی نێوان دەستبەند و بازن ئەوەیە، كە دەستبەند بۆ هەموو كات لەدەست ناكرێت، بەڵام بازن دەتوانێ هەموو كاتێك دەستەكانت ڕازاوە بكەن، دەستبەند لە بازن گەورەتر و لایەكیشی تەواو نەكراوە، تا بە ئاسانی لە دەست بكرێن كە زیاتر شێوەی پانە و پێچەوانەی بازنە كە باریكە. ئەو ڕەنگانەی بۆ ئەو ئێكسسوارانە دادەنرێن جۆراوجۆرن، دەبێ بزانیت كە چ جۆرە ڕەنگێك شیاوە و لەگەڵ ڕەنگی پێستت دەوەشێتەوە، بەڵام ئەوەی پسپۆران دەڵێن: جوانترین ڕەنگ بۆ بازن و دەستبەند بیتین لە ڕەنگی زێڕین و زەردە، بە تایبەت ئەگەر زەردەكە تۆخ بێت و بەبریقەش بێت.





# هێلکەی بە نەخش و ڕەنگدار

(فرانگ گروم)ە، لە ناوچەی ستارا ڤرینکا لە وڵاتی سلۆڤینیا داهێنانی لەسەر توێکڵی هێلکەکان کردووە، ئەویش بە نەخشاندن و وێنەکێشان لەسەر هێلکە، کارەکانی بوونەتە جێگەی سەرنجی هەمووان کە چۆن ئەو نەخشانە بە کونکردن لەسەر هێلکە دروست دەکات بەبێ ئەوەی بشکێت و، لەسەر هێلکەیەك زیاتر لە (١٠٠) بۆ (٢٠٠) کوونی گەورە و بچووك دەکات، بەبێ ئەوەی بشکێت، وەك خۆی دەڵێت: «کارەکەم هەستیارە و سەرمی سپی کردووە، چونکە دەبێ لەسەرخۆ و بە ئارامی کارەکە بکەم»، نرخی هەر هێلکەیەکی نەخشداری کونکراو بە (٢٥) دۆلارە، دەتوانرێت ئەو هێلکە نەخشدارە بکرێتە دیاری یان وەك کەرەستەیەکی جوانکاری لە ماڵدا دابنرێت.









# سەما و هەڵپەڕکێی کوردی لە ئۆڵۆمپیادی سەما جیهانییەکان

دوای ئەوەی گرووپی سەما و هەڵپەڕکێی ڕووسی مێڕۆنینکۆ، هەڵپەڕکێی کوردی لە ١٩یەمین ئۆڵۆمپیادی سەما جیهانییەکان و لە بەشی دوو سەماکاردا خەڵاتی دووەمی بەدەستهێنا، بڕیار درا لە پێشبڕکێی سەما جیهانییەکانیشدا بەشدار بێت، گرووپی سەما و هەڵپەڕکێی ڕووسی مێڕۆنینکۆ، هەڵپەڕکێی کوردی لە ١٩یەمین ئۆڵۆمپیادی سەما جیهانییەکان لە بەشی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا پێشکەش کرد و لە بەشی دوو سەماکاردا، خەڵاتی دووەمی بەدەست هێنا، ڕێکخەرانی چالاکییەکە بڕیاریان دا هەڵپەڕکێی کوردی لە بەشی سەما جیهانییەکاندا پێشکەش بکرێت، ١٩یەمین ئۆڵۆمپیادی سەما جیهانییەکان ڕۆژی شەممە ٢٩ی نیسانی ٢٠٢٣ دەستی پێکرد کە لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەك ڕۆژی سەمای جیهانی دیاری کراوە و تاوەکو ٩ی ئایاری ٢٠٢٣ بەردەوام دەبێت، یەکەم ڕۆژی تایبەت بوو بە سەما و هەڵپەڕکێ ڕۆژهەڵاتییەکان، بۆ ناساندنی هەڵپەڕکێی کوردی و وەرگرتنی خەڵاتەکە، لیلی میرۆنۆڤ، ڕاهێنەری ڕووسی و هاوکارانی و هەردوو بەشداربووی سەرکەوتووی ئۆڵۆمپیادی سەما جیهانییەکان (نەدێژدە و ماریا) گرووپی مێڕۆنینکۆ، ساڵانێکە کار بۆ ناساندنی سەما و هەڵەپڕکێی کوردی دەکات و ئەمساڵ بە هەڵپەڕکێی کوردی لە ١٩مین ئۆلۆمپیادی سەمای جیهانی بەشدار بوو، نوێنەرایەتییەکەیان لە ڕووی دابینکردنی جلوبەرگ و هەندێ کەرستەوە هاوکاریان بووە، لە نەورۆزی ئەمساڵ، گرووپی هەڵپەڕکێی دهۆك، لە ئاهەنگی نەورۆز لە مۆسکۆی ڕووسیا بەشداربوون و سەما و هەڵپەڕکێی کوردییان بۆ ئامادەبووان نمایش کرد.




# درەختە بە تەمەنەکان

داری باوبات (جلینکۆ) کە بە (داری ژیان) ناسراوە، ئەو دارە دەکەوێتە کیشوەری ئەفریقیا، تەمەنی (٣٠٠٠) ساڵ دەبێت، بە کۆنترین (١٣) داری جیهان دادەنرێت، ئەو دارە دەکەوێتە شاری لیمبوبو لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا، بەرزییەکە دەگاتە (١٥٤) پێ واتە (٤٧) مەترە، ئەوەی سەیرە لە ڕاپۆرتێکی بەریتانیدا هاتووە، کە دوای ئەوەی تەمەنی دارەکان دەگەن بە (٣٠٠٠) هەزار ساڵ کە بەپێی لیکۆڵینەوە لە تەنەکانی نێو دارەکە دیار دەبێت، دارەکان دوای ئەو تەمەنە دەمرن و وشك دەبن، لەو (١٣) دارە کۆنەی جیهان ئێستا (٥)یان وشك بوون، واتە مردوون، ئەوانی دیکەش ماون، لە ئێستادا کار دەکەن بۆ تەمەن درێژکردنی ئەو دارە، ئەوەش بە پێدانی سەماد و ڤیتامین تا نەمرێت و بمێنێت.



## کاریکاتێر

ئـەم کاریکاتێـرە بـاس لـەو کەسـانە دەکات بـەرۆژوو بـوون، بـەر لـە بانگ چاوەڕێـن و دەیانەوێـت بەجگـەرە بیشـکێنن، نـەوەك بـە ئـاو و خـواردن.



## دیمەنە سەیرەکان

**وێنـەی دەمـاری ددانـە (عصـب السـن)**

ئەگـەر بێـت و ئـەو ددانـە ئیـلتیهاب بـکات، ئـەوا هـەرچی خۆشـی دونیـا هەیـە لـە بـیرت دەبـاتـەوە، ناخۆشـترین ئـازاری هەیـە، کـە هەندێـك جـار وات لـێ دەکات ددانەکانـت هەمـوو بکشـێیت .

## بۆقی ڕوون و شووشەیی

ئـەو بۆقـە لەلایـەن وێنەگرێکی بەریتانـی بـە نـاوی (جیمـی کۆلیبـراز) لـە میانـەی ئـەو گەشـتەی کـە بـۆ ناوچـەی (ماشـبی) لـە وڵاتـی ئیکـوادۆر ئەنجامـی دابـوو وێنـەی گـیراوە، جیمـی لـە کاتـی وێنەگرتنـدا بۆقەکـەی بەرچـاو دەکەوێـت کـە لەشـی ڕوونـە و دەتوانێـت هەمـوو نـاوەوەی جەسـتەی ببینێـت، ئـەو وێنەگـرە چاودێریـی ئـەو بۆقـەی کـردووە تـا چووەتـە شـوێنی خـۆی، لەوێـوە کۆمەڵێکـی دیکـەی دۆزیوەتـەوە کـە هەمـان شـێوەن، ئـەو جـۆرە بۆقـە بـە شووشـە دەناسـرێت، ئەگـەر سـەیری جەسـتەی بکەیـت دەتوانیـت هێلکـەکان بـە چـاوی ڕوون ببینیـت کـە چـۆن دروسـت دەبێـت.



## یاسا



**هاندانی کەسانی دیکە بۆ خۆکوشتن**

بەپێـی یاسـایی سـزادانی عێـراق مادەیەکـی ڕوون و نزیـك بۆئـەم تاوانـە نەبـوو، بۆیـە یاسادانەری کوردستان بیری لـە چارەسـەرێك بۆئـەم کێشـەیە کـردەوە و مـادە ٤٠٨ی یاسـایی سـزادانی هەمـوار کـرد و وشـەیەکی بـۆ زیادکـرد، تـا ئـەم تاوانـە بچێتـە قاڵبـی ئـەم مادەیـەوە بـەم جـۆرە، مـادە ٤٠٨ دەڵێت؛ هەرکـەس هانـی کەسـێك بـدات یـان هـاوکاری بـکات بـۆ خۆکوشـتن، ئـەوە کەسـەکە سـزا ئەدرێـت بـە بەندکـردن لـە نێـوان ٥بۆ٧سـاڵ، بـەڵام دواتـر لـە کوردسـتان وشـەی (هـۆکار) یـش زیادکـرا بـۆ مادەکـە، واتـەیاسـاکە دوای گۆڕانکارییەکـە دەڵێیـت؛

«هەرکـەس هانـی کەسـێك بـدات یـان هـاوکاری بێـت یـان هـۆکار بێـت بـۆ خۆکوشـتنی کەسـەکە، ئـەوە سـزا ئەدرێـت بـە بەندکـردن لـە نێـوان ٥ بـۆ ٧ سـاڵ.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

زۆر هەسـت بـە باشـی ناکەیـت، ناتوانیـت ئەرکەکانـت بـە باشـی ئەنجـام بدەیـت، ئەمـەش متمانەبەخۆبوونـت کـەم دەکاتـەوە، مەترسـە لـەوەی داوای هـاوکاری لـە کەسـانی چواردەورت بکەیـت، لـە ڕووی تەندروسـتییەوە ئەگـەر لـە خواردنـی ناتەندروست دوورنەکەویتەوە زیـان بـە گـەدەت دەگات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەگـەڵ هاوڕێکانـت و خێزانەکـەت کۆدەبیتـەوە و کاتێکـی خـۆش بەسـەر دەبەیـت، لەلایەنـی پیشـەییەوە ئـەم ماوەیـە تەمەڵـی مەنوێنـە و ئەرکەکانـت ئەنجـام بـدە، تەندروسـتییەکی بـاش یارمەتیـدەرە لـەوەی چالاکییەکانـی ڕۆژانـەت بـە باشـی ئەنجـام بدەیـت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمـڕۆ بـە میزاجێکـی باشـەوە لـە خـەو هەڵدەسـتیت، ئامـۆژگاری دەکرێـت هەندێـك ڕاهێنانـی وەرزشـی بکەیـت، بۆئـەوەی ئـازاری جومگـە و بڕبڕەکانـت کـەم ببێتـەوە، لەلایـەن کەسـێکی نزیکتـەوە هەواڵێکـی خۆشـت پـێ دەگات، چاوەڕوانبـە و خـۆت بـۆ گۆڕانکاریـی نـوێ ئامـادە بکـە .

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لـەم ماوەیـەدا هەندێـك هاوڕێـی نزیکـت دەبینیـت و بـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانتـەوە سـەرقاڵ دەبیـت، لەلایەنـی داراییـەوە چانسـت هەیـە قازانجێکـی بـاش بکەیـت، پێویسـتە کاروبـاری ڕۆژانـەت بـە باشـی ڕێـك بخەیتـەوە، لەلایەنـی سـۆزدارییەوە چێـژ لـە کاتەکانـت دەبینیـت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

خێزانەکـەت پاڵپشـتیت دەکـەن، ئـەم ماوەیـە دوور بکـەوەرەوە لـەوەی کێشـە لەگـەڵ کەسـانی دیکـە دروسـت بکەیـت، هـەوڵ بـدە بـە شـێوەیەکی دیبلۆماسـییانە پارێـزگاری لـە پەیوەندییەکانـت بکەیـت، ڕەنگـە پیشـەکەت بگۆڕیـت، بۆیـە هـەر لـە ئێسـتاوە بەباشـی خۆتـی بـۆ ئامـادە بـە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هـەوڵ بـدە دوور بکەویتـەوە لـە کەسـانی نەرێنـی، چونکـە لـە متمانـە بەخۆبونـت کـەم دەکاتـەوە، بەهـۆی ناجێگیریـی تەندروسـتیتی مـاوەی ڕابردووتـەوە و هەسـت دەکەیـت هێشـتا شـەکەتیت، ئەگـەر هەیـە پلانـی گەشـتێکی کـورت دابنێیـت.


بۆ زانیاریت

## فێربوون لە سروشت



باڵندەی بێژەری کۆمەڵایەتی کە خۆجێی ئەفریقای باشوورە، دیزاین و وانەی لە سرووشت پێ بەخشین، گەورەترین هێلانەی باڵندە لە جیهاندا دروست دەکات، سەدان باڵندە پێکەوە هاوکاری دەکەن بۆ دروستکردنی ئەم ئاوێتە، کە لە ناویدا ١٠٠ کونە بچووکی هێلانە یان، ژوورە بچووکەکان هەن، نزیکەی ١٠٠ جووت باڵندە پێکەوە دەژین بۆ گرنگیدان بە هێلکە و پشوودان، سەرسوڕهێنەرە بزانین ئەم باڵندەیە پێش داپیرەمان وانەی گونجانی ماڵەوە لەگەڵ زستان و هاوین فێربووە.. بۆیە ژووری ناوەندی ناوەوەی خۆی دروست کرد بۆ ئەوەی زستان (گەرمتر) بێت لە کاتێکدا ژوورەکانی هێلانەکانی لە پەراوێزیدا هاوینەهەواری (مارینا کۆمپاوند)ن !!)، نزیکە هاوشێوەی ئەو شێوازەی کە نەنکمان لە ڕابردوودا خانوویان دروست کردووە، کە ژووری عەمبارکردن (بۆ زستان و گەرمکردنەوە) لە پشتەوە یان ناوەوەیە..لە کاتێکدا ژووری دانیشتنی هاوینە لەسەر.. لێواری ماڵ یان ڕووی لە شەقام و ڕووەو دەریایە.

## فیلم




### Teen Wolf - هەرزەکارە گورگەکە

فیلمێکی ترسناك و ئەکشنە، باس لە یەکگرتنی شەیتان لەگەڵ گورگەکانی بە ناو هاوڵ دەکات، دوای ئەوەی یەکێك لە گورگەکانەوە بە ناوی سکۆت ماکال بەرەنگاریان دەبێتەوە و ناهێڵێت ببنە خاوەن بەهێزترین وزە و هێز، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ٢٠ خولەکە، لە مانگی یەکی ئەمساڵ بەرهەم هێنراوە و لە ئێستادا نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی ڕۆسێل مولکاهی، لە نووسینی ئێدوارد ئەبرۆمس، لە نواندنی تایلەر پوسۆی، کریستاڵ ڕاید، تایلەیر هاوچین، شیلی هینگ، ڤینس ماتیس، هۆڵاند ڕۆدین.



## پەند و وتە

هێرتا مولەر، نووسەری ڕۆمانی - ئەڵمانی، شاعێر و وتارنووس، لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری ناتچیدۆرف لە ڕۆمانیا لە دایکبووە و تاوەکو ئێستا لە ژیاندا ماوە، دەربارەی بێدەنگبوون دەڵێ: «کاتێك بێدەنگ دەبیت، ناتوانیت بە ئاسانی ڕاستییەکان بشاریتەوە، بۆیە هەڵبژاردنی بێدەنگی زۆر لە درۆکردن باشترە و هەڵبژاردنێکی درووستە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سێ کەس هەن، بە جۆرێك وێنەیان گرتووە کە وەك ئەوەی سەراوژێر بن، کەچی لە ڕاستیدا وا نین و ئاسایین، هەوڵ بدە بزانیت وێنەکە چۆن گیراوە.

**شایان** ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنیت، چونکە هەوڵێکی زۆرت داوە و ماندوو بوویت، لە ڕووی سۆزدارییەوە لێکتێگەیشتنێکی باش هەیە لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا، زیاتر گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بدە.

**دووپشک** ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ڕووداوەکانی ئەمڕۆ بە خواستی تۆ نابن، ڕەنگە کەمێك هەست بە خەمباری و نیگەرانی بکەیت، ئەمەش کاردەکاتە سەر پیشەکەت، ئەم ماوەیە سەرکێشی مەکە و کاری مەترسیدار ئەنجام مەدە، زیاتر لە ڕووی بیرکردنەوە و پلانی پێشوەختەوە کارەکانت ئەنجام بدە.

**کەوان** ١١/٢٢ - ١٢/٢١

باشترە هاوسەنگییەك ڕابگریت لە نێوان داهاتەکەت و خەرجییەکانتدا، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە ئێستات بەردەوام بیت تووشی گرفتی دارایی دەبیتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە خاوەن کارەکەت بەرپرسیارێتیی زیاترت پێ دەسپێرێت، هەوڵ بدە لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا بیت.

**گیسک** ١٢/٢٢ - ١/١٩


چانسی ئەوەت دەبێت بتوانیت دوژمنەکانت کۆنترۆڵ بکەیت و ڕێگری بکەیت لەوەی زیانت پێ بگەیەنن، لەلایەنی پیشەییەوە زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە بگەیت بە ئامانجەکانت، ئەمەش دڵخۆشت دەکات، بە وریاییەوە هەنگاو بنێ و چاوەڕوانی ئەنجامی باش بکە.

**گۆزە** ١/٢٠ - ٢/١٨

لە لایەنی داراییەوە خەرجییەکانت کەم بکەرەوە و چیتر کەلوپەلی ناپێویست مەکڕە، دەنا زیانت پێ دەگات، بەهۆی نیگەرانییەوە ئەم ماوەیە کەمخەویت، هەوڵ بدە ئەو کاتەی بڕیار دەدەیت کۆنترۆڵی مێشکت بکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە ئامۆژگاری دەکرێیت لە بەرپرسیارێتی ڕانەکەیت.


**نەهەنگ** ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕووداوەکانی ئەم کۆتاییە نەرێنی بوون و خەمباریان کردوویت، هاوڕێکانت و کەسانی چواردەورت هانت نادەن و پاڵپشتیت ناکەن، هەربۆیە چاوەڕێی زۆریان لێ مەکە، دەنا زیاتر نیگەرانت دەکات، هەر بڕیارێك کە دەیدەیت، بە هشیارییەوە بیدە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan May 15, 2023 Issue,No.1364

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626